# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود -
باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# کارل مارکس

**بەرگی یەکەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 49 )

# ماركسیزم و ناسیۆنالیزم

تام لۆیز

له فارسییه‌وه: شه‌ماڵ

«لەفەرهەنگی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکارانی وڵاتانی چەوسێنەردا بە پێویست دەزانـرێ، کە بایەخێکی تایبەتی بدرێ بە پشتیوانی و پشنگیری لە خەباتی گەلانی چەوساوە بۆ ڕزگاری و جیابوونەوە، بە بێ ئەمە ئەنترناسیۆنالیزم بوونی نییە.»کۆبەندی باسەکانی سەبارەت بەمافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین.» و.ا.لینین

ئێمپریالیزم پلەیەکە لە نیزامی سەرمایەداری، کە لەوێدا چەند وڵاتێکی دەوڵەمەند وڵاتانی جیهان دەخەنە ژێر ڕکێف و کونترۆڵی خۆوەو دەسەڵاتیان بە سەردا دەکەن، ئەمپریالیزم لە نیوەی سەدەی دووهەمەوە پێک هات، بەڵام سروشتی بێ بەزەیی ئەو پرۆسەیەکی لەگەڵ خوی هێنا کەئەمرۆژە پێی دەگوترێ گولوبالیزاسیۆن(جیهانی بوونی سەرمایە). ئەمە بەم واتایەیە کە ئێمە هەروا لە دنیایەکدا دەژین، کە تیایدا وڵاتانێکی زلهێز، کە ژمارەیان بەڕادەی قامکەکانی دەستە لە هیزی ئابووری و سەربازییان کەڵک وەردەگـرن بۆدەست بە سەرداگرتن و خستنە ژێر چەپووکی گەلانی لاواز، هەروەها بەم واتایەشە کە دنیای ئەمرۆژەی ئێمە گۆڕەپانی ڕمبازێنی ولاتانی زل هێزە. ئەم وڵاتانە پەیتا پەیتا دەکەونە بەرانبەرکێ لەگەڵ یەکتردا و هەڕەشە لە یەکتر دەکـەن و خۆڕێک دەخەن بۆ شەڕ و دەست بە شەڕ دەکەن. شەڕێکە مەبەست و ئامانجی دەرپەڕاندنی بەرانبەر و ڕەقیبەکەیە لە گۆڕەپان، بۆئەوەی کە خۆی

ببێنە یەکەم کەسی ئەم گۆڕەپانەی ڕووتاندنەوەو تاڵانی ئەمپێریالیزمە. ناسیۆنالیزم یەکێک لە دواهاتەکانی ئێمپێریالیزمە، هەروەها سەرمایەداری لە هەموودنیادا لە پەرە سەندندایە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە خۆڕاگریەکانیش. هەستانەوەی کرێکاران و جووتیارانی وڵاتانی هەژار کە لە لایەن ئێمپریالیزمەوە دەچەوسێنرێنەوە لە سەرەتاوە پێکهاتەیەکی ناسیۆنالیستی بە خۆوە دەگرێت. هەربۆ ئەمەیە کە بۆ سوسیالیستەکان زۆرگرینگە کە بزانن چۆن هەڵس و کەوتێکیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا هەبێت و چۆن ئەمڕۆژە خەباتگەلی جۆراوجۆر بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی هەڵسەنگێنن.

سوسیالیستەکان ئەنترناسیۆنالیست ونێونەتەوەیین و چینە کۆمەڵایەتیەکان بە هۆکاری دابەشبوونی جیهان پێناسە دەکـەن، لە کاتێکدا ناسیۆنالیسنەکان(نەتەوەگەراکان) باوەڕیان وایە کە دنیا بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان دابەش بووە. بۆ سوسیالیستەکان چەرخەی بزاڤی مێژوو خەباتی چینایەتیە نەک پێناسەی نەتەوەیی، و سەرمایەداری چینێکی جیهانی لە کرێکاران پێکهێناوە کە دەبێت لەگەڵ سەرمایەداری جیهانیدا شەڕ بکات، بەڵام ئێمپریالیزم شتێکی دیکەشی بەرهەم هێناوە. لە جیهانێک دا بە بوونی نەتەوەگەلی دەوڵەمەندو هەژارەوە پێناسە دەکرێت، نەتەنیا ناسیۆنالیزمی چەوساوەکان وەکوو سومبولی خۆڕاگری بە دژی سەرمایەداری جیهانی خۆ پیشاندەدات، ناسیۆنالیزمی وڵاتانی چەوسێنەر لە لایەن خاوەن کارەکان و ڕامیاران و سیاسەتوانانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و لەوەش لە بۆلایەنی بەرژەوەندی ئەمپریالیستی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەوەش زۆرتر توێژێک لە کرێکارانی وڵاتانی زاڵ بوو و دەسەڵات دار وا بیر دەکەنەوە کە ئەوانیش لە چەوساندنەوەی ئێمپریالیستی وڵاتانی

لاواز کەڵک وەردەگرن. ئەم ناسیۆنالیزمی وڵاتانی چەوسێنەر و ستەمکارە لەمپەرێکی جددی پێکدێنێت لە ڕێی یەکیەتی نێونەتەوەیی کرێکاراندا کە هۆکاری سەرەکی و پڕگرینگە بۆ سەرکەوتن لە خەبات دژی سەرمایەداری جیهانیدا.

ئەگەربەمشێوەیە جاچۆن سوسیالیستەکان وەکووئەنترناسیۆنالیست ونێونەتەوەییەک خۆیان پێوەند دەدەن لەگەڵ جیهانیکدا کە لەنێوان نەتەوەکانی ستەمکارونەتەوەکانی ژێرچەپووکەدا دابەش کراوە؟ سوسیالیستەکان هەندیک جار بە هۆی ئەوەی کە پیشانئەدەن کە لە تێگەیشتنی سیاسەتەکانی لەپیوەند بە کێشەی نەتەوایەتی دا دائەمێنن، دەکەونە بەر سەرکۆنەو ڕەخنە لێگرتن. لەکاتێکدا کە نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ چوارچێوەیەکی بایەخدار دیاری دەکات کە تیایدا پیشان دەدات کە سوسیالیستەکان بە باشی لە پێچاوپێچی جیهانێکە لەوێ هاوکات لە گەڵ بوونی نەتەوەکان و جیهانی بوونی

سەرمایەدا پێناسە دەبێت تێدەگەن. ئەم بابەتە تێدەکۆشێت باسەکانی لینین لە بەرگری و پشتیوانی لە «مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان» کە ناوەندی قورسایی مارکسیستەکان لەڕوانین بەکێشەی نەتەوایەتیش دەگرێتەوە خۆ بکاتەوەو راڤەی بکات.

**مارکس وئەنگڵس و کێشەی نەتەوایەتی**

«هیچ گەلێک ناتوانێت ڕزگاربێت ئەگەر چەوسێنەری گەلانی دیکەبێت.»

فردریک ئەنگڵس

«ئەوگەلەی کەگەلانی دیکە دەچەوسێنێتەوە زنجیرەکانی دیلیەتی خۆی پتەوتر دەکاتەوە.»

کارڵ مارکس

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدە بزووتنەوەگەلێکی مەزنی نەتەوەیی ڕووخاندن و سەرەوژێربوونی فێئودالیسم و دەسەڵاتی تاهەتایی پاشایەتیان بەرەو لە نێوبردنی لەمپەرگەلی ئابووری و ڕامیاری و سیاسی یان نوێنەرایەتی دەکرد بۆ پەرەگرتنی تەواوی سەرمایەداری.لە بەشێکی هیچ و گەڕۆکی ئابووریەوە خەریکی تێپەڕین بوو بەرەو سیستەمێکی بەهێزی بەرچاوی کۆمەڵایەتی. بۆ پتەوکردنی ئەم گۆڕانکاریەو ئامادەکردنی هەل و مەرجی دووبارەبەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێویست بە شێوازێکی نوێ لە دەسەڵات بوو. ئەم شیوازە نوێیەی دەسەڵات نەک لەسەر بناغەی باوەڕ و وەفاداربوونی کەسێک بە بنەماڵەیەکی پاشایەتی(سەڵتەنەتی) بەڵکوو هەر لە پێش دا لە سەر بناغەی زمان، خاک و مێژووی هاوبەش و هەروەها لەسەر بنەڕەتی چارەنووسی هاوبەش ڕاوەستاوبوو.

سەرکەوتنی دوایی کاپیتالیسم بە سەر فێئودالیزم دا سەرەتا لە ئەورووپاو دوایی لە تەواوی کیشوەرەکاا پەیوەندیەکی چڕوپڕی لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بوو:»بۆ سەرکەوتنی تەواوی بەرهەمهێنانی کەل و پەل ، دەسمایەداری دەبێت بازاڕی نێوخۆیی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو ئەوێ لە بواری ڕامیاری سیاسیەوە دەبێت ناوچەیەکی یەکە و یەکگرتوو بێت کە خەڵکەکەی بە زمانێک قسە و ئاخافتن بکەن.(ئەم زمانە هاوبەشە پێوەندیەکی نزیک لە نێوان بازاڕو خاوەن کەرەسە، خاوەنەکان بەیەکەوە، بچووک و گەورە، و لە نێوان فرۆشیارو کڕیاردا پێک دێنێ).»1ناسیۆنالیزم لە بواری ناڤۆکی ئایدۆلۆژیکیەوە، کە بۆ داسەپاندنی زمانێکی فەرمی و سنووردانانە دەستکردەکان لەسەر بناغەی هاوبەش پێویست بوو ئەم ڕێگەیەی خۆش کرد. جیاواز لەوە لە نێو بزووتنەوەگەلی نەتەوەییدا داخوازیێکی تایبەت بۆپێکهێنانی حکوومەتی نەتەوەیی لە زۆربووندا بوو. ڕێک بە

هۆی ئەوەی کە حکوومەتێکی نەتەوەیی بە شێوازێکی دڵخواز دەیتوانی کۆمەڵگا بکێشێتە لایەنی مودیرنیزاسیۆن دا و بۆ وێنە بەرەو کۆمەڵگای سەرمایەداری بباتٔ. هەربەم هۆیەوە تەواوی ڕێبەرانی مارکسیستٔ لەوتەو باسەکانیاندا قایل بوون بە باسە نەتەوەییەکان کە «حکوومەتی نەتەوەیی بۆ پلەی سەرمایەداری تەواو نۆرماڵ و جیگای تێگەیشتنە.»2 مارکس و ئەنگلس لە زەمەنی خۆیاندا پشتیوانیان لە زۆربەی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی کرد. هەروەها ئەوان چاوی خۆیان نەقوجانجدبوو لە پێناو ئەوهەژاری و هەناسەسەردیەی کە سەرمایەداری لەگەڵ خۆی هێنابووی، بەڵام ئەوان ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە سەرمایەداری دەیتوانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە پلەیەک لە پێشکەوتن و پەرەسەندن کە لە دەسەڵاتی فێئۆدالیدا جێگای بیر لێکردنەوەش نەبوو. ئەوان دوایی بینیان کە سەرمایەداری توێژێک لە بەرهەم هێنەرانی هێناوەتە بوون، چینی پێشڕەوی کرێکاری کە یەکەمین جار لە مێژوودا یەکگرتوو بوو. بەهۆی ئەم یەکبوونەوە ئەم چینە چوارچێوەی دەسەڵاتی دیموکراتیکی دەپاراستٔ. لەڕوانگەی مارکس و ئەنگلسەوە هەرسەرکەوتنێکی سەرمایەداری بەسەر دەرەبەگایەتیدا هەوڵدەری مرۆڤ بووبەرەو پێش و ڕزگاربوون لە بەندوبەستگەلی مادی و ڕامیاری. لە دەورانی ژیانی مارکس و ئەنگلس دا، ڕووسیاو ئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ سەرەکی ترین وڵاتانی ستەمکار بوون. ڕووسیا بە زۆر دەسەڵاتی دەکردە سەر پۆلۆنیادا ولەساڵی 1849ش شۆڕشی دیموکراتیکی مەجارستانی سەرکوتکردبوو.

ڕووسیاو هاپسبۆرگ بە هاوپەیمانەتی دەستیان وەردەدایە کاروباری نێوخۆیی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بە مەبەستی پێشگرتن لە یەکگرتووییان.

مارکس و ئەنگلس پشتیوانیان دەکرد لە تەواوی ئەو بزووتنەوە

نەتەوایەتیانەی کە بە دژی تزاریەکان و ئێمپراتوریەتی هاپسبۆرگ سەریان هەڵینابوو، هاوکاتیش دژی هەر بزووتنەوەیەکی دیکە بوون کە بووبوو بە گۆپاڵی دەستی تزاریەکان وئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ.3مارکس وئەنگڵس تائەوێ چوونە پێش کە بانگەوازی شەڕی شۆڕشگێڕانەیاندا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە لەهێندستان، مەجارستان، ئەڵمانیاو ئیتالیا. ئامانجیشیان بەدەستهێنانی سەرکەوتن بوو بەسەر پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپاو خۆشکردنی ڕێگا بۆ پەرەسەندنی تەواوی دیموکراسی بۆرژوازی بەمەبەستی ڕێ خۆشکردن بۆخەباتی چینی کرێکار بە دژی سیستەمەکە.4 بە هەرحاڵ شوناسی مێژووی گەشەکردووی بۆرژوازی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فێئۆدالیزم بەم واتایە نەبوو، کە مارکس و ئەنگڵس بە شێوەیەکی خۆبەخۆ(ئوتوومانیک) پشتیوانی و بەرگری لە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بکەن. ئەوان دژی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی باشووری سواکی ، سیربەکان، کورواتەکان و چێکەکان بوون لەکاتی شۆڕشی 1848دا.

هۆکاری دژبەربوونیشیان ئەمە بوو کە ئەم بزووتنەوەگەلە وەکوو کەرەسەیەک یارمەتی دوژمنی سەرەکی واتە هێزی کوروڤاسییان دەکرد، هێزێکە زۆرتر ڕقیان لە مەجارەکان دەبووەوە تاوەکوو ئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ، ئەوان هەروەها یارمەتی هێزی تزاریان دا لە داگیرکاری مەجارستاندا، هێزی چێک دەورێکی تایبەتی بوو لە سەرکوتی شۆڕشی ڤیێنادا.5

لە کاتی سەرهەڵدانە گەورەکەی 1857لە هێندستان مارکس و ئەنگڵس وەکو ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی پشتیوانیان لێوەکرد. هەرچەند کە دەیانزانی کە لەوێ بەریتانیا لە کاتی تێپەراندنی پرۆسەی لە نێو بردنی فێئۆدالیزمدا بوو. مارکس و ئەنگڵس ئیزنیان نەدەدا کە بارودۆخ و ستانداردگەلی ئابووری بۆیان

دیاری بکاتێ کە لەکام بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرگری بکەن و لەکام بەرگری نەکەن، بەڵکو ئەوان پشتیوانی کردن یان پشتیوانی نەکردنی خۆیان لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەی ڕێک و پێک و هەمەلایەنەی ڕامیاری سیاسی لە هەر بزووتنەوەیەک، لە ناوەرۆک و کاریگەریە نێونەتەوەییەکانی دانابوو. بابەتی ئیرلەند کاریگەریەکی زۆری کردە سەر بیرکردنەوەی مارکس وئەنگڵس و بوو بە هۆی گەشەکردنی هزری ئەوان لە بابەتێ کێشەی نەتەوایەتیەوە. سەرەتا مارکس و ئەنگڵس بۆچوونیان وابوو، کە پەرەسەندنی سەرمایەداری هەم لە ئەوروپاو هەم لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا لە گرنگی حکوومەتی نەتەوەیی و بەم هۆیەشەوە، لە بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کەم دەکاتەوە.»جیاوازیە نەتەوەییەکان و دژایەتی و دژبەری لە نێوان خەڵکی دا ڕۆژانە لە کەم بوونەوەدایەو ئەوەش بەرهەمی پەرەگرتوویی سەرمایەداری، بازرگانی بەرهەڵا، بازاڕی جیهانی و یەکجۆربوونی شێوەی بەرهەم هێنان و کاریگەرێتی بە سەر شێوازو ئاستی ژیانەوەیە.»6 لەم ڕێگایەوە ئەوان وەکوو تەنیا ڕێگای بنەبڕکردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی چاویان لە سوسیالیزم دەکرد. «لەچوارچێوەیەک دا کە کەڵک لێوەرگرتنی کەس بە دەستی کەسانی دیکە نامێنێ، هەروەها چەوساندنەوەی گەلێک بەدەستی گەلێکی دیکە لە نێودەچێت.7

کاتێک کەدژبەرایەتی چینایەتی نەمێنی، زۆرگوتن و زۆرداری نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی دیکە تەواو دەبێت. لە تێڕوانین و باوەری هەم مارکس و هەم ئەنگڵس دا ڕاستیگەلێک شاردراوەتەوە کە جیاوازیگەلی نەتەوەیی بە هۆی جیهانی بوونی سەرمایەوە کەم دەبێتەوە و لە ئەوانەوە تەنیا بە سەرخستنی سوسیالیزمە کە کێشەی نەتەوایەتی بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە بنەبڕ دەکرێت. بەڵام مارکس و ئەنگڵس دوایی تێگەیشتن کە

هەندێک جاران لەوانەیە بتوانرێت ڕزگاریگەلێکی بۆرژوا دیموکراتیک لە وڵاتگەلێکی کەمتر پەرەگرتوودا بە دەست بێت، بە بێ ئەوەی کە باسێک لە شۆڕشی سوسیالیستیشەوە لە نێوان دا بێت، هەروەها ئەوان تێگەیشتن کە سەختی و دژواری بنەبڕکردنی باوەڕی ناسیۆنالیستی کریکارانی وڵاتانی پەرەگرتوویان بە کەم گرتبوو.

سەرهەڵدانی دووبـارەی خەباتی نەتەوەیی ئیرلەند لەساڵگەلی 1960، مارکس و ئەنگڵسی خستە سەر ئەوەی کە گۆڕان لە ڕوانگە و بۆچوونی خۆیاندا پێکبهێنن و بیگونجێنن. لە ڕاستیدا ئەوان ناچار بوون، کە کەمتر لە گۆشەنیگای خەباتی سەرمایەداری بە دژی فێئۆدالیزمەوە بڕواننە کێشەی نەتەوایەتیەوە. بەڵکوو زۆرتر لە گۆشەڕوانینی خەباتی نێوان هێزەئێمپریالیستیو وڵاتانی ژێرچەپووکە(موستەعمێرە)وە بەشوێن ئەم کێشەیە بکەون.

مارکس سەرەتای نۆڤەمبەری 1867لـە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس نوسیبووی:»من پێشووتر وام بیر دەکـردەوە کە جیابوونەوەی ئیرلەندو بەریتانیا نەشیاوە، بەڵام ئێستا وای بۆ دەچم کە ئەم جیاییە جیگای بەر پێگرتن نییە، هەرچەند کە دوای جیابوونەوە لەوانەیە دووبارە بە شیوازی فدراسیۆن بچنەوە پاڵ یەک.»8 لە دوایی ئەو مانگەدا ئەو ڕوونی کردەوە کە شتێک کە ئیرلەندیەکان پێویستیان پێ هەیە حکوومەتی خۆیانەو جیابوونەوە لە بەریتانیایە.9 دووسـاڵ دوایی لەبۆ دکتۆر گوڵمەنی نووسی:» چینی کرێکاری بەریتابیا تاکاتێک کە شێوازی هەڵس و کەوت و ڕوانگەی لە پێوەند بە ئایرلەنداوە بەگشتی لە هەڵس وکەوت و کردەوەی چینی دەسەڵاتدار جیانەکاتەوە ناتوانێت گۆڕانکاریەکی گرینگ پێک بێنێت، نەک تەنیا دەبێت لەگەڵ ئایرەلەندیەکان دا جیگای خەباتی هاوبەش بە ئامانجەوە بنیات

بنێن، بەڵکوو دەبێت داهێنان و هەڵوەشاندنەوەی فەرمی یەکگرتوویەک کە لە 1801دا پێکهاتبوو بگرنەدەستەوەو، ئەم بزاڤە نابێت لە دڵسووتانەوە بە ئایرلەندیەکانەوە بەئەنجام بگات، بەڵکوو وەکوو داخوازیەک لەلایەنی بەرژەوەندی کرێکارانی بەریتانیاوە بێتەگۆڕێ. ئەگەر ئەم کارەنەکەن، چینی کرێکاری بەریتانیا بۆ تاهەتایە دەکەوێتە ڕیزی یەکگرتوویی جیانەبووەوەی چینی دەسـەڵاتـدارەوە، چونکە ئـەوان ناچار دەبـن بکەونە بەرەیەکی هاوبەشی دەسەڵاتدارانەوە بە دژی ئایرلەندیەکانەوە.»10 لێرەدایە کە مارکس دەگاتە تێڕوانین و زانیاریەکی سەرەکی کە دواییەکان ژێربناغەیەکی پتەو دەبێت بۆ لینین لە لایەنی بەرزبوونەوەی ڕوانگەی سوسیالیستیەوە لە پێوەند بە چەوسانەوەو کێشەی نەتەوایەتییەوە. «بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی کرێکارانی وڵاتانی چەوسێنەر و ستەمکار گرێیان دەداتە دەسەڵاتدارانیانەوەو بەم کارە تەنیا لەتمە لە خۆیان دەدەن، لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی گەلێکی چەوساوە دەتوانێت ڕێنمای ڕێیان بێت بەرەو لایەنی خەبات لە گەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەدا.»11

## کۆنگرەی 1903

مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ تەواوی نەتەوەکان لەوانە ئەوانەی کە کەوتوونەتە سنووربەندی وڵاتێکەوە،(بەندی9 ی بەرنامەی حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی رووسیا)1903. حزبی کریکارانی سوسیال دیموکراتی رووسیا ئەوحزبەی کە لینین تێیدا ئەندام بوو لە ساڵی 1903بانگەوازی دووهەمین کونگرەی ڕاگەیاند، نوێنەران بە شێوەی نهێنی لە بڕوکسل وپاشان لە لەندەن، لە جێگایەک کە بە هۆی گوشاری هێزی پۆلیسی بلژیکاوە ناچار بوون بمێننەوە لەوێ، کۆبوونەوە دەوری یەک. ئەم

کۆنگرە لەم بوارەوە بوو بە جیگای بایەخ پێدان و خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی مارکسیستەکاندا، چۆنکە لەوێ بلشویکەکان(زۆرینە) بە هۆی جیا بوونەوەیەک لە منشویکەکان(کەمینە) بوونی خۆیان ڕاگەیاند , بەڵام کۆنگرە بە هۆیەکی دیکەش شوێنگەی مێژووی خۆی پاراست. بە تایبەت ئەوەی کە بوو بە فرۆمێک کە لەوێ باسگەلێکی گرینگ لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی بەر لە دەست پێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئەنترناسیۆناڵ(نێونەتەوەی)ی دووهەم لە ساڵی 1914دا هاتبووە ئاراوە. لەوێ دوو تەوەرە کەوتە بەرباس وخواست

لێوە کردن، هەرکام بە ناوەرۆکێکی گرنگ و کاریگەری دانەرەوە. یەکەمین تەوەرە لە پێوەند بە کۆمەڵی (لەیگ)ی کرێکارانی جوو(یەهوود) و ڕێکخراوی حزبی و دووهەمین تەوەر لە پێوەند بە جیابوونەوەی پۆلۆنیا لە ڕووسیا بوو.

کۆنگرە بە خستنە بەر باسی یەکەمین تەوەرە کە لە پێوەند بە داخوازی کۆمەڵ بوو بۆ بەفەرمی ناسرانی وەکوو نوێنەری تایبەتی کرێکارانی جوو دانیشتووی ڕووسیا دەستی بە کارکرد. جوولەکەکان بەڕەوشێکی تۆقێنەر لە تەواوی ماوەی تەمەنی ئێمپراتووریەتی ڕووسیادا لەژێر گوشار و زەبر و زەنگ دا بوون و لەژێر سنووربەندگەلی یاسایی ڕەق و وشک و تۆقین لەکوشتاری بەکۆ و ڕێکخراو ژیانیان دەکرد. کۆمەڵ لە سالی1897 دا لە لایەن سوسیالیستگەڵیکی یەهوودیەوە دامەزرابوو و هەر زوو دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەو ڕێکخستنی کرێکارانی یەهوودی لەلیتوانی، پۆلۆنیا وڕووسیا. (تەواوی ئەوهەرێمانە کەوتبوونە دەستی ئێمپراتووریەتی تزارەوە.) ئەندامانی کۆمەڵ شۆڕشگێڕانێکی نیازپاک و بێ فرت و فێڵ بوون کە لێبراوانە نایان بە زایۆنیزم گوتبوو کە ئەویش لە ساڵی1897دا پێک هاتبوو و

به دروستی به شێوازێک له ناسیۆنالیزمی دواکەوتوانەیان دەزانی .12 کۆمەڵ له یەکەمین کۆنگرەی حزبی کرێکارانی ڕووسیا واتە لەساڵی 1898ولەسەر بناغەی»خودموختاری» پێوەست بووبوون به حزبەوە. به هەرحاڵ حزب زۆر زوو دوای کۆنگرەی 1898نایاسایی ڕاگەیەنراو ناچار بوو که به شێوەیەکی نهێنی و ژێرزەوینی چالاکی بنوێنێ. لەوە بەولاوە بەشە جۆراوجۆرەکانی حزب بوون به نافەرمی و زۆرتر بەشەجۆراوجۆرەکانی حزب وەکوو ڕیکخراوێکی سەربەخۆ کاریان دەکرد.

له کۆنگرەی 1903دا کۆمەڵ کەوتە ڕوونکردنەوەی جێگای لەحزب دا ولیبر وەکوو وتەبێژی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵ ڕوونکردنەوەی دا که ئێستا ئیدی دەستەواژەی «خودموختاری زۆر ناڕوون و لێڵە و داوایکرد که به جێگای ئەم دەستەواژەیە پێوەندی کۆمەڵ لەگەڵ حزب دا له سەر بناغەو بنچینەی فیدراسیۆن ڕێکبخرێ.» له چوارچێوەی «خودموختاری دا» کۆمەڵ له ماف و مەزایای زۆر بەهرەمەند بوو. مافی ڕێکخراو و گرۆپە لاپاڵەکانی خۆی هەبوو، ڕۆژنامەی خۆیان به زمانی دایکی بڵاو بکەنەوەو چەندەها بەهرەی دیکە13 ،هەروەها ئەوان مافی پێڕاگەیشتن به چالاکیەکانی خۆیان هەبوو بەبێ دەست تێوەردانی کەم و وردی کومیتەی ناوەندی حزب، بەڵام له ژێر»فیدراسیۆن»ی خوازراویاندا نه کۆمیتەی ناوەندی حزب و نه سەروترین جێ باوەڕ و متمانەی حزب واتە کۆنگرەی هەڵبژێردراوی حزب توانای گۆڕانی ساغ بوونەوەگەلێکیان نەبوو که کۆمەڵ له کێشە و گیروگرفتی له پێوەند به کرێکارانی یەهوودی دەیهێنایە ئاراوەو پەسەندی دەکرد. له بواری ڕێکخراوەییەوە، کۆمەڵ وەکوو لەشێکی سەربەخۆ کاری دەکرد. لەبنەڕەت دا گەڵاڵەکردنی «فدراسیۆن» بەم مەبەستەوە بوو که کۆمەڵ بتوانێت بەرژەوەندی کرێکارانی یەهوودی وەکوو توێژێکی چەوساوە له نێو

حزبدا پارێزراو ڕابگرێ. لیبر ڕاستیەتی پێویستی بوونی پێکهاتەی سەربەخۆی کرێکارانی یەهودی کە لەسەر بنەچەو بناغەی نادڵنیابوون لە حزب ڕاوەستابوو بەم شێوە باس دەکرد: «کرێکارانی جوولەکە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ کرێکارانی دیکەدا زۆر زۆرتر حەز و خۆزیایان هەیە لە بۆ لەنێو بردن و خەباتکردن بە دژی ئەو بەربەستە تایبەتیانەی داسەپاوەتە سەریان داو بەم هۆیەوەیە کە خەباتکارێکی لێبڕاوترن بە دژی ئەم چەوسانەوەیە.14

ترۆتسکی کەخۆیشی یەهودیەک بوو بەهێزەوە وەڵامی ئەومشت و مڕەی لیبری دایەوە: «ئەگەر کۆمەڵ دڵنیایی لەحزب نیە و داخوازی دلنیایی دەکات، ئەمە ئێمە دەتوانین بزانین، بەڵام ئێمە چۆن ئیمزای خۆمان بدەینە ئاوەها داخوازیەک و پەسەندی بکەین؟ ئەم کارە ئازادی کارپێکەری ئێمە و جێگرانمان بۆ بڕیارو ساغبوونەوەکان سنووردار دەکاتەوە، و بۆچی؟ ئەگەر ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە بەر بەپێشێلکرانی مافی ڕەوای کرێکارانی جوولەکە لە لایەن

حزبەوە بگیردرێت، و ئەگەر مەبەست ئەوەیەو ئێمە بمانەوێ دڵنیایی بدەینە خۆمان بۆ خەیانەت نەکردن، بە پەسەند کردنی ئاوەها داخوازیەک و هەل و مەرجێک ئەمە دەگەیەنێت کە ئێمە لە تێکشکانی ڕامیاری سیاسی و ئاکاری خۆماندا زانیاریمان هەیە. ئەمە بە واتای خۆکوژی ڕامیاری و ئاکارو ڕەوشتیشەو کۆنگرە ئەم کارە ناکات.»15

لینین لە وتەکانی دا سەبارەت بەم باسە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی باسکرد لە چەمکی ڕێکخراوی خوازراوی کۆمەڵ بۆ بوونی نوێنەرایەتیەکی تایبەتی بە کرێکارانی یەهوود. ئەو باوەڕی وابوو کە «پەسەند کردنی پێشنیارێکی ئاوەها ڕادەی کەلەبەرەکانی نیوان حزب زۆردەکاتەوە.» هەمان ئەو کەلەبەر وجیاوازیانەیە لە نێو کرێکاراندا،

که کۆمەڵگەی چینایەتی بیبەزەییانە بە شوێن داسەپاندنیەوەیە. فدراسیۆن زیانبەخشە چۆنکە دابەشبوون و لەت لەت بوون و لەیەک دوورخستنەوەی پیەوەیە و ئەوانە تا پلەی پرنسیپ و یاسای سواو دەباث. لە ڕاستی دا لە یەک بێگانە بوون لە ئێمەدا بوونی هەیە، و ئیمە نابێث پێشنیاری بکەین و ساغی بکەینەوە، یان بە گەڵای هەنجیر دایپۆشین.((لە کۆن دا کۆئەندامی زاوزێیان بە گەڵای هەنجیر دادەپۆشا))((1))، بەڵکو دەبێث بەربەرەکانێ لە گەڵ بکەین. ئێمە دەبێث بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە پێ لەسەر ئەوە دابنین و ڕاشکاوانە پێویستی لێبڕاوانە بۆ گەێشتن بە یەکگرتووی شیاو و بە پێی توانا ڕابگەیەنین. ئێمە هیچ نێوان و دیوارو لەمپەری زۆرەکی و ناچاری بە فەرمی ناناسین و، بۆ ئەمەیە کە ئێمە فدراسیۆن وەکوو بناغە و پڕەنسیپ دەدەینە دواوە.16

لینین بۆ دیاری کردنی ئەوەیکە زۆربـەی گرۆپە جیاوازەکان لە نێو حزب دا پێک دێن ئاوەها درێژەی بە باسەکەی دا:»گرووپگەلێک لە هاوخەباتان بە تەواوی لەسەر بەرنامە، تاکتیک، یان ڕێکخراو یەکجۆر بیرکردنەوەیان نییە.»17 بەڵام ئەو باوەڕی وابووکە دەبێث تەنیا حزبیک هەبێث کە تیایدا ئەم جیاوازیانە سەرهەڵبداث:»ئیزن بدەن کە تەواوی ئەندامان کە بیرکردنەوەیان نزیکە لە یەک بە جیگەی ئەمەی کە گرۆپگەلی جۆراوجۆر لە بەشێک لە حزب جیا لە گرۆپگەلی تر لە بەشی دیکە لە حزب پیک بێنن و پاشان یەکگرتوویەک لە نێوان بەشگەلی پێکهاتەکە دا کە هەرکامیان لەگرۆپگەلی جۆراوجۆری دیکە پیکهاتوون پێک بێنن، تەنیا لە گرۆپێکدا کۆببنەوە.»18

لینین دوایین وتەی خۆی سەبارەث بە نادڵنیایی کۆمەڵ لە ناوەندی ڕێبەرایەتی حزب بەمجۆرە دەربڕی:»حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی

ڕووسیا لەسەر بناغەی «سانترالیزمی دیموکراتیک» ڕێکخراوە.» بە واتایەکی دیکە حزبێک بوو کە لای زۆری دەرفەت و ئیمکاناتی بۆ باس و خواسەکانی ناوخۆی پێکدەهێنا، بەڵام دوای ئەوەی کە لەسەر مەسەلەیەک ساغ بوونەوە دەکەوتە دەست زۆربەی دەنگ هەموو وەکوو یەک دەست بەکار دەبوون. لینین ڕوونی کردەوە کە «سانترالیزم» لە کاتێکدا کارایە کە هیچ نێوان و لەمپەرێک لە نێو ناوەند وئەوەکەی حزب و پیکهاتەدا تەنانەت لە دوورەدەسترین بەشیش دا بوونی نەبێت.»19 بە ناوەندی ئێمە مافی ڕەها دەدرێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەیەکەی ئەندامانی حزب دا پێوەندی بگرن. لە کاتێک دا هەربەش یان کومیتەیەکی حزبی دەبێت لە «خودموختاری» کەڵک وەرگرێ تاکوو ئازادانە و دوورلە دەست ئێوەردانی وردی ناوەندی چالاکی ئەنجام بدات.»20 لینین جەختی کردەوە کە»ناوەندی ڕیبەرایەتی دەبێت لێبڕاوانە لە هەرجۆرە بێ ئینتیمایی و خۆلێ دزینەوەو ساردبوونەوە لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی دا هەڵس و کەوتی جددی هەبێت.» ئایا بە ڕاستی کۆمەڵ وابیر دەکاتەوە کە حزب لە بەرانبەر بوونی ناوەندێک کە لە وردەکاری لەپێوەندبە ڕێکخراوەکان وگرووپگەلی حزبی دا دەست ئێوەردانی هەبێت ئارام دەگرێت؟ مەگەر ئەرکی گشتی حزب خەبات بۆ وێنە بۆ مافی یەکسانی تەواو و تەنانەت بۆ بە فەرمی ناسینی مافی گەلان لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دا نییە؟ لە ئاکام دا ئەگەر هەر بەشێک لە حزبمان لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە دا نافەرمانی بکات بێگومان جێگای ڕەخنە و

سەرکۆنەکردنە.»بە پشت بەستن بە پڕەنسیپەکانمان بێ گومان لە لایەن دامەزراوەکانی ناوەندی حزبەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ. هەروەها ئەگەر لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە لە ڕووی زانین و بە ئەنقەست نافەرمانی بکرێت، سەرەڕای بوونی دەرفەتی تەواو بۆ بەجێهێنانی، لەم کاتەدا ئەم

خۆلێ گێل کردنەی بەنیسبەت ئەرکەکەی بە خەیانەت دەژمێردرێت.»21 دوای سێ رۆژ لە باس و لێکدانەوە، کۆنگرەی 1903 بە داخوازی کۆمەڵ سەبارەت بەوەیکە کرێکارانی یەهوود نوێنەری تایبەتی خۆیان هەبێت،دەنگی نەرێنی دا و بەجێگای ئەوە دووبارە جەختی کردەوە کە حزب دەبێ»بە بێ هیچ هەل و مەرجێک کرێکارانی هەموو گەلان لە تەواوی ڕێکخراوەکان دا بخاتە یەک. بە بێ جیاوازی(ڕامیاری، یەکێتی بازرگانییەکان، هاوبەشی، خوێندکاری، و هیتد و هیتد....).»22 کۆمەڵ دوای جێهێشتنی کۆنگرە لە حزب چووەدەر. سەرەڕای ئەمە ڕادەیەکی زۆر لە کرێکارانی یەهوودی لە حزب دا مانەوەو لە لقە جۆراوجۆرەکانی حزب دا چالاکی خۆیان درێژە پێ دا و ڕووداوگەلی دوایی لە ڕووسیا پیشانی دا کە نادلنیابوونی کۆمەڵ بنەو بنەوانێکی نەبووە. کۆمەڵ هێواش هێواش دووبارە لکایەوە بە حزبەوە، هەرچەند کە هیچ کات دەستی لە هەڵس و کەوتە ناسیۆنالیستیەکەی بەرنەدا. دووهەمین باس لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی لە دەوروبەری ئەوەیکە دواییەکان کێشرایە بەندی 9ی بەرنامەی حزب دەوردرایــەوە: «مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین بۆ تەواوی گەلان، لەوانە ئەوانەی کە لە سنووربەندی وڵاتێکدان.»23 بەندی 9 خاڵی جیاوازی و لەمپەرێک بوو لە ڕێگای نزیکایەتی نێوان شۆڕشگێڕە سوسیالیستەکان لە پۆلۆنیا (کەسانێک کە ئەندامی حزبی سوسیال دیموکراتی ژێر دەسەڵاتی پۆلۆنیا_لیتوانی بوون وبەسوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا دەناسرانەوە) لەگەڵ حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیادا، حزبی پۆلۆنیایی لەوانە ڕوزالۆگزامبۆرگ دژی مافی دیاری کردنی چارەنووس بوو بۆپۆلۆنیا. شێوەی هزری وبیرکردنەوەی سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا بەشێک لەم ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە سوسیال ڕێفۆرمیستەکانی پۆلۆنیا کە سەر بە حزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا بوون،

دەیانگوت کە خەبات بۆ سەربەخۆیی و جیایی نەتەوەیی پۆلۆنیا لە ڕووسیا سەرتره بەسەر هەر خەباتێکەوە لەوانە خەباتی چینایەتی، بە وتەی حزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا بۆ بەرگری لە مەترسی پارچەپارچەبوونی یەکگرتوویی خەڵکی پۆلۆنیا پێویست بوو کەخەباتی کرێکارانی پۆلۆنیایی بۆڕزگاری خۆیان بکەوتایێنە پلەی دووهەمەوە. لەم لایەنەوە حزبی سوسیال دیموکراتی پۆلۆنیا بەدروستی باوەڕی بوو کەحزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا خەیانەتی کردووەتە بەرژەوەندی چینی نێونەتەوەیی کرێکاران بە شێوەی دیاری کراوو بەرچاوتریش بە یەکگرتووی کرێکارانی ڕووسیاو پۆلۆنیا. بەڵام سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا تەنیا بەم ڕادەربڕینە ڕازی نەبوون، ڕادەربڕینێکە لینین و زۆرینەی نوینەران بە دڵ پێی قایل بوون،بەڵکوو ئەوان پێیان نایە ئەولاتریشەوەو داواکار بوون کە داخوازی جیابوونەوە بۆ پۆلۆنیا بایەخی مێژووی لە دەست داوەو تەنانەت کۆنەپەرستانەیشە. چونکە پەرەگرتنی سەرمایەداری ئابووری پۆلۆنیا و ڕووسیای لەیەک هاڵاوەو کردوویەتیەیەک. بە شێوەیەک کە ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەیی لەهێسنان بە شێوەیەکی تەواو نیمەداشت کردوە. ڕوانگەی ڕامیاری سیاسی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەی خۆنووسین» لە ڕاستی دا بە شێوازی یەکسان لە جیهاندا مێژووی بەکارهێنانی بەسەر چووەو لە مۆد کەوتووە، ئێستا ئیدی بێ واتایە کە گەلان ئاواتی پێکهێنانی وڵاتی نەتەوەیی بخوازن ئەگەر لە پێش دا نەیانبووبێت. بە وتەی سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا تەواوی ئەو شتەی کە لەپێوەند بەکێشەی نەتەوایەتی دا لە چاخی ئێمپریالیستی دا مابێتەوە پێویست بە بەرگری لە ئازادی پەرەپێدانی فەرهەنگی هەرنەتەوەیەکە بە ڕێگای دیموکراتیزە کردنی ئەنیستیتۆکانی هەر وڵاتێکەوە کە لە مێژە ناسراوە.25

سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا پێیان لەسەر ئەوەداگرت کە بەندی 9 بەم شێوە گۆڕانکاری بەسەردابێت،»ئەنیستیتۆکان ئازادی پەرەپێدانی فەرهەنگی تەواوی نەتەوەکان لەوانە ئەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکە دان دەپارێزن.» هەرجۆربوو کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ دەنگی دایە نەگۆڕانی بەندەکەو بە هێشتنەوەی بە ڕوونی ڕایگەیاند کە»مافی دیاری کردنی چارەنووس» مافێکی ڕامیاری سیاسیە، نەک مافێکی فەرهەنگی. هەروەهاکە نوێنەرێک کە دەنگی بە زۆرینە دابـوو روونـی کـردەوە: «لەجیگایەک کە کێشەی شوناسی نەتەوەیی لە گۆڕێ دایە ئێمە تەنیا دەتوانین لایەنە خراپەکەی پەسەند بکەین. بۆ وێنە ئێمە دژبە هەرجۆرە گوشارو زەبرو زۆرێکین کە دادەسەپێنە سەر نەتەوەیێک دا. بەڵام وەکوو سوسیال دیموکراتیک، کێشەو گیرو گرفتی ئێمە نیەو بە ئێمەوە پێوەندی نیە کەئایا نەتەوەیەکی دیاری کراو گەشەو پەرەدەستێنێ یان نا. ئەمە پڕۆسەیەکی هەڵبژێردراو و خۆبەخۆیە.26

**بلشویکەکان و مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین**

کرێکاران خوازیاری جۆرێک دیموکراسیەتن کە هێلی بەتاڵ بوونەوە بکێشێنە سەر هەرجۆرە پێوەلکاندنێکی زۆرەکی و بە زۆرڕاگرتنی هەرگەلێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. لینین، «بەرنامەی نەتەوەیی حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیا.» باسەکان لەپێوەند بەکێشەی نەتەوەیی و مافی گەلان بۆدیاری کردنی چارەی خۆنووسین بەکۆنگرەی (1930)تەواونەبوو. بەڵکو لەدەیەی دواییشیدا درێژەی هەبوو. لینین لەچەندەها بابەت دا بەمەبەستی ڕوونتر بوونەوەی هۆکاری پشتی بەندی 9 درێژەی باسەکەی گرتە ئەستۆ. ئەو بەگشتی جەختی لەسەر کردەوە. «لەهەرکاتدا لەوانەیە کە

ئەدەبیاتی سوسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا لەسەر «مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەی خۆنووسین»کەم پشت بێت، سەرەڕای ئەمە بەڕوونی پێشان ئەدات کە ئەم مافە زۆربەی کات وەکوو مافی جیایی پێناسە کراوە.»27

بیرساومەنئقی دەروونی لینین لە بەرگریکردن لە بەندی 9 ئەمەیە کە:»بەفەرمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلێکی چەوساوە بە حەتم بۆسوسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا بەپێویستی و زەرووردەمێنێتەوە»... بەهۆی پاراستنی سەرەتایی ترین بنەچەی دیموکراسی بە گشتی.»28 بەواتایەکی دیکە «مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین» بەڵگەیەکە بۆ بوونی دیموکراسی، کە لەوێدا نەتەنیا دیموکراسی بە گشتی بوونی هەیە، بەڵکوو بەتایبەتی سیستمێکە کەلەوێ جێگایەک بۆڕێگا چارەسەری نادیموکراتیک سەبارەت بە مەسەلەی جیایی بوونی نامێنیت.»(29) ،هەروەها کە ئێمە دەبێت ببینین، لینین بەڵگەی زۆرتری دەهێنایەوە بۆ پشتیوانی لەم مافەوە، بەڵام ڕوانینی تایبەتی ئەو بەم مەسەلە بەهۆی دەوریەتی وەکوو بنەچەوپڕەنسیپێک کەسوسیالیستەکان ئەرکدار دەکات بە پەرەدان بە ئازادیگەلی دیموکراتیک و ئەرکدار بە بەدەستهێنانی خێراترین ڕێگای ڕزگاری مرۆڤەکان لە ژێرچەپووکی و چەوسانەوەی نەتەوەییدا.

لینین بە شێوازێکی ڕێکوپێک وردەکاری ئەوەی کە کاردەکاتە سەر سوسیالیستەکان کە بەرگری بکەن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە دەردەبڕێت. سوسیالیستەکان دەبێت «بەبێ هەلو مەرج دژایەتی کەڵک وەرگرتن بکەن لەهەرجۆر وشێوازێک لەزۆر لەلایەن نەتەوەگەلی باڵادەست و دەسەڵاتدارەکانەوە(یان گەلێک کە زۆرینەی حەشیمەت دەگرێتە بەر) بەدژی نەتەوەیەک، کەبیەوێت لە بواری سیاسیەوە جیابێتەوە.»30 سوسیالیستەکان دەبێت داخوازی بکەن کە مەسەلەی جیایی ناوچەیەک

دەبێت بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بێت بۆ دەنگی گشتی خەڵکی ئەو هەرێمەو حەشیمەتی ئەو ناوچەیەو دەبێت خاوەنی دەنگی یەکسان بن و بەدەنگی نهێنی بەئەنجامبگات. لەوەش زۆرتر سوسیالیستەکان ئەرکی سەرشانیانە کەلێبڕاوانە ڕێبەرایەتی خەبات بگرنە دەست بەدژی تەواوی ئەوکەسانەی کە لە هەر کاتێک دا بە گشتی چەوسانەوەی نەتەوەیی بە

«لەفەرهەنگی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکارانی وڵاتانی چەوسێنەردا بە پێویست دەزانــرێ کە بایەخێکی تایبەتی بــدرێ بە پشتیوانی و پشتگیری لە خەباتی گەلانی چەوساوە بۆ ڕزگاری و جیابوونەوە، بە بێ ئەمە ئەنترناسیۆنالیزم بوونی نییە.»کۆبەندی باسەکانی سەبارەت بەمافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین.» و.ا.لینین

ئێمپریالیزم پلەیەکە لە نیزامی سەرمایەداری، کە لەوێدا چەند وڵاتێکی دەوڵەمەند وڵاتانی جیهان دەخەنە ژێر ڕکێف و کونترۆڵی خۆوەو دەسەڵاتیان بە سەردا دەکەن، ئەمپریالیزم لە نیوەی سەدەی دووهەمەوە پێک هات، بەڵام سروشتی بێ بەزەیی ئەو پرۆسەیەکی لەگەڵ خوی هێنا کەئەمڕۆژە پێی دەگوترێ گولوبالیزاسیۆن(جیهانی بوونی سەرمایە). ئەمە بەم واتایەیە کە ئێمە هەروا لە دنیایەکدا دەژین کە تیایدا وڵاتانێکی زل هێز کە ژمارەیان بەڕادەی قامکەکانی دەستە لە هیزی ئابووری و سەربازییان کەڵک وەردەگرن بۆدەست بە سەرداگرتن و خستنە ژێر چەپووکی گەلانی لاواز. ئەمە هەروەها بەم واتایەشە کە دنیای ئەمڕۆژەی ئێمە گۆڕەپانی ڕمبازێنی ولاتانی زل هێزە. ئەم وڵاتانە پەیتا پەیتا دەکەونە بەرانبەرکێ لەگەڵ یەکتردا و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن و خۆڕێک دەخەن بۆ شەڕ و دەست بە شەڕ دەکەن. شەڕێکە مەبەست و ئامانجی دەرپەڕاندنی بەرانبەر و ڕەقیبەکەیە لە گۆڕەپان

بۆ ئەوەی کە خۆی ببێتە یەکەم کەسی ئەم گۆڕەپانەی ڕووتاندنەوەو تاڵانی ئەمپێریالیزمە. ناسیۆنالیزم یەکێک لە دواهاتەکانی ئیمپێریالیزمە، هەروەها سەرمایەداری لە هەموودنیادا لە پەرە سەندندایە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە خۆڕاگریەکانیش. هەستانەوەی کرێکاران و جووتیارانی وڵاتانی هەژار کە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دەچەوسێنرێنەوە لە سەرەتاوە پێکهاتەیەکی ناسیۆنالیستی بە خۆوە دەگرێت. هەربۆ ئەمەیە کە بۆ سوسیالیستەکان زۆرگرینگە کە بزانن چۆن هەڵس و کەوتێکیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا هەبێت و چۆن ئەمڕۆژە خەباتگەلی جۆراوجۆر بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی هەڵسەنگێنن.

سوسیالیستەکان ئەنترناسیۆنالیست ونێونەتەوەیین و چینە کۆمەڵایەتیەکان بە هۆکاری دابەشبوونی جیهان پێناسە دەکەن، لە کاتێکدا ناسیۆنالیستەکان(نەتەوەگەراکان) باوەڕیان وایە کە دنیا بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان دابەشبووە. بۆ سوسیالیستەکان چەرخەی بزاڤی مێژوو خەباتی چینایەتیە نەک پێناسەی نەتەوەیی، و سەرمایەداری چینێکی جیهانی لە کرێکاران پێکهێناوە کە دەبێت لەگەڵ سەرمایەداری جیهانی دا شەڕ بکات، بەڵام ئیمپریالیزم شتێکی دیکەشی بەرهەم هێناوە. لە جیهانێک دا بە بوونی نەتەوەگەلی دەوڵەمەندو هەژارەوە پێناسە دەکرێت، نەتەنیا ناسیۆنالیزمی چەوساوەکان وەکو سومبولی خۆڕاگری بە دژی سەرمایەداری جیهانی خۆ پیشاندەدات، ناسیۆنالیزمی وڵاتانی چەوسێنەر لە لایەن خاوەن کارەکان و ڕامیاران و سیاسەتوانانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و لەوەش لە بۆلایەنی بەرژەوەندی ئەمپریالیستی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەوەش زۆرتر توێژێک لە کرێکارانی وڵاتانی زاڵبوو و دەسەڵاتدار وا بیردەکەنەوە کە ئەوانیش لە چەوساندنەوەی

ئێمپریالیستی وڵاتانی لاواز کەڵک وەردەگرن. ئەم ناسیۆنالیزمی وڵاتانی چەوسێنەر و ستەمکارە لەمپەرێکی جددی پێکدێنێت لە ڕێی یەکیەتی نێونەتەوەیی کرێکاراندا کە هۆکاری سەرەکی و پڕگرینگە بۆ سەرکەوتن لە خەبات دژی سەرمایەداری جیهانیدا.

ئەگەربەمشێوەیە جاچۆن سوسیالیستەکان وەکو ئەنترناسیۆنالیست ونێونەتەوەییەک خۆیان پێوەند دەدەن لەگەڵ جیهانیکدا کە لەنێوان نەتەوەکانی ستەمکارونەتەوەکانی ژێرچەپووکەدا دابەشکراوە؟ سوسیالیستەکان هەندیک جار بە هۆی ئەوەی کە پیشانئەدەن، کە لە تێگەیشتنی سیاسەتەکانی لەپیوەند بە کێشەی نەتەوایەتی دا دائەمێنن، دەکەونە بەر سەرکۆنەو ڕەخنە لێگرتن. لەکاتێکدا کە نەریتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ چوارچێوەیەکی بایەخدار دیاریدەکات، کە تیایدا پیشان دەدات کە سوسیالیستەکان بە باشی لە پێچاوپێچی جیهانێکە لەوێ هاوکات لە گەڵ بوونی نەتەوەکان و جیهانی بوونی سەرمایەدا پێناسە دەبێت تێدەگەن. ئەم بابەتە تێدەکۆشێت باسەکانی لینین لە بەرگری و پشتیوانی لە «مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان» کە ناوەندی قورسایی مارکسیستەکان لەڕوانین بەکێشەی نەتەوایەتیش دەگرێتەوە خۆ بکاتەوەو راڤەی بکات.

## مارکس وئەنگڵس و کێشەی نەتەوایەتی

«هیچ گەلێک ناتوانێت ڕزگاربێت ئەگەر چەوسێنەری گەلانی دیکەبێت.»
فردریک ئەنگڵس

«ئەوگەلەی کەگەلانی دیکە دەچەوسێنێتەوە زنجیرەکانی دیلیەتی خۆی پتەوتر دەکاتەوە.»

کارڵ مارکس

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدە بزووتنەوەگەلێکی مەزنی نەتەوەیی ڕووخاندن و سەرەوژێربوونی فێئودالیسم و دەسەڵاتی تاهەتایی پاشایەتیان بەرەو لە نێوبردنی لەمپەرگەلی ئابووری و ڕامیاری و سیاسی، یان نوێنەرایەتی دەکرد بۆ پەرەگرتنی تەواوی سەرمایەداری.لە بەشێکی هیچ و گەڕۆکی ئابووریەوە خەریکی تێپەڕین بوو بەرەو سیستەمێکی بەهێزی بەرچاوی کۆمەڵایەتی. بۆ پتەوکردنی ئەم گۆڕانکاریەو ئامادەکردنی هەل و مەرجی دووبارەبەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێویست بە شێوازێکی نوێ لە دەسەڵات بوو. ئەم شیوازە نوێیەی دەسەڵات، نەک لەسەر بناغەی باوەڕ و وەفاداربوونی کەسێک بە بنەماڵەیەکی پاشایەتی(سەڵتەنەتی) بەڵکوو هەر لە پێش دا لە سەر بناغەی زمان، خاک و مێژووی هاوبەش و هەروەها لەسەر بنەڕەتی چارەنووسی هاوبەش ڕاوەستاوبوو.

سەرکەوتنی دوایی کاپیتالیسم بە سەر فێئودالیزم دا سەرەتا لە ئەورووپاو دوایی لە تەواوی کیشوەرەکاا پەیوەندیەکی چڕوپڕی لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بوو:»بۆ سەرکەوتنی تەواوی بەرهەمهێنانی کەل و پەل ، دەسمایەداری دەبێت بازاڕی نێوخۆیی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو ئەوێ لە بواری ڕامیاری سیاسیەوە دەبێت ناوچەیەکی یەکگرتوو بێت، کە خەڵکەکەی بە زمانێک قسە و ئاخافتن بکەن.(ئەم زمانە هاوبەشە پێوەندیەکی نزیک لە نێوان بازاڕو خاوەن کەرەسە، خاوەنەکان بەیەکەوە، بچووک و گەورە، و لە نێوان فرۆشیارو کڕیاردا پێک دێنێ).«1ناسیۆنالیزم لە بواری ناڤۆکی ئایدۆلۆژیکیەوە کە بۆ داسەپاندنی زمانێکی فەرمی و سنووردانانە دەستکردەکان لەسەر بناغەی هاوبەش پێویست بوو ئەم ڕێگەیەی خۆش کرد. جیاواز لەوە لە نێو بزووتنەوەگەلی نەتەوەییدا داخوازییێکی تایبەت بۆپێکهێنانی حکوومەتی نەتەوەیی لە زۆربووندا بوو. ڕێک بە هۆی ئەوەی

که حکوومەتێکی نەتەوەیی بە شێوازێکی دڵخواز دەیتوانی کۆمەڵگا بکێشێتە لایەنی مودێرنیزاسیۆن دا و بۆ وێنە بەرەو کۆمەڵگای سەرمایەداری بباتـ. هەربەم هۆیەوە تەواوی ڕێبەرانی مارکسیست لەوتەو باسەکانیاندا قایل بوون بە باسە نەتەوەییەکان کە «حکوومەتی نەتەوەیی بۆ پلەی سەرمایەداری تەواو نۆرماڵ و جیگای تێگەیشتنە.»2 مارکس و ئەنگلس لە زەمەنی خۆیاندا پشتیوانیان لە زۆربەی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی کرد، هەروەها ئەوان چاوی خۆیان نەقوجانجدبوو لە پێناو ئەوهەژاری و هەناسەسەردیەی کە سەرمایەداری لەگەڵ خۆی هێنابووی، بەڵام ئەوان ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە سەرمایەداری دەیتوانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بگەیەنێتە پلەیەک لە پێشکەوتن و پەرەسەندن کە لە دەسەڵاتی فێئۆدالیدا جێگای بیر لێکردنەوەش نەبوو. ئەوان دوایی بینیان کە سەرمایەداری توێژێک لە بەرهەمهێنەرانی هێناوەتە بوون، چینی پێشڕەوی کرێکاری کە یەکەمین جار لە مێژوودا یەکگرتوو بوو. بەهۆی ئەم یەکبوونەوە ئەم چینە چوارچێوەی دەسەڵاتی دیموکراتیکی دەپاراستـ. لەڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە هەرسەرکەوتنێکی سەرمایەداری بەسەر دەرەبەگایەتیدا هەوڵدەری مرۆڤ بووبەرەو پێش و ڕزگاربوون لە بەندوبەسنگەلی مادی و ڕامیاری. لە دەورانی ژیانی مارکس و ئەنگڵس دا، ڕووسیاو ئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ سەرەکی ترین وڵاتانی ستەمکار بوون. ڕووسیا بە زۆر دەسەڵاتی دەکردە سەر پۆڵۆنیادا ولەساڵی 1849ش شۆڕشی دیموکراتیکی مەجارستانی سەرکوت کردبوو. ڕووسیاو هاپسبۆرگ بە هاوپەیمانەتی دەستیان وەردەدایە کاروباری نێوخۆیی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بە مەبەستی پێشگرتن لە یەکگرتووییان.

مارکس و ئەنگڵس پشتیوانیان دەکرد لە تەواوی ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانەی کە بە دژی تزاریەکان و ئێمپراتوریەتی هاپسبۆرگ سەریان

هەڵینابوو، هاوکاتیش دژی هەر بزووتنەوەیەکی دیکە بوون کە بووبوو بە گۆپاڵی دەستی تزاریەکان وئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ.3مارکس وئەنگڵس ئاەوێ چوونە پێش کە بانگەوازی شەڕی شۆڕشگێڕانەیاندا بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لە لەهێندستان، مەجارستان، ئەڵمانیاو ئیتالیا. ئامانجیشیان بەدەست هێنانی سەرکەوتن بوو بەسەر پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی لە ئەورووپاو خۆشکردنی ڕێگا بۆ پەرەسەندنی تەواوی دیموکراسی بۆرژوازی بەمەبەستی ڕێ خۆشکردن بۆخەباتی چینی کرێکار بە دژی سیستەمەکە.4 بە هەرحاڵ شوناسی مێژووی گەشەکردووی بۆرژوازی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فێئۆدالیزم بەم واتایە نەبوو، کە مارکس و ئەنگڵس بە شێوەیەکی خۆبەخۆ(ئوتوومانیک) پشتیوانی و بەرگری لە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بکەن. ئەوان دژی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی باشووری سواکی ، سیربەکان، کورواتەکان و چێکەکان بوون لەکاتی شۆڕشی 1848دا.

هۆکاری دژبەربوونیشیان ئەمە بوو کە ئەم بزووتنەوەگەلە وەکوو کەرەسەیەک یارمەتی دوژمنی سەرەکی واتە هێزی کوروڤاسییان دەکرد، هێزێکە زۆرتر ڕقیان لە مەجارەکان دەبووەوە، ئاوەکو ئێمپراتووریەتی هاپسبۆرگ، ئەوان هەروەها یارمەتی هێزی تزاریان دا لە داگیرکاری مەجارستاندا، هێزی چێک دەورێکی تایبەتی بوو لە سەرکوتی شۆڕشی ڤینادا.5

لە کاتی سەرهەڵدانە گەورەکەی 1857لە هێندستان مارکس و ئەنگڵس وەکوو ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی پشتیوانیان لێوەکرد. هەرچەند دەیانزانی کە لەوێ بەریتانیا لە کاتی تێپەراندنی پرۆسەی لە نێو بردنی فێئۆدالیزمدا بوو. مارکس و ئەنگڵس ئیزنیان نەدەدا کە بارودۆخ و ستانداردگەلی ئابووری بۆیان دیاری بکات کە لەکام بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرگری بکەن و لەکام بەرگری

نەکەن. بەڵکوو ئەوان پشتیوانی کردن یان پشتیوانی نەکردنی خۆیان لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەی ڕێک و پێک و هەمەلایەنەی ڕامیاری سیاسی لە هەر بزووتنەوەیەک، لە ناوەڕۆک و کاریگەریە نێونەتەوەییەکانی دانابوو. بابەتی ئیرلەند کاریگەریەکی زۆری کردە سەر بیرکردنەوەی مارکس وئەنگڵس و بوو بە هۆی گەشەکردنی هزری ئەوان لە بابەت کێشەی نەتەوایەتیەوە. سەرەتا مارکس و ئەنگڵس بۆچوونیان وابوو، کە پەرەسەندنی سەرمایەداری هەم لە ئەوروپاو هەم لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا لە گرنگی حکوومەتی نەتەوەیی و بەم هۆیەشەوە لە بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کەم دەکاتەوە.»جیاوازیە نەتەوەییەکان و دژایەتی و دژبەری لە نێوان خەڵکی دا ڕۆژانە لە کەم بوونەوەدایەو ئەوەش بەرهەمی پەرەگرتوویی سەرمایەداری، بازرگانی بەرەڵا، بازاڕی جیهانی و یەکجۆربوونی شێوەی بەرهەم هێنان و کاریگەرێتی بە سەر شێوازو ئاستی ژیانەوەیە.»6 لەم ڕێگایەوە ئەوان وەکوو تەنیا ڕێگای بنەبڕکردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی چاویان لە سوسیالیزم دەکرد. «لەچوارچێوەیەکدا، کە کەڵک لێوەرگرتنی کەس بە دەستی کەسانی دیکە نامێنێ، هەروەها چەوساندنەوەی گەلێک بەدەستی گەلێکی دیکە لە نێودەچێت.7

کاتێک کەدژبەرایەتی چینایەتی نەمێنی، زۆرگوتن و زۆرداری نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی دیکە تەواو دەبێت. لە تێڕوانین و باوەری هەم مارکس و هەم ئەنگڵس دا ڕاستیگەلێک شاردراوەتەوە کە جیاوازیگەلی نەتەوەیی بە هۆی جیهانی بوونی سەرمایەوە کەم دەبێتەوە و لە ئەوانەوە تەنیا بە سەرخستنی سوسیالیزمە کە کێشەی نەتەوایەتی بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە بنەبڕ دەکرێت، بەڵام مارکس و ئەنگڵس دوایی تێگەیشتن کە هەندێک جاران لەوانەیە بتوانرێت ڕزگاریگەلێکی بۆرژوا دیموکراتیک لە

وڵاتگەلێکی کەمتر پەرەگرتوودا بە دەست بێت، بە بێ ئەوەی کە باسێک لە شۆڕشی سوسیالیستیشەوە لە نێوان دا بێت. ئەوان هەروەها تێگەیشتن کە سەختی و دژواری بنەبڕکردنی باوەڕی ناسیۆنالیستی کریکارانی وڵاتانی پەرەگرتوویان بە کەم گرتبوو.

سەرهەڵدانی دووبـارەی خەباتی نەتەوەیی ئیرلەند لەساڵگەلی 1960، مارکس و ئەنگڵسی خستە سەر ئەوەی کە گۆڕان لە ڕوانگە و بۆچوونی خۆیاندا پێک بهێنن و بیگونجێنن. لە ڕاستیدا ئەوان ناچار بوون، کە کەمتر لە گۆشەنیگای خەباتی سەرمایەداری بە دژی فێئۆدالیزمەوە بڕواننە کێشەی نەتەوایەتیەوە. بەڵکوو زۆرتر لە گۆشەڕوانینی خەباتی نێوان هێزەئێمپریالیستیو وڵاتانی ژێرچەپووکە(موستەعمێرە)وە بەشوێن ئەم کێشەیە بکەون.

مارکس سەرەتای نۆڤەمبەری 1867لـە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵس نوسیبووی:»من پێشووتر وام بیردەکردەوە کە جیابوونەوەی ئیرلەندو بەریتانیا نەشیاوە، بەڵام ئێستا وای بۆ دەچم، کە ئەم جیاییە جیگای بەر پێگرتن نییە، هەرچەند کە دوای جیابوونەوە لەوانەیە دووبارە بە شیوازی فدراسیۆن بچنەوە پاڵ یەک.»8 لە دوایی ئەو مانگەدا ئەو ڕوونی کردەوە کە شتێک کە ئیرلەندیەکان پێویستیان پێ هەیە حکوومەتی خۆیانەو جیابوونەوە لە بەریتانیایە.9 دووساڵ دوایی لەبۆ دکتۆر گوڵمەنی نووسی:» چینی کرێکاری بەریتابیا تاکاتێک کە شێوازی هەڵس و کەوت و ڕوانگەی لە پێوەند بە ئایرلەنداوە بەگشتی لە هەڵس وکەوت و کردەوەی چینی دەسەڵاتدار جیانەکاتەوە ناتوانێت گۆڕانکاریەکی گرینگ پێک بێنێت، نەک تەنیا دەبێت لەگەڵ ئایرەلەندیەکاندا، جیگای خەباتی هاوبەش بە ئامانجەوە بنیات بنێن، بەڵکو دەبێت داهێنان و هەڵوەشاندنەوەی فەرمی یەکگرتوویەک

که له 1801دا پێکهاتبوو بگرنەدەستەوەو، ئەم بزاڤە نابێت لە دڵسووتانەوە بە ئایرلەندیەکانەوە بەئەنجام بگات، بەڵکو وەکو داخوازیەک لەلایەنی بەرژەوەندی کرێکارانی بەریتانیاوە بێتەگۆڕێ. ئەگەر ئەم کارەنەکەن، چینی کرێکاری بەریتانیا بۆ تاهەتایە دەکەوێتە ڕیزی یەکگرتوویی جیانەبووەوەی چینی دەسەڵاتدارەوە، چونکە ئەوان ناچار دەبن بکەونە بەرەیەکی هاوبەشی دەسەڵاتدارانەوە بە دژی ئایرلەندیەکانەوە.»10 لێرەدایە کە مارکس دەگاتە تێڕوانین و زانیاریەکی سەرەکی کە دواییەکان ژێربناغەیەکی پتەو دەبێت بۆ لینین لە لایەنی بەرزبوونەوەی ڕوانگەی سوسیالیستیەوە لە پێوەند بە چەوسانەوەو کێشەی نەتەوایەتییەوە. «بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی کرێکارانی وڵاتانی چەوسێنەر و ستەمکار گرێیان دەداتە دەسەڵاتدارانیانەوەو بەم کارە تەنیا لەتمە لە خۆیان دەدەن، لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی گەڵیکی چەوساوە، دەتوانێت ڕێنمای ڕێیان بێت بەرەو لایەنی خەبات لە گەڵ ئەو دەسەڵاتدارانەدا.»11

### کۆنگرەی 1903

مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ تەواوی نەتەوەکان لەوانە ئەوانەی کە کەوتوونەتە سنووربەندی وڵاتێکەوە،(بەندی9 ی بەرنامەی حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی رووسیا)1903. حزبی کریکارانی سوسیال دیموکراتی رووسیا ئەوحزبەی کە لینین تێیدا ئەندام بوو لە ساڵی 1903بانگەوازی دووهەمین کونگرەی ڕاگەیاند، نوێنەران بە شێوەی نهێنی لە بڕوکسل وپاشان لە لەندەن، لە جێگایەک کە بە هۆی گوشاری هێزی پۆلیسی بلژیکاوە ناچار بوون بمێننەوە لەوێ، کۆبوونەوە دەوری یەک. ئەم کۆنگرە لەم بوارەوە بوو بە جیگای بایەخ پێدان و خاڵی وەرچەرخان لە

مێژووی مارکسیستەکاندا، چۆنکە لەوێ بلشویکەکان(زۆرینە) بە هۆی جیا بوونەوەیەک لە منشویکەکان(کەمینە) بوونی خۆیان ڕاگەیاند , بەڵام کۆنگرە بە هۆیەکی دیکەش شوێنگەی مێژووی خۆی پاراست. بە تایبەت ئەوەی کە بوو بە فرۆمێک کە لەوێ باسگەلێکی گرینگ لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی بەر لە دەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئەنترناسیۆناڵ(نێونەتەوەی)ی دووهەم لە ساڵی 1914دا هاتبووە ئاراوە. لەوێ دوو تەوەرە کەوتە بەرباس وخواست لێوە کردن، هەرکام بە ناوەرۆکێکی گرینگ و کاریگەری دانـرەوە. یەکەمین تەوەرە لە پێوەند بە کۆمەڵی (لەیگ)ی کرێکارانی جوو(یەهود) و ڕێکخراوی حزبی و دووهەمین تەوەر لە پێوەند بە جیابوونەوەی پۆلۆنیا لە ڕووسیا بوو.

کۆنگرە بە خستنە بەر باسی یەکەمین تـەوەرە کە لە پێوەند بە داخوازی کۆمەڵ بوو بۆ بەفەرمی ناسرانی وەکوو نوێنەری تایبەتی کرێکارانی جوو دانیشتووی ڕووسیا دەستی بە کارکرد. جوولەکەکان بەڕەوشێکی تۆقێنەر لە تەواوی ماوەی تەمەنی ئیمپراتووریەتی ڕووسیادا لەژێر گوشار و زەبر و زەنگ دا بوون و لەژێر سنووربەندگەلی یاسایی ڕەق و وشک و تۆقین لەکوشتاری بەکۆ و ڕێکخراو ژیانیان دەکرد. کۆمەڵ لە سالی1897 دا لە لایەن سوسیالیستگەلێکی یەهوودیەوە دامەزرابوو و هەر زوو دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەو ڕێکخستنی کرێکارانی یەهوودی لەلیتوانی، پۆلۆنیا وڕووسیا. (تـەواوی ئەوهەرێمانە کەوتبوونە دەستی ئیمپراتووریەتی تزارەوە.) ئەندامانی کۆمەڵ شۆڕشگێڕانێکی نیازپاک و بێ فرت و فێڵ بوون کە لێبڕاوانە نایان بە زایۆنیزم گوتبوو، کە ئەویش لە ساڵی1897دا پێک هاتبوو و بە دروستی بە شێوازێک لە ناسیۆنالیزمی دواکەوتوانەیان دەزانـی.12 کۆمەڵ لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی کرێکارانی ڕووسیا واتە لەساڵی 1898ولەسەر بناغەی»خودموختاری» پێوەست بووبوون بە

حزبەوە. بە هەرحاڵ حزب زۆر زوو دوای کۆنگرەی 1898نایاسایی ڕاگەیەنراو ناچاربوو، کە بە شێوەیەکی نهێنی و ژێرزەوینی چالاکی بنوێنێ. لەوە بەولاوە بەشە جۆراوجۆرەکانی حزب بوون بە نافەرمی و زۆرتر بەشەجۆراوجۆرەکانی حزب وەکوو ڕیکخراوێکی سەربەخۆ کاریان دەکرد.

لە کۆنگرەی 1903دا کۆمەڵ کەوتە ڕوونکردنەوەی جێگای لەحزب دا ولیبر وەکو وتەبێژی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵ ئەو ڕوونکردنەوەیەی دا ،کە ئێستا ئیدی دەستەواژەی «خودموختاری زۆر ناڕوون و لێڵە و داوای کرد کە بە جێگای ئەم دەستەواژەیە پێوەندی کۆمەڵ لەگەڵ حزب دا لە سەر بناغەو بنچینەی فیدراسیۆن ڕێکبخرێ.» لە چوارچێوەی «خودموختاری دا» کۆمەڵ لە ماف و مەزایای زۆر بەهرەمەند بوو. مافی ڕێکخراو و گروپە لاپاڵەکانی خۆی هەبوو، ڕۆژنامەی خۆیان بە زمانی دایکی بڵاو بکەنەوەو چەندەها بەهرەی دیکە13 .هەروەها ئەوان مافی پێڕاگەیشتن بە چالاکیەکانی خۆیان هەبوو بەبێ دەست تێوەردانی کەم و وردی کومیتەی ناوەندی حزب، بەڵام لە ژێر»فیدراسیۆن»ی خوازراویان دا نە کومیتەی ناوەندی حزب و نە سەروترین جێ باوەڕ و متمانەی حزب، واتە کۆنگرەی هەڵبژێردراوی حزب توانای گۆڕانی ساغ بوونەوەگەلێکیان نەبوو کە کۆمەڵ لە کێشە و گیروگرفتی لە پێوەند بە کرێکارانی یەهوودی دەیهێنایە ئاراوەو پەسەندی دەکرد. لە بواری ڕێکخراوەییەوە، کۆمەڵ وەکو لەشێکی سەربەخۆ کاری دەکرد. لەبنەڕەت دا گەڵاڵەکردنی «فدراسیۆن» بەم مەبەستەوە بوو کە کۆمەڵ بتوانێت بەرژەوەندی کرێکارانی یەهوودی وەکوو توێژێکی چەوساوە لە نێو حزبدا پارێزراو ڕابگرێ. لیبر ڕاستیەتی پێویستی بوونی پێکهاتەی سەربەخۆی کرێکارانی یەهوودی کە لەسەر بنەچەو بناغەی نادڵنیابوون لە حزب ڕاوەستابوو بەم شێوە باس دەکرد: «کرێکارانی جوولەکە لە هەڵسەنگاندن

لەگەڵ کرێکارانی دیکەدا زۆر زۆرتر حەز و خۆزیایان هەیە لە بۆ لەنێوبردن و خەباتکردن بە دژی ئەو بەربەستە تایبەتیانەی داسەپاوەتە سەریان داو بەم هۆیەوەیە کە خەباتکارێکی لێبڕاوترن بە دژی ئەم چەوسانەوەیە.14

ترۆتسکی کەخۆیشی یەهودیەک بوو بەهێزەوە وەڵامی ئەومشت و مڕەی لیبری دایەوە: «ئەگەر کۆمەڵ دڵنیایی لەحزب نیە و داخوازی دلنیایی دەکات، ئەمە ئێمە دەتوانین بزانین، بەڵام ئێمە چۆن ئیمزای خۆمان بدەینە ئاوەها داخوازیەک و پەسەندی بکەین؟ ئەم کارە ئازادی کارپێکەری ئێمە و جێگرانمان بۆ بڕیارو ساغبوونەوەکان سنووردارەدەکاتەوە، و بۆچی؟ ئەگەر ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە بەر بەپێشێلکرانی مافی ڕەوای کرێکارانی جولەکە لە لایەن حزبەوە بگیردرێت، و ئەگەر مەبەست ئەوەیە و ئێمە بمانەوێ دڵنیایی بدەینە خۆمان بۆ خەیانەت نەکردن، بە پەسەندکردنی ئاوەها داخوازیەک و هەل و مەرجێک ئەمە دەگەیەنێت کە ئێمە لە تێکشکانی ڕامیاری سیاسی و ئاکاری خۆماندا زانیاریمان هەیە. ئەمە بە واتای خۆکوژی ڕامیاری و ئاکارو ڕەوشتیشەو کۆنگرە ئەم کارە ناکات.»15

لینین لە وتەکانی دا سەبارەت بەم باسە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی باس کرد لە چەمکی ڕێکخراوی خوازراوی کۆمەڵ بۆ بوونی نوێنەرایەتیەکی تایبەتی بە کرێکارانی یەهوود. ئەو باوەڕی وابوو کە «پەسەند کردنی پێشنیارێکی ئاوەها ڕادەی کەلەبەرەکانی نیوان حزب زۆردەکاتەوە.» هەمان ئەو کەلەبەر وجیاوازیانەیە لە نێو کرێکاران دا کە کۆمەڵگای چینایەتی بیبەزەییانە بە شوێن داسەپاندنیەوەیە. فدراسیۆن زیانبەخشە چۆنکە دابەشبوون و لەت لەت بوون و لەیەک دوورخستنەوەی پیەوەیە و ئەوانە تا پلەی پرنسیپ و یاسای سواو دەبات. لە ڕاستی دا لە یەک بێگانە بوون لە ئێمەدا بوونی هەیە، و ئیمە نابێت پێشنیاری بکەین و

ساغی بکەینەوە، یان بە گەڵای هەنجیر داپپۆشین.((لە کۆن دا کۆئەندامی زاوزێیان بە گەڵای هەنجیر دادەپۆشا))((1))، بەڵکو دەبێت بەربەرەکانێ لە گەڵ بکەین. ئێمە دەبێت بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە پێ لەسەر ئەوە دابنین و ڕاشکاوانە پێویستی لێبڕاوانە بۆ گەیشتن بە یەکگرتووی شیاو و بە پێی توانا ڕابگەیەنین. ئێمە هیچ نێوان و دیوارو لەمپەری زۆرەکی و ناچاری بە فەرمی ناناسین و، بۆ ئەمەیە کە ئێمە فدراسیۆن وەکوو بناغە و پڕەنسیپ دەدەینە دواوە.16

لینین بۆ دیاریکردنی ئەوەیکە زۆربـەی گرۆپە جیاوازەکان لە نێو حزب دا پێک دێن ئاوەها درێژەی بە باسەکەی دا:»گرووپگەلێک لە هاوخەباتان بە تەواوی لەسەر بەرنامە، تاکتیک، یان ڕێکخراو یەکجۆر بیرکردنەوەیان نییە.»17 بەڵام ئەو باوەڕی وابوو کە دەبێت، تەنیا حزبیک هەبێت، کە تیایدا ئەم جیاوازیانە سەرهەڵبدات:»ئیزن بدەن کە تەواوی ئەندامان، کە بیرکردنەوەیان نزیکە لە یەک بە جیگەی ئەمەی کە گرۆپگەلی جۆراوجۆر لە بەشێک لە حزب جیا لە گرۆپگەلی تر لە بەشی دیکە لە حزب پیک بێنن و پاشان یەکگرتوویەک لە نێوان بەشگەلی پێکهاتەکە دا کە هەرکامیان لەگرۆپگەلی جۆراوجۆری دیکە پیکهاتوون پێک بێنن، تەنیا لە گرۆپێکدا کۆببنەوە.»18

لینین دوایین وتەی خۆی سەبارەت بە نادڵنیایی کۆمەڵ لە ناوەندی ڕێبەرایەتی حزب بەمجۆرە دەربڕی:»حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیا لەسەر بناغەی «سانترالیزمی دیموکراتیک» رێکخراوە.» بە واتایەکی دیکە حزبێک بوو کە لای زۆری دەرفەت و ئیمکاناتی بۆ باس و خواسەکانی ناوخۆی پێکدەهێنا، بەڵام دوای ئەوەی کە لەسەر مەسەلەیەک ساغ بوونەوە دەکەوتە دەست زۆربەی دەنگ هەموو وەکو یەک دەستبەکار دەبوون.

لینین ڕوونی کردەوە کە «سانترالیزم» لە کاتێکدا کارایە کە هیچ نێوان و لەمپەڕێک لە نێو ناوەند وئەوەکەی حزب و پیکهاتەدا تەنانەت لە دوورەدەستترین بەشیش دا بوونی نەبێت.»19 بە ناوەندی ئێمە مافی ڕەها دەدرێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەیەکەی ئەندامانی حزب دا پێوەندی بگرن. لە کاتێک دا هەربەش یان کومیتەیەکی حزبی دەبێت لە «خودموختاری» کەڵک وەرگرێ تاکو ئازادانە و دوورلە دەست تێوەردانی وردی ناوەندی چالاکی ئەنجامبدات.»20 لینین جەختی کردەوە کە»ناوەندی ڕێبەرایەتی دەبێت لێبڕاوانە لە هەرجۆرە بێ ئینتیمایی و خۆلێ دزینەوەو ساردبوونەوە لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی دا هەڵسوکەوتی جدی هەبێت.» ئایا بە ڕاستی کۆمەڵ وابیردەکاتەوە کە حزب لە بەرانبەر بوونی ناوەندێک کە لە وردەکاری لەپێوەندبە ڕێکخراوەکان وگرووپگەلی حزبیدا دەست تێوەردانی هەبێت ئارام دەگرێت؟ مەگەر ئەرکی گشتی حزب خەبات بۆ وێنە بۆ مافی یەکسانی تەواو و تەنانەت بۆ بە فەرمی ناسینی مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا نییە؟ لە ئاکام دا ئەگەر هەر بەشێک لە حزبمان لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا نافەرمانی بکات، بێگومان جێگای ڕەخنە و سەرکۆنەکردنە.»بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانمان بێگومان لە لایەن دامەزراوەکانی ناوەندی حزبەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ، هەروەها ئەگەر لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە لە ڕووی زانین و بە ئەنقەست نافەرمانی بکرێت، سەرەڕای بوونی دەرفەتی تەواو بۆ بەجێهێنانی، لەم کاتەدا ئەم خۆلێ گێل کردنەی بەنیسبەت ئەرکەکەی بە خەیانەت دەژمێردرێت.»21 دوای سێ ڕۆژ لە باس و لێکدانەوە، کۆنگرەی 1903 بە داخوازی کۆمەڵ سەبارەت بەوەیکە کرێکارانی یەهوود نوێنەری تایبەتی خۆیان هەبێت،دەنگی نەرێنی دا و بەجێگای ئەوە دووبارە جەختی کردەوە کە حزب دەبێ»بە

بێ هیچ هەل و مەرجێک کرێکارانی هەموو گەلان لە تەواوی ڕێکخراوەکان دا بخاتە یەک. بە بێ جیاوازی(ڕامیاری، یەکێتی بازرگانییەکان، هاوبەشی، خوێندکاری، و هیتد و هیتد....).»22 کۆمەڵ دوای جێهێشتنی کۆنگرە لە حزب چووەدەر. سەرەڕای ئەمە ڕادەیەکی زۆر لە کرێکارانی یەهوودی لە حزب دا مانەوەو لە لقە جۆراوجۆرەکانی حزب دا چالاکی خۆیان درێژە پێ دا و ڕووداوگەلی دوایی لە ڕووسیا پیشانی دا کە نادلنیابوونی کۆمەڵ بنەو بنەوانێکی نەبووە. کۆمەڵ هێواش هێواش دووبارە لکایەوە بە حزبەوە، هەرچەند کە هیچ کات دەستی لە هەڵس و کەوتە ناسیۆنالیستیەکەی بەرنەدا. دووهەمین باس لە پێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی لە دەوروبەری ئەوەیکە دواییەکان کێشرایە بەندی 9ی بەرنامەی حزب دەوردرایـەوە: «مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین بۆ تەواوی گەلان، لەوانە ئەوانەی کە لە سنووربەندی وڵاتێکدان.»23 بەندی 9 خاڵی جیاوازی و لەمپەرێک بوو لە ڕێگای نزیکایەتی نێوان شۆڕشگێڕە سوسیالیستەکان لە پۆلۆنیا (کەسانێک کە ئەندامی حزبی سوسیال دیموکراتی ژێر دەسەڵاتی پۆلۆنیا_لیتوانی بوون وبەسوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا دەناسرانەوە) لەگەڵ حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیادا، حزبی پۆلۆنیایی لەوانە ڕوزالۆگزامبۆرگ دژی مافی دیاری کردنی چارەنووس بوو بۆپۆلۆنیا. شێوەی هزری وبیرکردنەوەی سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا بەشێک لەم ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە سوسیال ڕیفۆرمیستەکانی پۆلۆنیا کە سەر بە حزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا بوون، دەیانوت کە خەبات بۆ سەربەخۆیی و جیایی نەتەوەیی پۆلۆنیا لە ڕووسیا سەرترە بەسەر هەر خەباتێکەوە لەوانە خەباتی چینایەتی، بە وتەی حزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا بۆ بەرگری لە مەترسی پارچەپارچەبوونی یەکگرتوویی خەڵکی پۆلۆنیا پێویست بوو کەخەباتی کرێکارانی پۆلۆنیایی

بۆرژگاری خۆیان بکەوتاێنە پلەی دووهەمەوە. لەم لایەنەوە حزبی سوسیال دیموکراتی پۆلۆنیا بەدروستی باوەڕی بوو کەحزبی سوسیالیستی پۆلۆنیا خەیانەتی کردووەتە بەرژەوەندی چینی نێونەتەوەیی کرێکاران بە شێوەی دیاری کراوو بەرچاوتریش بە یەکگرتووی کرێکارانی ڕووسیاو پۆلۆنیا، بەڵام سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا تەنیا بەم ڕادەربڕینە ڕازی نەبوون، ڕادەربڕینێکە لینین و زۆرینەی نوینەران بە دڵ پێی قایل بوون،بەڵکو ئەوان پێیان نایە ئەولاتریشەوەو داواکار بوون کە داخوازی جیابوونەوە بۆ پۆلۆنیا بایەخی مێژووی لە دەستداوەو تەنانەت کۆنەپەرستانەیشە. چونکە پەرەگرتنی سەرمایەداری ئابووری پۆلۆنیا و ڕووسیای لەیەک هاڵاوەو کردوویەتیەیەک. بە شێوەیەک کە ئایدیای دەوڵەتی نەتەوەیی لەهێستان بە شێوەیەکی تەواو نیمەداشت کردوە. ڕوانگەی ڕامیاری سیاسی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەی خۆنووسین» لە ڕاستی دا بە شێوازی یەکسان لە جیهاندا مێژووی بەکارهێنانی بەسەر چووەو لە مۆد کەوتووە، ئێستا ئیدی بێ واتایە کە گەلان ئاواتی پێکهێنانی وڵاتی نەتەوەیی بخوازن ئەگەر لە پێش دا نەیانبوو‌بێت. بە وتەی سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا تەواوی ئەو شتەی کە لەپێوەند بەکێشەی نەتەوایەتی دا لە چاخی ئێمپریالیستی دا مابێتەوە پێویست بە بەرگری لە ئازادی پەرەپێدانی فەرهەنگی هەرنەتەوەیەکە بە ڕێگای دیموکراتیزە کردنی ئەنیستینۆکانی هەر وڵاتێکەوە کە لە مێژە ناسراوە.25

سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا پێیان لەسەر ئەوەداگرت کە بەندی 9 بەم شێوە گۆڕانکاری بەسەردابێت،»ئەنیستینۆکان ئازادی پەرەپێدانی فەرهەنگی تەواوی نەتەوەکان لەوانە ئەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکە دان دەپارێزن.» هەرجۆربوو کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ دەنگی دایە

نەگۆڕانی بەندەکەو بە هێشتنەوەی بە ڕوونی ڕایگەیاند کە«مافی دیاری کردنی چارەنووس» مافێکی ڕامیاری سیاسیە، نەک مافێکی فەرهەنگی. هەروەهاکە نوێنەرێک کە دەنگی بە زۆرینە دابوو روونی کردەوە: «لەجیگایەک کە کێشەی شوناسی نەتەوەیی لە گۆڕێ دایە ئێمە تەنیا دەتوانین لایەنە خراپەکەی پەسەند بکەین. بۆ وێنە ئێمە دژبە هەرجۆرە گوشارو زەبرو زۆرێکین کە دادەسەپێنە سەر نەتەوەیێک دا. بەڵام وەکوو سوسیال دیموکراتیک، کێشەو گیرو گرفتی ئێمە نیەو بە ئێمەوە پێوەندی نیە کەئایا نەتەوەیەکی دیاری کراو گەشەو پەرەدەستێنێ یان نا. ئەمە پڕۆسەیەکی هەڵبژێردراو و خۆبەخۆیە.26

**بلشویکەکان و مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین.**

کرێکاران خوازیاری جۆرێک دیموکراسیەتن کە هێلی بەتاڵ بوونەوە بکێشێتە سەر هەرجۆرە پێوەلکاندنێکی زۆرەکی و بە زۆرڕاگرتنی هەرگەلێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. لینین، «بەرنامەی نەتەوەیی حزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیا.» باسەکان لەپێوەند بەکێشەی نەتەوەیی و مافی گەلان بۆدیاری کردنی چارەی خۆنووسین بەکۆنگرەی (1930)تەواونەبوو. بەڵکوو لەدەیەی دواییشیدا درێژەی هەبوو. لینین لەچەندەها بابەت دا بەمەبەستی ڕوونتر بوونەوەی هۆکاری پشتی بەندی 9 درێژەی باسەکەی گرتە ئەستۆ. ئەو بەگشتی جەختی لەسەر کردەوە. «لەهەرکاتدا لەوانەیە کە ئەدەبیاتی سوسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا لەسەر «مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەی خۆنووسین»کەم پشت بێت، سەرەڕای ئەمە بەڕوونی پێشان ئەدات کە ئەم مافە زۆربەی کات وەکوو مافی جیایی پێناسە کراوە.»27

بیرساومەنتقی دەروونی لینین لە بەرگری کردن لە بەندی 9 ئەمەیە

که:»بەفەرمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلێکی چەوساوە بە حەتم بۆسوسیال دیموکراتەکانی ڕووسیا بەپێویستی و زەرووردەمێنێتەوە»... بەهۆی پاراستنی سەرەتایی ترین بنەچەی دیموکراسی بە گشتی.»28 بەواتایەکی دیکە «مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین» بەڵگەیەکە بۆ بوونی دیموکراسی کە لەوێدا نەتەنیا دیموکراسی بە گشتی بوونی هەیە، بەڵکو بەتایبەتی سیستمێکە کەلەوێ جێگایەک بۆڕێگا چارەسەری نادیموکراتیک سەبارەت بە مەسەلەی جیایی بوونی نامێنێت.»(29) هەروەها کە ئێمە دەبێت ببینین، لینین بەڵگەی زۆرتری دەهێنایەوە بۆ پشتیوانی لەم مافەوە، بەڵام ڕوانینی تایبەتی ئەو بەم مەسەلە بەهۆی دەوریەتی وەکو بنەچەوپرەنسیپێک کەسوسیالیستەکان ئەرکدار دەکات بە پەرەدان بە ئازادیگەلی دیموکراتیک و ئەرکدار بە بەدەستهێنانی خێراترین ڕێگای ڕزگاری مرۆڤەکان لە ژێرچەپووکی و چەوسانەوەی نەتەوەیی دا.

لینین بە شێوازێکی ڕێکوپێک وردەکاری ئەوەی کە کاردەکاتە سەر سوسیالیستەکان کە بەرگریبکەن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە دەردەبڕێت. سوسیالیستەکان دەبێت «بەبێ هەل و مەرج دژایەتی کەڵک وەرگرتن بکەن لەهەرجۆر وشێوازێک لەزۆر لەلایەن نەتەوەگەلی باڵادەست و دەسەڵاتدارەکانەوە(یان گەلێک کە زۆرینەی حەشیمەت دەگرێتە بەر) بەدژی نەتەوەیەک کەبیەوێت لە بواری سیاسیەوە جیابێتەوە.»30 سوسیالیستەکان دەبێت داخوازی بکەن کە مەسەلەی جیایی ناوچەیەک دەبێت بە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بێت بۆ دەنگی گشتی خەڵکی ئەو هەرێمەو حەشیمەتی ئەو ناوچەیەو دەبێت خاوەنی دەنگی یەکسان بن و بەدەنگی نهێنی بەئەنجام بگات. لەوەش زۆرترسوسیالیستەکان ئەرکی سەرشانیانە کەلێبڕاوانە ڕێبەرایەتی خەبات بگرنە دەست بەدژی تەواوی

ئەوکەسانەی کە لە هەر کاتێک دا بە گشتی چەوسانەوەی نەتەوەیی بە کردەوە دەردێنن و یان بەرگری لێوەدەکەن و یان دژ بە مافی گەلانن بۆ دیاری کردنی چارەی خۆنووسین.»31 لینین ئەرکی ئەوەی خستە ئەستۆی سوسیالیستەکان کە وەکوو بەشێک لە خەبات بۆ سیستمێکی دیموکراتیک، «خوازیاری یەکسانی بێ هەل ومەرج بۆ تەواوی گەلان بن و لێبڕاوانە خەبات بکەن بە دژی تەواوی ئەوەیکە سەروەری نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیە کراوەتە مەبەست.»32 بە شێوەی دیاری کراو، سوسیالیستەکان دەبێت بنچینە و بناغەی زمانی فەرمی وڵاتێک پەسەند نەکەن و بە جیگای یاسایەک دابنێن، کە لە تەواوی وڵاتدا بە کارببردرێت و بەرگری بکات لەمافی هەرکەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز لەوەی کە دانیشتووی کام بەش لە وڵاتە.33 تەواوی بەشەکانی ئیداری بۆ وێنە سیستەمی هەڵبژاردن و بەشی خوێندنگاکان دەبێت دەرخەری ئێکەڵاوی نەتەوەیی کۆمەڵ بێت. هەرجۆرە سەرپێچیەک لێی شیاوی لێپرسینەوەیە. لە دوای دا هەموو هەرێمەکانی وڵات، کە بە نیسبەت ئێکەڵاوی نەتەوەییەوە لەیەک جیادەکرێنەوە دەبێت لەجۆرێکی خۆبەڕێوەبەری و خودموختاری کە ئەنیستیتۆەکان و ئیدارەکانی لەسەر بناغەی گشتی، یەکسان و بەدەنگی نهێنی ڕێکدەخرێ، کەڵک وەرگرن.34

## هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی

هەرچەندە کە سوسیالیستەکان دەبێت هەمیشە بەرگری بکەن لە مافی گەلانی چەوساوە بۆ مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین، بەڵام لینین بەهیچ جۆرێک مەبەستی ئەوەی نەبوو کە سوسیالیستەکان بەشێوازێکی خۆبەخۆیی(ئوتوماتیک)دەبێت پشتیوانی بکەن لەهەر بزووتنەوەیەکی

جیایی خوازو سەربەخۆیی خوازانە. «سوسیالیستەکان دەبێت پێش هەر شتێک هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ ئەنجام بدەن، بارودۆخی پەرەسەندنی سەرمایەداری و ستەم و چەوساندنەوەی کرێکارانی گەلانی جۆراوجۆر لە لایەنی بۆرژوازی یەکگرتووی هەموو گەلانەوەو هەروەها ئەرکی گشتی بۆدەست پێ ڕاگەیشتن بەدیموکراسی لەبەرچاو بگرن، لەپیش هەمووی داو لەهەمووی زۆرتر بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ سوسیالیسم.»35 بەتایبەت ئەوەی کە سوسیالیستەکان دەبێت ئامادەبن .

دەبێت بە جەخت لەسەرکردنەوە هۆشداری بدرێتە کرێکاران و باقی چین وتوێژی زەحمەتکێش لەهەموو گەلاندا بە دژی هەڵخەڵەتاندنی ڕاستەوخۆی ئەوان بەدروشمگەلی سەرمایەداری «خۆیی»یەوە کەبە وتە ئاگرین و شیرین بازیەکانیان لەبارەی «نیشتمانی دایکیمانەوە» تێدەکۆشن بۆ جیاکردنەوەی کرێکاران و بەلاڕێدا کێشانی ڕوانینیان لە پلانەکانی سەرمایەداری. جا ئەمە لە کاتێک دایە کەئەوان (بـۆرژوازی نێوخۆیی) لەگەڵ بۆرژوازی گەلانی دیکەدا خەریکی چەق وپۆق لێدان و چوونە ناو یەکگرتوویەکی ئابووری و ڕامیارییەوەن. بەم هۆیەوە ئەگەر کرێکاران بە وتەکانی ئەوان هەڵخەڵەتن و یەکگرتوویی سیاسی لەگەڵ «سەرمایەداری خۆیی»دا بخەنە پێشەوەی یەکگرتوویەکی تـەواو لەگەڵ کرێکارانی هەموو گەلانەوە، ئەوکارەیان بە دژی بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی سوسیالیزم و دیموکراسییە.36 لینین ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە دەبێت جیایی و جیاوازیەکی ڕوون دابنرێت لە نێوان دووپلەی سەرمایەداری دا لەپێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی. پێکهاتەی کۆمەڵگای بۆرژوا-دیموکراتیک و ڕژیمەکەی و بەدوای ئەویشدا بەرەو فەوتانی دەرەبەگایەتی وحکوومەتی

ڕەها شوناسی یەکەمین پلەی سەرمایەداریە، بزووتنەوە نەتەوەییەکان لەنێوان ئەم پلەیەدا کەتەواوی چینەکۆمەڵایەتیەکانی کێشایە سیاسەتەوە، بزووتنەوەگەلێکی مەزن بوون.

پلەی دووهەم کەلەوێ دا ڕژیمگەلی سەرمایەداری بەشیوازێکی تەواو پێک هاتووە، پێناسەی بەڕاگری و یاسایی کردنەوەی ڕژیمگەلی سەرمایەداری و پەرەپێدانی درز و کەلەبەرو ئانتاگۆنیزمی سواوە لە نێوان کرێکاران وسەرمایەداری دا. ئەم پلەیە بە شێوازێکی زێدەکارانە کەلەبەرو ئانتاگۆنیزمی نێوان سەرمایەداری یەکگرتووی جیهانی وخەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکاری جیهانی دەکێشێتە بەرەی بەرانبەریەکەوە.37 لەپلەی دووهەم دا سوسیالیستەکان دەبێت پێش ئەوەی کە بکەونە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەگەلی نەتەوەییەوە، هەندێک پرسیاربکەن و وەڵامی هەندێک لە پرسیارە بنەڕەتیەکان بدەنەوە. ئایا بەڕاستی تاقمێکی دیاری کراو لەژێر چەوسانەوەدایە؟ ئایا لە نێوان ئەوکەسانەی کە لەژێرچەوسانەوەدان خودزانیاری نەتەوەیی بوونی هەیە یان نا؟ ئەگەر ئەم خودزانیاریە بوونی هەیە، ئایابزووتنەوەی نەتەوەیی خەریکی بەربڵاویە، یان لە پێشتردا هەبووە؟ لینین ڕوونی دەکاتەوە کە بەرنامەی ئێمە پێوەندی بەو بابەتانەوە هەیە کە لەوێ دا بەڕاستی بزووتنەوەیەکی زیندوو بوونی هەیە.38

گرنگترین پرسیارێک کە سوسیالیستەکان دەبێت وەڵامی پێ بدەنەوە ئەمەیە کە ئایا پشتیوانی لەبزووتنەوەیەکی دیاری کراوی نەتەوەیی لە لایەنی بەرژەوەندی چینی کرێکارایە یان نا؟ لە پلەگەلی دەست پێکردنی بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی دا ئاساییە کە ڕێبەرایەتیەکەی لە دەستی بۆرژوازی دایە. ئەوەیکە بۆرژوازی بەشوێنیەوەیەتی لە خەباتی نەتەوەیی دا، یان پلەبەندیەک بۆ «خۆی»ئەگەر لە پێشدا گەلێک بەپێی یاسا بە

فەرمی ناسێنراوە، مافی یەکسان لەگەڵ گەلانی دەسـەڵاتـدار بەسەر بازاری جیهانیەوەیەو یان ئەگەر ئەو نوێنەرایەتی خەباتی گەلێکی کەمینە دەکات، بەرژەوەندی تایبەتی بۆ تاقمەکەی خۆیەتی. ئێستا ئەمە ڕاستیەکە کە»ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی هەرگەلێکی ژێرچەپووکە بە گشتی ناوەرۆکێکی دیموکراتیکی هەیە، ئەویش بەدژی چەوساندنەوەوە ڕێنوێنی دەکرێت، و ئەمە ئەوناوەڕۆکەیە، کەبەبێ هەل ومەرج پشتیوانی لێوە دەکەین.» (39) بەهەرحاڵ لەوانەیە ئەوەیکە هەردوو لەگەڵ یەک دا ڕوودانی بوونی هەبێت، واتە وتار خوێندنەوە شیرین و ئاگرینەکانی ڕێبەرێکی دیاری بـۆرژوازی بەجیگای بەدەسهێنانی مافی یەکسان، کاریگەری دووبەرەکێ نیانەوەی هەبێت لە نێوان کرێکاران دا. لەڕاستیدا هەر جۆرە بەرژەوەندیەک کە چینی کرێکار لەوانەیە لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لەژێر ڕێبەرایەتی بۆرژوازی دا ببیێت، ئەمەیە کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرکەوتوانە بێت و نەتەوەی چەوسێنەر لە گۆڕەپان وەدەرنێت. بەم هۆیەوە هەل و مەرجێک بەرهەم دێنێت کە خەباتی چینایەتی بەرەو پێشەوەی گۆڕەپان دەبات. بەواتایەکی دیکە کرێکاران و بۆرژوازی نەتەوەیی لەوەزۆرتر لەوەی کە «دوژمنێکی هاوبەشیان»هەبێت، هاوبەش نین و بە ئاسانی دەکرێت کە بۆرژوازی وەکوو»دوژمنی چینایەتی» چاو لێبکریت. ئەگەر ئەم خەباتی نەتەوەییە بکێشرێتە دابچڕانی نێوان کرێکاران ئەم بەرژەوەندیە ئێتر ناوانرێ شوێنی بگیردرێ و لە بەرچاوی بگری.

لە کاتێکدا کە یەکسانی وبوونی مافی یەکسان لەپێوەندبەحکوومەتی نەتەوەیی بەفەرمی دەناسرێ، بایەخگەلی کرێکاری لە سەرووی هەموانەوەیە، و یەکگرتوویی و یەکڕیزی کرێکارانی هەموو گەلان لە پێشەوەی هەموویەوەیە و سەروەری هەیە بەسەر هەرداخوازیەکی نەتەوەیی و جیایی نەتەوەیی

دا. لەگۆشەنیگای خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە، ئائەوێنەی کە بۆرژوازی گەلی ژێرچەپووکە لەگەڵ وڵاتی زاڵ بوو بەسەریدا خەبات دەکات، ئێمەیش هەمیشە خەبات دەکەین و لەهەر بابەتێکەوەو لێبڕاوانەتر لەهەر کەسی دیکە قایل بە ئاوەها خەباتێکین، بۆئەوەی کە ئێمە پێبەندترین و ڕاوەستاوترین دوژمنی چەوسانەوەو ستەمکاریین، بەڵام تا ئەوێنەی کە بۆرژوازی گەلی ژێرچەپووکە و چەوساوە بۆبایەخە بۆرژوا ناسیۆنالیستیەکەی ڕاوەستاوە، بەدژی ئەوبایەخانە دەوەستینەوە. هەربۆ ئەمەیە کەکرێکاران بۆخۆیان سنوورو چوارچێوە دیاری دەکەن. جائەگەر لەبواری داخوازی بەفەرمی ناسینی «مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسینەوە» بینە گوتن و ئاخافتن:»هیچ زەمانەتێک بە هیچ گەلێک نادەین و هیچ بەڵێنیەکیش نادەین بە هیچ گەلێک لەسەردانی شتێک لەحسێبی گەلێکی دیکە.»40 لەئێوارەی یەکەمین ڕۆژی شەڕی جیهانی یەکەم دا لینین هەڵوێستی بلشویکەکانی لەپێوەند بە مەسەلەی مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە چەند رستەیەکی گرینگ دا ئاوەها دەربڕی: «بە فەرمی ناسینی مافی جیایی بۆهەموان، هەڵسەنگاندن لەهەرکام بەستراوەتەوە بەوەوە کە مەسەلەی جیایی لەم خاڵی ڕوانگەیەوە جێی مەبەست بێت، بنەبڕکردنی تەواوی نایەکسانییەکان، تەواوی سەروەری و ئاییەتمەندی و جیاوازیەکان.»41 بەواتایەکی دیکە، سوسیالیستەکان بەبێ هەل ومەرج پشتیوانی مافی گەلانن لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا، بەڵام ئەوان لە جیاکردنەوەی گەلێکی دیاردا مەرج دادەنین: ئەم جیابوونەوەیە دەبێت لەلایەنی بەرژەوەندی نێونەتەوەیی چینی کرێکارو لەلایەنی بنەچەو پرنسیپگەلی دیموکراسی بێت بەگشتی.

## لەدژایەتی خودموختاری نەتەوەیی کەلتووری

بەدژی تەواوی چەوسانەوە نەتەوەییەکان شەڕبکە؟ بەڵێ ئەڵبەت! بۆ هەرجۆرە لە پەرەگرتنی نەتەوەیی، بۆ»کەلتووری نەتەوەیی» بەگشتی شەڕبکە؟ ئەڵبەتە کە نە لینین

باوەری لینین، کە بیرۆکەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە مافێکی سیاسی دەزانی و لە کاتێک دا دژی یەکسان زانینی ئەم مافەبوو لەگەڵ مافی ئابووری یان کەلتووریدا، دووبارەو دووبارە، دەیان بردەوە ناو باس و کێشمەکێشێکی گەرمەوە. لەکۆنگرەی1903ەوە دەستی پێکرد و تاساڵی دوایینی ژیانیشی درێژەی هەبوو. لینین یەکسەر پێداگری دەکرد:»بەندی(9) ی بەرنامەی ئێمە دەربــارەی مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە ناتوانی هیچ واتاو لێکدانەوەیەکی دیکەی هەبێت بێجگە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی نەبێت. بۆ وێنە، جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.»42 پێناسەی لینین پەیتاپەیتا لەدوو لایەنەوە دەکەوتە بەردژایەتی. لەلایەکەوە ئوتوبائێرومارکسیستەکانی نەمسایی(ئوتریش) لایەنگرانی هەڵگری واتای کەلتووری مافی دیاریکردنی چارەنووس بوون. لەلایەکی دیکەوە، ڕوزالۆگزامبۆرگ ومارکسیستە پۆلۆنیاییەکان باوەڕیان وابووکە پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری شوێنگە و ئیمکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی فەوتاندوە.

بائێر ڕێبەری تێئوری داڕێژەری مارکسیستەکانی نەمسا(ئوتریش) بەمەبەستی بنبڕ کـردنـی دژبــەری و نەهێشتنی کـەلـەبـەرو لێڵی پێوەندی نێوان ناسیۆنالیستەکان و کرێکارگەلی نێونەتەوەیی بەرنامەی مامۆستایانەی»خودموختاری نەتەوەیی کەلتووری» پێشنیار کرد. بائێر لەبیری ئەمەدا بوو کەهاوپشتی بزووتنەوە کرێکاریەکان لەئێمپراتووریەتی

نەمسا(ئوتریش) مەجارستان بپارێزێ. ئەم ئێمپراتووریەتە وڵاتێکی چەند نەتەوەیی بوولە ژێردەسەڵاتداری هاپسبۆرگ دا، کە ئەوانەی کە ئێمە ئەمڕۆ بە ئوتریش، مەجارستان، کۆماری چێک، سلواکی و زۆربەی هەرێمەکانی یوگسلاویای پێشوویانی ناودەنین، لەخۆدەگرت. کێبڕکێ بۆبەشی یەکسان لەنێوان گەلانی دەسەڵاتداری: ئەڵمانیا، مەجارەکان و گەلانی جۆراوجۆر لە سلواکیەکان یەکپارچەیی و یەکایەتی ئێمپراتووریەتی خستبووە مەترسیەوە. مارکسیست گەلی ئوتریشی بەهەڵە وایان بیر دەکردەوە کە بۆپاراستنی یەکڕیزی و یوکگرتوویی بزووتنەوە کرێکاریەکان دەبێت بەربگرن بە هەڵوەشاندنەوەی وڵاتی هاپسبۆرگ.(لەمەسەلەی گەلان و سوسیال دیموکراسی دا 1907).

بائێر نەتەوەی بەم شێوەیە پێناسەکردبوو: «کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان کە چارەنووسێکی هاوبەش گرێیانی داوەتە یەکەوەو کۆمەڵگایەک لەتاکەکانیان (بەنیشانێکی تایبەتی) پێکهێناوە.»43 ئەونەتەوەیی بوونی لەنێوان کرێکاراندا بەهەستێکی دووری هەڵنەگر دەزانی. بۆیە ئەو داواکار (مودەعی) بوو کەتاکی مرۆڤ لەچاخی مودێڕنەدا بەرهەمێکە لەنەتەوە. بەوتەی بائێر کەسانێکی سەربە نەتەوەیەک لەڕاستی دا دنیا بەشێوەیەکی دیکە دەبینن. بەجیاواز لەتاکی سەربەگەلێکی دیکەوە وئەزموونێکی جیاوازیان هەیە لێی. چۆنگە ژینگەی کەلتووری بێوێنەو تایبەتی پێک دەهێنێت لە هزرو کردەوەیان دا. بائێر هۆکاری دەهێنایەوە کە«سوسیالیستەکان بەجێگای دانەدواوەو ڕەدکردنەوەی ناسیۆنالیزم دەبێ بیرۆکەی نەتەوە بەباش پیشاندەن و بەفاکتەرێکی گرینگی کۆمەڵایەتی، مێژوویی بزانن لە ژیانی مرۆڤدا و بەنەتەوەیەگەلی جۆراوجۆر بلێن کە تەنیا لەسوسیالیزم دایە کە کەلتووری نەتەوەیی دەگاتە پەرەسەندن و پێشکەوتنی خۆی.»44 بەدەستەواژەی«خودموختاری نەتەوەیی کەلتووری»

بائێر لایەنگری پێکهێنان و فۆرمی نەتەوە بوو بەشێوازی»زیادەبەسەر هەرێم»دا. هەربەم پێیە»خودموختاری»وەکوو بە کۆماری کردنی چێک بەپێی ئەوەی کە چێکەکان لەناوچەیەکی دیاری کراو لە ئێمپراتووریەتی نەمسا_مەجارستان زۆرینەی نەتەوەیی پێک دەهێنن نەدەدرا، بەڵکوو خودموختاری دەدرێتە یەکەیەکەی کەسانی چێکی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەکام ناوچە و گرینگ نییە کە ئەوان نیشتەجێی کام ناوچەن لەژێر دەسەڵاتی هاپسبۆرگ دا.

بەکردەوە دەرهێنانی ئەم بیرۆکەیە پێویستی بەمەیە کە چێکەکان، سێربەکان، ئەڵمانیاییەکان، مەجارەکان و.....هیند ئاەوێنەی کە لەژێردەسەڵاتی ئێمپراتووریەت دا پرژوبڵاون لەبواری ئیداریەوە ڕیکبخرێن وەکوو»نەتەوەگەلێکی» جیاواز. ئەوشتەی کە دواییەکان تێکەڵەی دەسەڵاتی هاپسبۆرگ پێکدەهێنن. نەتەوەیی بوون بۆ بائێر گرێ نەدەدرایە هەرێمێکەوە، بەڵکوو وەکوو توخمی ژیان و شوناسی کەس کاری دەکرد. لینین بە توندی بەرنامەکەی بائێری بۆ قەرەبوو کردنەوەو ڕێک و پێک کردنی نایەکسانی نەتەوەیی دایەدواوەو ڕەدی کردەوە، بەدژایەتیەک وهەوڵێکی مەترسیداری نرخاند کەبە «شەڕی ناسیۆنالیزم بچینە شەری ناسیۆنالیزمەوە.»45 لینین ڕایگەیاند کە «خودموختاری نەتەوەیی کەلتووری ڕەسەنترین جۆری ناسیۆنالیزمەو هەربەم هۆیەوە زیانمەندترین جۆریشیەتی.» لینین باوەڕی وابوو کەخودموختاری نەتەوەیی کەلتووری لە کردەوەدا دەتوانێت ببێتە هۆی کەوتنە پەراوێزو هەژاری زۆرتری کەمینە نەتەوەییەکان. ئەو بۆ ئەوەی کەوێنەیەک لەئەو کەمووکۆڕیەی بائێر بداتە دەستەوە ئاماژەی بەیاسای زاڵمانەی «جیمکراو» کرد لەپێوەند بە ڕەشپێستەکانی ئەمریکادا و ئەو یاسایەی کەدەیگوت(جیاواز بەڵام یەکسان) بە ئایدۆلۆژیایەکی دووپاڵۆو

دووڕووی دەزانی لەمێژووی ئەمریکادا.

«هەرئێستا ئێمە شایەتین کەنەتەوە جۆراوجۆرەکان پێکەوە یەکسان نین و ڕادەی پەرەسەندنی ئابووریان هەمووپێکەوە یەک نییە. لەئاوەها بارودۆخێک دا، جیاکردنەوەی خوێندنگاکان لەسەر بناغەی نەتەوەیی لەڕاستی داو بەدڵنیاییەوە دۆخی ژیانی وڵاتانی دواکەوتوو خراپتر دەکات.46 لەئێستادا ئێمە دەبێت هەل ومەرجێکی بنەڕتی دیموکراتیک پێک بێنین کەلەوێ دا گەلان بتوانن لەسەر بناغەی مافی یەکسان پێکەوە بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە بژین.»47

لینین بە جیاوازی بنەڕەتی قایل بوون لەنێوان شەڕکردن لەگەڵ هەرجۆرە هەڵاواردنێک دا کە بەکردەوە دەردێت بەسەر هەردەستە وگرووپێک دا لەسەر بناغەی زمان یان کەلتووریان دا و سەرهەڵێنانی کەلتوورێکی نەتەوەیی دیاریکراو، هەموو ڕوانگەی بائێری دایەبەر ڕخنە،» ئەو پێداگری دەکرد کەلەڕاستی دا خودموختاری فەرهەنگی نەتەوەیی بوونی دوو کەلتووری لەنێوان هەر کەلتوورێکی»نەتەوەیی» لەخۆیدا حەشارداوە.»48

لەهەر کەلتوورێکی نەتەوەیی دا بەهۆی ئـەوەی کە لەنێوان هەرگەلێک دا زەحمەتکێشان و جەماوەرێکی چەوساوە بوونی هەیە، ناقۆک و توخمێک لە کەلتووری دیموکراتیک وسوسیالیستی بوونیان هەیەو بەدڵنیاییەوە بارودۆخی ژیانی ئەم توێژە ئایدۆلۆژیای دیموکراسی و سوسیالیزم بەهێزتردەکەن. بەڵام هەروەها لەنێوان هەرگەلێکیشدا کەلتووری بۆرژوازی و(لەزۆربەی گەلاندا کەلتووری ئێداری و دواکەوتووانە لەپێکهاتەو لەفۆرمدا، نە بەتایبەتی ناقۆک و توخمەکەی) بوونی هەیە. بەم هۆیەوە فەرهەنگی گشتی وزاڵی نەتەوەیی فەرهەنگ وکەلتووری خاوەنان، ڕۆحانی

و ئایینیەکان و سەرمایەداری دەبێت.49

ئەوکاتەی کە»مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەی خۆنووسین» لە بەرژەوەندی سیاسیەوە بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندیەکی کەلتووری، گەلانی چەوساوەو ژێرچەپووکە بە زۆردەکەونە ژێر کارتێکەری و زاڵ بوونی کەلتووری (بـۆرژوا ناسیۆنالیستی توندوتیژەوە). ئەم کەلتوورە وەکوو مادەسڕکەرەکان هزر و بیری کرێکاران دەشێوێنێت، ناچالاک وخراپ و پرژوبڵاویان دەکاتەوە تا بۆرژوازی بتوانێت ئەوان هەوسارو دەست بەستراو بەرەوهەرلایەنێک بەرێت.50 هەر بۆ ئەمەیە لینین پەیتاپەیتا گوتوویە کە»ئێمەلە هەر کەلتوورێکی نەتەوەییدا تەنیا توخم و ناوەرۆکە دیموکراتیک و سوسیالیستیەکەی وەردەگرین و پەسەندی دەکەین، ئێمە تەنیا و تەنیا لە بەرانبەرکێ لەگەڵ کەلتووری بۆرژوازی و بۆرژوا ناسیۆنالیستی هەرگەلێک دا وەریدەگرین.»51

درێژەی هەیە......

سەرچاوەکان:

1 V.I. Lenin, «The Right of Nations to Self–Determination, Collected Works Vol. 20, (Moscow: International Publishers, 1964), p. 397.

2 Lenin, «Right of Nations, » p. 396.

3 Tony Cliff, Rosa Luxemburg (London: Bookmarks, 1980), p. 55

4 Chris Harman, «The Return of the National Question, » International Socialism 56, Autumn 1992: p. 18.

5 Cliff, p. 56.

6 Karl Marx and Frederick Engels, The Communist Manifesto (New York and London: Verso Press, 1998), p. 58.

7 Marx and Engels, The Communist Manifesto, p. 58.

8 Marx, «Letter of 2 November 1867, » Marx–Engels Collected Works , Vol. 42, (Moscow: International Publishers, 1987), pp. 46061–.

9 Marx, «Letter of 30 November 1867, » Collected Works, Vol. 42,

pp. 48687–.

10 Marx, «Letter of 29 November 1869, » Collected Works, Vol. 43 (Moscow: International Publishers, 1987), pp. 39091–.

11 Harman, p. 19.

12 This is the date of the founding of Theodor Herzl›s new Zionist organization and is commonly accepted as the birthdate of modern political Zionism. There were, however, precursors. As Zachary Lockman points out: «The first organized political manifestation of this new nationalism [Zionism] was the small and loose knit Hibbat Tziyon («Love of Zion») movement, which crystallized after the pogroms of 1881 and took the form of a network of local associations established to promote Jewish immigration to and settlement in Palestine, and the reconstitution there of Jewish national life.» Zachary Lockman, Comrades and Enemies: Arab and Jewish Workers in Palestine, 19061948– (Berkeley and Los Angeles: University of California Press, 1996), p. 24.

13 Grigorii Zinoviev, History of the Bolshevik Party (London: New Park Publications, 1973), p. 88.

14 1903. Second Ordinary Congress of the RSDLP. Complete Text of the Minutes. Brian Pearce, trans. (London: New Park Publications, Ltd., 1978), p. 78.

15 1903, p. 98.

16 1903, p. 118.

17 1903, p. 118.

18 1903, p. 118.

19 1903, p. 118.

20 1903, p. 118.

21 1903, p. 119.

22 Lenin, «Theses on the National Question,» Collected Works, Vol. 19, p. 249.

23 1903, p. 6.

24 1903, p. 506.

25 1903, p. 506.

26 1903, p. 230.

27 Lenin, «Right of Nations,» p. 442.

28 Lenin, «Theses,» p. 243.

29 Lenin, «The National Programme of the RSDLP,» Collected Works, Vol. 19, p. 543.

30 Lenin, «Theses,» p. 244.

31 Lenin, «Theses,» p. 244.

32 Lenin, «Theses,» p. 245.

33 Lenin, «Theses, » p. 246.

34 Lenin, «Theses, » p.246.

35 Lenin, «Theses, » p. 244.

36 Lenin, «Theses, » p. 245.

37 Lenin, «Right of Nations, » p. 401.

38 Lenin, «Right of Nations, » p. 405.

39 Lenin, «Right of Nations, » p. 412.

40 Lenin, «Right of Nations, » pp. 41112–, p. 410.

41 Lenin, «Right of Nations, » p. 412.

42 Lenin, «Theses, » p. 243.

43 Otto Bauer, «The Nationalities Question and Social Democracy, » The Nationalism Reader, Omar Dahbour and Micheline R. Ishay, eds. (Atlantic Highlands, NJ: Humanities Press, 1995), p. 183.

44 Harman, p. 20.

45 Lenin, «The National Programme of the RSDLP, » p. 541.

46 Lenin, «Cultural–National Autonomy, » Collected Works, Vol. 19, p. 504.

47 Lenin, «The Nationality of Pupils in Russian Schools, » Collected Works, Vol. 19, p. 532.

48 Harman, p. 31.

49 Lenin, «Critical Remarks on the National Question, » Collected Works, Vol. 20, p. 24.

50 Lenin, «Critical Remarks, » p. 25.

51 Lenin, «Critical Remarks, » p. 24.

52 Lenin, «Once More on the Segregation of the Schools According to Nationality, » Collected Works, Vol. 19, p. 549

## *((پیناسەی نووسەری ئەم کتێبە))

تام لۆیز ئێستا لە زانکۆی ئـایـوا(iowa) لە کۆلیجی زمانەکانی ئیسپانیایی و پرتەغالی وانە دەڵێتەوەو هەر لەو زانکۆیەدا پرۆفیسۆری بـواری خویندنەوەی نێونەتەوەییە. لۆیز نووسەر ووەرگێڕی ((ئوسکار ئۆلیڤورا))لە کاتی رێکخستنی شۆڕشی گشتی لە بۆلیڤی دا لەساڵی 2004 بەدژی گولووبالیزاسیۆن (جیهانگیری) وشەریکەکانی مافی بوو کە بوو بەهۆی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکەکەی. «ئەو بزووتنەوەیە بە ڕاپەڕینی کۆچابامبا(cochabamba) یان شەڕی ئاو لەبۆلیڤی دا بەناوبانگە.» لەساڵی 1997دا «لاترانسفۆرماسیۆن دلاتیۆریاla transformacion de la teori»ی بەچاپ گەیاندو لەساڵی 1999دا لەگەڵ هاوکارەکەیدا دەستی دایە کۆکردنەوەو ڕیکخستنی «کلتوور ودەوڵەت لە ئێسپانیا»ی نیوان ساڵەکانی 1550هەتا 1850و لەساڵی2000دا کتێبی مارکسیزم وناسیۆنالیزمی نووسی. لەساڵی 2002دا ژمارەی تایبەتی بڵاوکراوەی «ئەنترناسیۆنال سوسیالیست روڤیۆ international socialist review»ی(داهاتووی بزووتنەوەی دادپەروەری جیهانی)ڕێکخست و خستیە بەر دیدی خوێنەران. «ئەم بابەتە بەرێز عەلی یارئەحمەدی لە ئینگلیزیەوە کردویەتە فارسی»

# ماركسیزم و ناسیۆنالیزم

تام لۆیز*

وەرگێڕان لە فارسییەوە: شەماڵ

## لوکزامبۆرگ و ئۆکۆنۆمیسمی ئێمپریالیستی

هەروەها کە دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بە دەستی خۆیان دەبێت لە پێوەندبە دەورانی ئێمپریالیستی سەرمایەداری بچێتە پێشەوەر بەکردەوە دەربێت. («مەسەلەی ئاشتی» و.ا.لنین)

لنین لە بەرانبەر کەلتووری ناسیۆنالیزمی «ئنۆبائێر»دا بەڵگەی دەهێناوە کە سوسیالیستەکان بەجێگای بەدەستە وەگرتنی دروشمی کلتووری نەتەوەیی، کەلتووری نێونەتەوەیی لەسەر لافیتە (پلاکاردە) کانیانەوە دەبێت. دروشمێک کە تەواوی نەتەوەکان دەخاتە یەکگرتوویيەکی سەروترەوە، لە یەکگرتوویی سوسیالیستی دا یەکیان دەخات. ئەو رێگایەی کە هەرئێستا بە جیهانی بوونەوەی سەرمایە خەریکە قیرتاو دەبێت. «بەلام رێک هەر ئەو یەکگرتوویی ئێمپریالیستی بوو وەکوو سەرووترین پلەی سەرمایەداری کە مارکسیزمی بەناوبانگی لەهێستانی، روزا لۆکزامبۆرگی هێنا سەرئەوەی کە لەپێوەند بەمەسەلەی نەتەوایەتی هەلوێستێکی تەواو جیاواز لەلنین دەرببڕێت. هەرچەندە کە لوکزامبۆرگ ئەمەی بەفەرمی دەناسی کە کێشەی نەتەوەکان بۆ سوسیالیستەکان پێویستی و بنەڕەتی بوو، بەڵام ئەو داواکاربوو ئیدیعای دەکرد کە لـەدەورەی پێشکەوتوو مۆدێڕنی ئەمڕۆژیدا تەواوی ئاخافتنەکان لەسەر مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا وەهم و حەیاڵێکی زۆرتر نییە. ئەو نووسی: «ئەوەیکە نەتەوەکان هەمیشە و لە

تەواوی وڵاتان دا خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بن، شتێک بێجگە لە بناغەیەکی متافیزیکی نییە. «لوکزامبۆرگ لە «مەسەلەی نەتەوایەتی و خودموختاری»دا 1909، بناغەی دژبوونی خۆی لەگەڵ لنین لەسەر ئەم بنەچەیەوە دانابوو کە:(1)» بوونی راستەقینەی» مافی دیاری کردنی چارەی خۆنووسین» بۆ هەموو تاقمە نەتەوەییەکان یان هەرشتێکی دیکە کەگەلانی پێناسە کردووە بە هەڵەچوون و ئیتۆپیایەکە، رێک بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای هاوچەرخ بەپێی مێژوو پەرەئەستاندنیان پێ خۆشە. «(2) بە گوتەی لوکزامبۆرگ ئەم پێ خۆشبوونە دووشێوەی بناغەی دەگرێتەخۆ: یەکەم ئەوەی کە، گەشەکردووی ژمارەیەک لەنەتەوەکان وەکو پێشڕەوانی سەرمایەداری بەم واتایەبوو کە سەربەخۆیی گەلانی بچووکتر بە شێوازێکی زێدەکارانە بببووبە خەیاڵ و سەرنەگرتوو. «ئابووری و سیاسەتی زهلێزەکان، وڵاتەبچووکەکانی لەبواری ڕامیاریەوە سەربەخۆ و بەفەرمی یەکسان لەگەڵ ئەوروپای دەکردە وڵاتێکی بێدەنگ لە گۆڕەپانی ئەوروپادا و زۆرتر دەیانکەنە قەڵغانی«(3)، بەڵام لەم بوارەوە «ئایدیای دڵنیاکردنی تەواوی «گەلان» لەوەی کە بگەن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکسانە بە گەڕانەوە لە پەرەئەستاندنی گەورەی سەرمایەداری بەرەو وڵاتانی بچووکی سەدەی نێوەڕاستی.» (4)

دووهەم، کەڵک وەرگرتنی زۆرتر لە وڵاتانی ژێرچەپوو کە لەلایەن بەهێزترین وڵاتانی سەرمایەداریەوە }کەپەرەئەستاندنی ئێمپریالیزمە{ نەک تەنیا راستی و واقێعی بوونی سەربەخۆیی، بەڵکوو بوونی مافی دیاری کردنی چارەنووسیشی لاواز کردەوە. لوکزامبۆرگ بەڵگەی دەهێنایەوە کە «پەرەئەستاندنی بەرفراوانی بازرگانی جیهانی لەپلەی سەرمایەداری دا، هەرچەندە لەهەل و مەرجێکی هێدی دا، بەڵام فەوتانی وڵاتانی

سەرەتایی لێ دەکەوێنەوە، وئاواتی دەست پێڕاگەیشتنی ئەوان بەمافی دیاری کردنی چارەنووس لەنێودەبات، و ئەوان گرێ دەدات بە سیاسەتی جیهانی و چەرخی هاڕەری پەرەگرتوویی سەرمایەوە. «(5) بەهەرحاڵ واقێعی تێکۆشانێکی گشتی بۆ جیاکرنەوەی ئەو وڵاتانەی کە هەن و کردنیان بەیەکە گەلی نەتەوەیی و دووبارە لەسەربناغەی مۆدێلی حکومەتگەلی نەتەوەیی لکاندنیان بەیەکەوە، بەتەواوی هێوابڕەو ئەگەر بەپێی مێژووش باس بکەین بەڵێنیەکی کۆنەپەرەستانەیە. «(6) لوکزامبۆرگ بەو وتەیەی لنین کە دەیگوت مافی دیاری کردنی چارەنووس مافێکی دیموکراتیکە، مافێکە سۆسیالیستەکان دەبێت هاوکات لەگەڵ داخوازیە دیموکراتیەکانی دیکە پشتیوانی لێوەبکەن، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: خاڵی روانگەکانی سەرەوە بەتەواوی ئەم راستیە کە ئەم «مافە» کە لەڕواڵەت دا هاوشێوازی یەکن، بەڵام بەتەواوی لەپلە گەلی مێژوویی جیاوازدان، لە بەرچاو ناگرێ. مافی پێکهێنانی ئەنجومەنەکان و پەرلەمان، ئازادی رادەربڕین ئازادی رۆژنامەوانی و...هتد، فورمگەلی یاسایی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری تەواو پێشکەوتوون، بەڵام «مافی گەلان لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دا»، تەنیا ریزبەندیەکی میتافیزیای ئایدیایەکە بە تەواوی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا بوونی نیەوتەنیا لەسەر بناغەی رژێمێکی سوسیالیستیە کە ئەم مافە دەتوانێ دەستەبەربێت. «(7) لنین لەچەند نووسراوەیەکدا بەتوندی ئەم داواکاری و ئیدیعایەی لوکزامبۆرگی رەتدەکردەوە کە دەیوت: مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان پێوەندیەکی بەچاخی ئێمپریالیستیەوە نییە. لنین رایگەیاند کە «سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی میراتێکە کە لەڕژێمە پاشایەتی و زۆرداریەکانەوە بەجێ ماوەتەوەو لەلایەن خاوەن زەوینان و سەرمایەداران و وردەبۆرژوازیەکانەوە بەمەبەستی بەرگری لەسەرووەری

چینایەتی حۆیان، هەروەها بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان کرێکارانی گەلانی جۆراوجۆردا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. «ئیمپریالیزمی مودێرن داخوازی هینانە ژێر ڕکێفی گەلانی لاوازتر پەرە پێ ئەداتُ، و هەرئەم فاکتەرە نوێیەیە کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی توندترەدەکاتەوە.«(8) لنین باسی کرد کە «بەهۆی ئەوەی کە ئێپریالیزم لەراستی دا گرتنە ژێرچنگی گەلانی لاواز لەلایەن گەلانی بەهێزەوە زۆرتر دەکاتەوە، بەگشتی دەبێت خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی دەورێکی زۆرتر بگێڕێ لەچاخی ئێمپریالیستی دا تاوەکو لە رابردوودا، ئەم وتەیە راست بوو، بەتایبەتی لەوشوێنانەی خەڵکی ژێرچەپوو کە لاوازترین بوون، لەوانە ئەفریقیا و ئاسیا.

بۆ وێنە کاتێک سەرمایەداری لە تەواو ئاسیادا بڵاوەی کرد، بوو بەهۆی سەرهەلێنانی چوارەمین بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی لەسەرانسەری کیشوەرو ناوچەکەدا. داخوازی ئەم نەتەوانە بەرەو لایەنی پێکهێنانی حکوومەتێکی نەتەوەیی بوو. لەکاتێک دا ئەم حکوومەتانە باشترین هەل و مەرجیان بۆ پەرەئەستاندنی سەرمایەداری پێک دەهێنا.«(9) لەڕوانگەی لنینەوە مارشی جیهانی سەرمایەداری «زۆرلەوە دوورتربوو کە داخوازی سوسیالیستەکان بۆ پشتیوانی لەمافی دیاری کردنی چارەنووس لەنێوبەرێ.«لەڕاستی دجا حەقانیەتی ئەم داخوازی و پێویستیەی زۆرتر کردوەتەوە. وڵاتانی نیوە داگیرکراو (موستەعمێرە) لەوانە چین، ئێران و تورکیا و تەواوداگیرکراوەکان، پێکەوە 1000 ملیۆن حەشیمەتیانە. لەم وڵاتانە بزووتنەوە گەلێکی بۆرژوا دیموکراتیم بە چڕی دەستی پێ کردوە، یان هێشتا رێگایەکی درێژی لەپێش دا هەیە. سوسیالیستەکان نەک تەنیا دەبێت بەبێ هیچ چاوەڕوانیەک خوازیاری رزگاری بێ هەل و مەرجی و دەست بەجێی ئەم دەگیرکراوانە بن، ((ئەم داخوازیە لەڕوانگەی سیاسیەوە شتێک نە جگەلە بەفەرمی ناسینی

مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان.)) «ئەوان هەروەها دەبێت لێبڕاوانەتر، لەکەسانی شۆڕشگێڕتر لەبزووتنەوە بۆرژوا دیموکراتیکەکانی ئەم وڵاتانە بۆ رزگاری نەتەوەیی پشتیوانی بکەن و یارمەتی بە ڕاپەرین و یان شەڕی شۆڕشگێڕانەی (ئەگەر یەکیان هەبێت) ئەوان بکەن بە دژی هێزە ئێمپریالیستیەکان کە ئەوان دەچەوسێننەوەو زوڵمیان لێ دەکەن. «(10) بەهۆی ئەوەی کە لوکزمبۆرگ نەیتوانی لەپێوەندی دینامیکی و دێژخایەنی نێوان سەرمایەداری و ناسیۆنالیزم لەپلەیەکی ئێمپریالیستی دا تێبگات، «دواجار هەڵس و کەوتێکی نهێلیستی گرتەبەر لەپێوەند بە کێشەی نەتەوایەتی دا. «(11) لنین دەیوت: هەرچەندە کە شیکردنەوەکانی ئەو (بێجگە لە چەند بەشێک) لەپێوەند بە دژواری کۆتایی هێنان بەچەوساندنەوەی نەتەوەیی لە رژێمی سەرمایەداریدا راست بوو، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتی ئەوی لەراستیەتی دوورکردەوە. لەنێوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا نەشیاوە، بەهۆی ئەوەی کە لەنێوبردنی هەرچەوساندنەوەیەک پێویستی بەسڕینەوەی چینایەتیە. بەڵام لەکاتێکدا ئەم چەوساندنەوەیە بناغەی لەسەر بنەچەی ئابووریەوەیە، سوسیالیستەکان ناتوانن تەنیا ئابووری پاڵپشتیان بێت. سازکردنی سیستمێکی (بەرهەم هێنانی سوسیالیستی) بۆ لەنێوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی پێویستیە، بەڵام ئەم سیستمە دەبێت رێکخراوێکی دیموکراتیکی وڵات، ئەرتەشی دیموکراتیک، و ...هێند لەخۆ بگرێت. چینی کرێکار بە گواستنەوەی سەرمایەداری بەرەو سوسیالیزم هەل و مەرجی ئەگەری ئەوەی کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەنێوبەرێ پێک دێنێت، ئەک ئەگەرە کاتێک دەبێتە راستی کەبەس بەتەنیا دیموکراسی تەواو لەهەموو شانەکان و هەرێمەکاندا بناغەی دابرێژرێت. «لەوانە سنووری وڵاتان بەپێی خواستی سروشتی حەشیمەت، و لەوانەش

ئازادی تەواو بۆجیابوونەوە، دیاری بکرێت.»(12) بەواتایەکی دیکە شۆڕشێکی سویالیستی سەرکەوتوو هەل و مەرجێکی نوێی ئابووری پێک دێنێت کە هۆکاری ماددی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بنەبڕدەکات، بەڵام ئەمەبزانین کە پاراستنی ئیسک و پرووسک و چوارچێوەی دیموکراتیک لەسیستمێکی ئابووری نوێ دا پێوەندی بەناوەڕۆک و چۆنیەتی ڕێکخستنی دەوڵەتێکی رامیاریەوە هەیە کەخۆی، بۆ لەنێوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی قوڵی هەڵمەتی لێ هەڵماڵیوە و هێزی ئەوکارەی هەبێت. لنین گەورەترین هەڵەی لوکزامبۆرگی خستە بەرچاو کە ئەوەش نێنەگەیشتن لە گرینگی لایەنی رامیاری کێشەی نەتەوایەتیە کە بەهۆی ئەوەوە کەوتووتە داوی ئوکونۆمیزی ئێمپریالیستیەوە.

رووکردنە «ئوکونۆمیزم» لەساڵەکانی 1890 لەنێو مارکسیسنەکانی رووسیادا چووە سەرەوە، و ئەوروانگەیەی نوێنەرایەتی دەکرد کە «کرێکاران دەبێت بەرژەوەندی خۆیان لە هیچ شتێک دا بێجگە لمەسەلەی تایبەتی ئابووری نەبیننەوەو بەدووی نەکەون: هەر شتێکی دیکە پێوەندی بەکرێکارانەوە نیە، ئەوان لەشتگەلی دیکە نێناگەن و ئێمە دەبێت لەسەر کێشە گەلێک لە گەڵیاندا قسە بکەین کە راستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەریان و ئەوەش داخوازیگەلی ئابووریە.«(13)

ئێستە لاوازی ئوکونۆمیزم ئەمەبوودەبووبە لەمپەرو بەرگیری دەکرد لە کرێکاران لەبەشداری و رێبەری کردنی خەبات بەدژی هەرچەوساندنەوەیەکی رامیاری و سیاسی لەوانە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بێ هێزیانی دەکرد. ئوکونۆمێزم بەکردەوە کارەکەی زۆر دژوار دەکردەوە کە پیشان بدرێت، کە پێویستی و بەرژوەندی چینایەتی کرێکاران لەیەکگرتوویان دایە. ئوکونۆمیزم بوبەلەمپەر لەسەرڕێ و بەرگیری دەکرد لەوەی کە کرێکاران دەستیان

بەئەزموونگەلێک بگاتٛ بۆئەوەی کەبتوانن بەوە چەخماخەی پەرەئەستاندنی تەواوی دیموکراسی و پرنسیپەکانی نێونەتەوەیی لێبدەن. لەڕوانگەی لنینەوە دووری گرتنی لوکزامبۆرگ لەمافی گەلان لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دا بەجۆرێک ئەوی گیروودە بە «جۆرێک لە ئوکونۆمیزمی ئیمپریالیستی کردووە.»

بۆ وێنە ئوکونۆمیستەکانی ساڵگەلی 1894__1902 ئەو کەسانەی بەم شێوەیە بەڵگەیان دەهێنایەوە: «سەرمایەداری براوەیە، بەم هۆیەوە کێشەگەلی رامیاری بەفیرۆدانی کاتە.!»(14) لەراستی دا: روزالو کزامبۆرگ مەسەلەی سەربەخۆیی ئابووری گەلانی کردبووە جێگرتەی مەسەلەی رامیاری مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان و سەربەخۆییان وەکوو وڵاتێک لەکۆمەڵگای بۆرژوازی دا. «ئەم روانگەیە بەو رادەیە وشیارانەیە کە بۆ وێنە ئەگەر کەسێک، ویستی بەرنامەکانی سەروەری پەرلەمان، بۆ وێنە مەجلێسی نوێنەرانی خەڵکی لە کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی دا گەڵاڵە و شێکاری بکاتٛ و ڕوونی بکاتەوەو بەشێوە گەلێکی رێک و پێک دەوروبەرەکانی تێبگەیەنێتٛ کە دەسمایەیەکی گەورە لەوڵاتێکی سەرمایەداری دا دەسەڵاتٛ دەکاتٛ، تۆفیرێ ناکاتٛ کە چ رژێمێک دەسەڵاتٛ دارە. «(15) لێرەدا لنین تێگەیشتٛ کەلەڕاستی دا چاخی ئێمپریالیستٛ گرنگی رامیاری و سیاسی لەبزووتنەوە گەلی کرێکاری دا پەرەپێ دەداتٛ، نیگەرانی ئەو ئەمەبوو کە لوکزامبۆرگ و سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا لە دژایەتی لەگەڵ مافی دیاری کردنی چارەنووسی پۆلۆنیاییەکان بەدەستی خۆیان لەبیریان چوەتەوە کە «بەرنامەی سوسیال دیموکراسی دەبێتٛ بەحەتم وای دابنێتٛ کە دابەشکردنی نەتەوەکان بەنەتەوەی چەوسێنەرو چەوساوە کۆڵەکەی بنەڕەتی، گرینگ و جێی چاوپۆشی لێنەکردنی ئێمپریالیسمە. «(16) بەم هۆیەوە ئەمە گرنگ

نیە کە بۆ وێنە لەپەنجا یان یەک لەسەدی گەلانی بچووک لە پێش شۆڕشی سوسیالیستیەوە رزگاربوون، گرینگ ئەم راستیەیە کە لە چاخی ئێمپریالیستـ دا، پرۆلیتاریاو کرێکاران بەهۆی کاری ماددی بەدووئۆردووگا دابەشکراون.

«یەکێک لەوانە کە بە رێزەوڵی داکەوتوولەخوانی بـۆرژوازی نەتەوەی سەردەستـ (کە لەنێوان شتگەلی دیکەدا ئەوەی لەتاڵان و برۆ و چەوساندنەوەی دوو بەرابەر و سێ بەرابەری گەلانی بچووک دا بەدەستی هێناوە)، کیشراوەتە گەندەڵی دا، و ئەویەکەکەی دیکەش کە بەبێ رزگاری گەلانی بچووک و بێ زانیاری دان بە جەماوەری خەڵک لەپێوەندبە دژی شۆڤێنیستـ بوون، یان دژی پێوەستـ کردن و مافی دیاری کردنی چارەنووس خوازی، ناتوانێتـ خۆی رزگار بکاتـ. «(17) لنین لەوتە و باسەکانی دا لەگەل لوکزامبۆرگ روونیکردەوە کە ئەمرۆژە لەتەواوی کاتەکاندا مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان چوارچێوەی چالاکیمان دەبێتـ لەرێگاو ئیدارەو بەرێوەبردنی سوسیالیزم لەوڵاتانی چەوسێنەرو ستەمکاردا. «ئەگەر سوسیالیستێک لەهەر وڵاتێکی چەوسێنەردا، مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنووس دا (بۆ وێنە جیایی) بە فەرمی نەناسێتـ و خەباتی بۆ نەکاتـ، لە راستی دا ئەوە شوڤێنیستێکە نەک سوسیالیستـ. «(18) لنین بەڵگەی هێناوە کە ئەم لایەنە بەتەنیایی پارێزەری بەکردەوە دەرهێنان، هەمیشە بنەچەی خەباتە لەگەڵ هەرفۆرمێک لەچەوساندنەوەی گەلاندا. «ئەم شێوە تێروانینە نادڵنیایی و دڵپیسی لەنێو کرێکارانی گەلانی چەوسێنەرو گەلانی ژێرچەپوو کەدا دەسڕێتەوەو رێگەخۆش دەکاتـ بۆخەباتی یەکگرتوویی نێونەتەوەیی بۆ شۆڕشێکی سوسیالیستی (بۆ وێنە خەباتـ بۆ بناغەداڕێژی تەنیا سیستەمێک کەگەلان تیایدا یەکسانن.)» (19)

## پۆلۆنیا و شەڕی جیهانی یەکەم

ئەم گرینگترین لایەنی مەسەلەیە، لەلایەن هاوڕێیانی پۆلۆنیاییەوە لەبەرچاو ناگیردرێت. کەسانێک کەشتەکان لەهەلومەرجی بناغەیی چاخی ئێمپریالیزمدا نابینن، لەبواری دابەش کردنی کرێکارانی نێونەتەوەییەوە بە دوو ئۆردووگا. «کۆبەندی باسەکانی مافی دیاری کردنی چارەنووس «و.ا.لنین

بەخێرابوونەوەی کێبڕکێی ئێمپریالیستی لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا و قایل بـوون بە وشەکانی کۆتایی بەرنامەی کۆمۆنیستی (کرێکارانی هەمووولاتان یەکگرن) کۆنگرەی نێونەتەوەیی (ئەنترناسیۆنال) دووهەم ئەم بریارانەی خوارەوەی پەسەند کرد: «ئەگەر مەترسی دەست پێکردنی شەڕ هەڕەشە بکات، ئەمە ئەرکی کرێکاران و مەجلێسی نوێنەرانی (پەرلەمانی) و ولاتانی پێکداداوە کە بەیارمەتی بازنەی سوسیالیستی نێونەتەوەیی و لەخۆڕێکحستن لەگەڵی دا تەواوی تێکۆشانیان بخەنە گەڕ بۆبەرگرتن لەهەلایسانی شەڕ. ئەگەر لە هەرحاڵ دا شەڕ دەست پێبکات، ئەرکی ئەوانە کەبۆ کۆتایی هێنانی هەرچی خێراتری شەرتێبکۆشن و بەتەواوی هێزەوە کارێک بکەن کە بەکەڵک وەرگرتن لەقەیرانی رامیاری و ئابووری کەشەڕ هێناویەتە ئاراوە، خەڵک هان بدەن بە راپەڕین و سەرەو ژێربوونی دەسەلانی چینی سەرمایەداری خێراتربکەنەوە. «(20) ئەم وشە ئازایانەیە دوایی بەوەهم و خەیاڵ دەرکەوتن. لە ئاگوستی 1914دا، زۆرێنەی زۆرێک لە پارتەکانی پێکهاتوو لەنێو نەتەوەی دووهەم دا (لەوانە حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانیا کە گەورەترین حیزبی بوو) دەنگی ئەرێنیان دا بەپشتیوانی لەشەڕێکی تۆقێنەر کە ئێمپریالیستم ئەوانی کیشابووە نێویەوە. ئەنترنسیۆنالی دووهەم هەرزوو بەهۆی کاریگەری ئەم خەیانەتە گەورەیەوە لێک داپڕژا.

دەست پێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم بەخێرایی کێشەی نەتەوایەتی کێشایە هێلی یەکەمەوە. سوسیالیستەکانی ئەڵمانیا واتە ئەو کەسانەی کە پشتیوانیان کردبوو لەشەڕ (ئوپورتونیستەکان)، بەئیدیعاو داوالێکەری ئەوەی کە شکانی رووسیا پێشکەوتنێکە، لەبەرئەوەی کە «پۆلۆنیا» و گەلانی دیکەی ژێرچەپووکەی تزار رزگاردەکات، دەیانەویست هاوپەیمانی جینایەتکارانەیان لەگەڵ بۆرژوازی ئەڵمانیادا پاساوبکەن. بۆبەشی ئوپورتونیستەکانی رووسیا ئەوان تێکۆشان بە کەڵک وەرگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ تێئۆری لنین کە بەتەشەرەوە ئاماژەی بەمە کردبوو: «کێ ئەوەی دەست پێکرد؟» یان بەئێدیعای ئەوەیکە سەرکەوتنی رووسیا سەرمایەداری رووسیا بەهێزتر دەکاتەوەو بەم هۆیەوە هاتنی ئەورۆژەی کە شۆڕشی سوسیالیستی لەرووسیا بەکردەوە دەربێت خێراتر دەکاتەوە، پشتیوانیان لەشەڕ پێی پاساو دەکەن.

تەنانەت رێبەری تێئوریسیەتی نێونەتەوەیی (ئەنترناسیۆناڵ)ی یەکەم، کارڵ کائۆتسکی لەتاقی کردنەوەی شەڕ سەرکەوتوویی بەدەس نەهێنا. لنین وەکوو سوسیال شوڤێنیستێک باسی لێدەکرد. کائۆتسکی بەڵگەی دەهێناوە کە هەر گەلێک مافی بەرگری لەخۆی هەەی، تزو روانگەیەک کەبە «بەرگری لەوڵاتی دایکی» بەناوبانگە. تزەکانی کائۆتسکی پێوەندی هەبوو بەتێئوریەکەوە، «ئێمپریالیسمی توندڕەو. بەجێگای ئەوەی کە ناوبراو ئێمپریالیزم وەکو زەمەنی شەڕەکان و شۆڕشەکان چاولێبکات، هەروا کە لنین چاوی لێدەکرد، کائوتسکی بڕوای وابوو کاتێک کە شێوازو پێکهێنانی نوێی جیهان لەنێو لایەنی ئاشتی و ئارامی کاردەکات. ئەو ئەوەی لەبەرچاوگرت، کە شەڕ زۆرناخایەنێت و تەواو دەبێت، و دوای دەربازبوون لە گوشارەکان و سەخڵەتیەکان، ئێمپریالیزم دووبارە مارشی درێژەپێدانی خۆی دەکوتێت بەرەولای خۆڕێک خستن و ئارامی و هاوکێش بوون. لنین و بلشویکەکان

(زۆرینەکان) لێبڕاوانە شەڕیان شەرمەزارکرد. ئەوان بانگهێشتی هەموو گەلانی تێکهەڵچووی شەڕیان کرد،کە شەڕی ئیمپریالیستی بکەنە شەڕی شۆڕشگێڕانە بەدژی دەسەڵاتدارانی سەرمایەدارییان.

لنین زۆر بەتووڕەیی و بەتوندی هێرشی کردە سەر ئەوسوسیالیستانەی کە بەرگری و پشتیوانیان کردبوو لە شەڕەوە. «ئوپورتۆنیسم و سوسیال شۆڤینیسم لەسەر بناغەی ئابووریەکەی هاوبەش راوەستاون. بەرژوەندی توێژاڵێکی تەنک لەکرێکارانی خاوەن پلەوپایەو وردەبۆرژوازیەکان کە بەرگری لە هەلومەرجی تایبەتییان دەکەن، «مافیان» لە رادەیەکی گەڕۆگ لەسوودێکە بۆرژوازی نەتەوەیی ((خۆیی)) لەچەپاوڵ و تاڵانی گەلانی دیک بەدەستی هێناوە، لەبەرژەوەندی هەلومەرجی سەروەری خوازانەیان و هێند.....»(21)

لەڕاستی دا شەڕ، رێبەرایەتی حیزبەکانی سوسیال دیموکراتی خستبووە بەرابەر هەڵبژاردنێکی روونەوە. یان هەلومەرجی رامیاری خۆیان بپارێزن، نێونەتەوەیی بوونەکانیان، کەبەواتای دژبەربوون لەگەڵ شەردابوو، یان رووبەڕووی دووبارە قەدەغەبوونەوە، موحاکمەولێپرسینەوە، زیندان و گەمارۆی دارای و بوون و نەبوونەکانیان بنەوە. یان دەست هەڵگرن لەتەواوی بناغەیەک کە ئائێستە پێیان لەسەر داگرتووە، بەرگری بکەن لەرێزی ئیمپریالیستی «خۆیان» و رێزێکی زۆرتر و دەورێکی زۆرتر بەدەست بێنن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دا. ئەوان خۆیان بەدەستەوەدا و بوون بە گرووهبانگەلی تازە نەفەس و ئامادە بەخزمەت بوون بچنە شەڕی یەکەمی جیهانیەوە.»(22)

بەختەوەرانە پۆلۆنیا لەمەودای شەڕی یەکەمی جیهانی دا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ لنین رەخساند تاوەکوو تێئۆریەکەی دەربارەی مافی گەلان بۆ

دیاری کردنی چارەنووس پەرەی زیاتر پێ بداتـ. لەساڵی 1915، ئەرتەشی ئەڵمانیا لە هێستانی لەڕووسیا ئەستاند. ناسیۆنالیستەکانی پۆلۆنیا بەخێرایی لەگەڵ ئەڵمانیادا یەکیان گرت بەمەبەستی بەدەستـ هێنانی سەربەخۆیی لە ئیمپراتووریەتی رووسیا. هەروەها کەپێشبینی کرا، ئوپورتۆنیستەکانی ئەڵمانیا خۆشحاڵی خۆیان لەحکوومەتەکەیان دەربـڕی، لە کاتێک دا ئوپورتۆنیستەکانی رووسیا بەشکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان بەداخ بوون. بۆپێدانی بەش، لوکزامبۆرگ و سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا بە دروشمی باسیان کرد تاکاتێک کۆ پۆلۆنیا لەلایەن رووسیایان ئەڵمانیاوە داگیرکرابێتـ، سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ پۆلۆنیا زونگاوێکی زیاتر نابێتـ. بەڵام نەتەنیا سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا لەو ئاکامە «ئاشناییان» گرتـ: «بەم هۆیە نابێتـ مافی دیاری کردنی چارەنووس پۆلۆنیا لەخۆ بگرێتـ.

ئـەوان هـەروەهـا بـەدژی «هـەر ڕاپەڕینێکی ناوچە پێکەوە لکێندراوەکان» هەڵوێستیان گرتـ بۆ دووبـارە بەدەستـ هێنانەوەی سەربەخۆییان، تەنانەتـ لەشێوەی ئاشتی خوازانەیشی!»(23) بەکردەوە ئەم واتایەی دەگایاند کە ئەوان ئامادەیی پەسەند پێوەلکانی بلژیک بە ئەڵمانیاوەو گالیسیا بە رووسیاوەوەیان هەبوو.

لنین بەوتەیەک وەڵامی ئوپورتۆنیستەکان و سوسیال شۆڤێنیستەکانی دایەوە. بە راگەیاندنی ئەوەی کە «بێ گومان دیموکراسی لە رووسیادا پـەرەی ئەستاند. بەهۆی ئەم راستیەوە کە ئێستا رووسیا پۆلۆنیا ناچەوسێنێتەوەو بەزۆرەملێ رای ناگرێ. کرێکارانی رووسیا بێ گومان شتێکیان لەم راستیە بەدەستـ هینا کەئێدی ئەو خەڵکەی کەوا دوێنێ یارمەتی چەوساندنەوەیانی دەکرد، ناچەوسێنێتەوە. بەدڵنیایی دیموکراسی ئەڵمانیا دۆڕا. تاکاتێک کە کرێکارانی ئەڵمانیا چەوساندنەوەی پۆلۆنیا

لەلایەن ئەڵمانیاو قبووڵ بکاتْ و لەبەری ئارام بگریْ، لەهەلومەرجێک دا دەمێنێنەوە کەلە کۆیلە خراپتر دەبێتْ. «(24)

لنین روانگەی خۆی دەربڕی کە نێونەتەوەیی راستەقینە دەخوازێتْ کە سوسیالیستەکان «بۆیان تۆفیر ناکان» کە «گەلانی بچووک سەربە وڵاتەکەی ئەوانە یان بەوڵاتی دراوسێیان.»(25) ئەوەی گرنگە، ئەوەیەکە کەمینە نەتەوەییەکان مافی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکیان هەیە کەسەربەخۆبن یان داخوازانە لەگەڵ گەلی گەورەتردا تێکەڵاوبن.

لەپێوەند بەڕوانگەی سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا، لنین قایل بووبەوەی کە سەربەخۆیی پۆلۆنیا لەو کاتەدا نەشیاوبوو. «ئەمرۆژە گەلاڵە کردنی مەسەلەی سەربەخۆیی پۆلۆنیا لەهەلومەرجێکدا کە هێزە ئێمپریالیستیەکانی دراوسێ بەخێر راوەستاون، لەراستیدا هەڵهاتنە بەدوای «کڵاوی بابردەدا و چوونە ناو ناسیۆنالیسمێکی کورتْ بینەوەیە.» (26) ئەو ڕوونـی کـردەوە کە هیچ سوسیالیستێک نابێتْ «قایل بێتْ لەگەڵ شەڕێکی تەواوسەرسەری ووێڵی هەموو ئەوروپادا بەهۆی دووبـارەوەو گرتنەوەی لەهێستانەوە. ئەوەها هەڵوێستْ نواندنێک بەرژەوەندی رادەیەک سنووردار لە پۆلۆنیاییەکان داداتە سەربەرژەوەندی سەدان ملیۆن کەس کە لەشەڕدا لە زەجر و گوشاردان.»(27) بەهەرحاڵ لنین ئەم زەحمەتەی بەخۆی دا کەڕوونی کاتەوە بۆچی لەو هەلومەرجەدا کە پۆلۆنیا ببووەبە بوو کەڵەیەکەوە بەدەس هێزە ئێمپریالیستیەکانەوە، سوسیالیستەکان ناتوانن بەرگری لەسەرخۆیی پۆلۆنیا بکەن» بەجەختْ کردن لەسەر ئەمە مەبەستْ ئەمە نەبوو کە کە سوسیالیستەکان لەپشتیوانی لە پۆلۆنیا بۆ مافی بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی دەس هەڵگرن.» لەراستیدا لەوانەیە خەباتْ بۆ رزگـاری نەتەوەیی بەدژی هێزێکی ئێمپریالیستی، لەهەلومەرجێکی

دیاری کراودا بکەوێتە بەر کەڵک لێوەرگرتنی «هێزێکی» دیکە بۆ ئامانجە ئیمپریالیستیەکانی بەرانبەر خۆی. ئەمە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە سوسیال دیموکراتە راستەقینەکان بخاتە ئەوبارەی کە لە بەفەرمی ناسینی مافی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان خۆبدزنەوەو گوێی پێنەدەن. «هەروەها کە لە بابەتگەلی زۆر زۆردا بـۆرژوازی کەڵک وەردەگرێت لە دروشمی کۆماری خوازی بەمەبەستی هەڵخەڵتاندنی رامیاری سیاسی وڵاتانی ئابووری، ئەمە نابێتە هۆکار کە سوسیال دیموکراتەکان کۆماری خوازی بدەنە دواوەو رەدی بکەنەوە.»(28)

لنین کێشەی ثێئۆرێکی لەبەهۆی هەلومەرجی پۆلۆنیاوە لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا هاتبوو پێش بەم شێوازە دەق بەندی کرد:»سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا لەم هەلوومەرجەدا ناتوانن دروشمی سەربەخۆیی پۆلۆنیا بەرزکەنەوە، بۆ پۆلۆنیاییەکان، وەکوو کرێکارانی نێونەتەوەیی، هیچ کارێک ناتوانن بۆی ئەنجام بدەن بەبێ ئەوەی کە سەری نۆ کەرمەنشانە بەیەکێک لە زۆردارانی ئیمپریالیستی دانەنەوێنن، بەڵام بۆکرێکارانی ڕووسیاو ئەڵمانیا تۆفیری هەیە، کە پۆلۆنیا سەربەخۆ بێت یان ئەوان لەپێوەندی و پێوەلکانی ئەودا دەوریان هەبێت.»(29)

ئەرکی بەپەلە لە بۆکرێکارانی پۆلۆنیایی ئەمەبوو کە: «پێوەندی نێوان خەباتی ئەوان لەگەڵ خەباتی کرێکارانی رووسیا و ئەڵمانیا پەرەپێدەن. ئەمە دژایەتیەک نیە، بەڵکو و راستیەکە کە «ئەمرۆژی هێزی کرێکارانی پۆلۆنیا دەتوانێ یارمەتی دەری ئامانجی سوسیالیزم و ئازادی بێت، لەوانە رزگاری پۆلۆنیا، تەنیا بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزی کرێکاری ولاتانی دراوسێدا بەدژی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی پۆلۆنیا. «(30) هاوکات مەسەلەی سەربەخۆیی پۆلۆنیا بۆ کرێکارانی رووسی و ئەڵمانیا دووبارەو زۆر زۆر زیندوو دەمێنێتەوە.

لەلایەک ئەگەر کرێکارانی رووسیایان ئەڵمانیا قایل بەپێوەلکان یان خستنە سەری پۆڵۆنیا بن، بۆ سەر وڵاتی دیاری «خۆیان»، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستی و رادەی سیاسی رامیاریان دادەبەزێت بۆ شەرمەزاری و خواربوون، و پەسەندکردنی دەورگێڕان لە ئەنجام دانی لەسێدارەدانی خەڵکانی دیکەدایە.»(31)

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر کرێکارانی رووسیا یان ئەڵمانیا خوازیاری سەربەخۆیی پۆڵۆنیا بوون، ئەوان وەکوو کەرەسەیەک دەمێننەوە لەدەستی ئەم یان ئەویاکەی دیکە لەدوو هێزە ئیمپریالیستیەکان دا کە خەریکی کێبڕکێ بوون لە سەر پۆڵۆنیا و دەبوونە یاری دەستی ئەوان، رێگا چارەسەری لنین لە پێوەند بە دژایەتی ئاشکرای نێوان هەلومەرجەکان و بەرژەوەندی کرێکارانی پۆڵۆنیا، رووسیا و ئەڵمانیا ئەمەبوو کە پیشانبدات کە «بۆ بەهێزکردنی نێونەتەوەیی ئێوە پێویست ناکات هەرئەو واتەیە دووبارە بکەنەوە:»(32) لەراستی دا هەلومەرج رێ ون کەرو گێژێنەرە، بەڵام رێگای هاتنەدەرەوە بوونی هەیەو ئەوەش ئەوەیە کە تەواوی لایەنەکان نێونەتەوەیی و ئەنترناسیۆنالیست بمێننەوە، سوسیال دیموکراتەکانی رووسیا و ئەڵمانیا بەداخوازی «ئازادی جیابوونەوە»ی بێ قەید و مەرج، بۆ لەهێستان، سوسیال دیموکراتەکانی پۆڵۆنیا بە کارکردن بۆ یەکگرتوویی خەباتکارانەی کرێکارانی هەردوو وڵاتی بچووک و گەورە، بەبێ گەڵاڵەکردنی دروشمی سەربەخۆیی لەودەورەو بڕگەیەدا بەگشتی،»(33) لنین رای سپارد بەسوسیالیستەکانی گەلانی چەوسێنەر کە پشتیوانی بکەن لە مافی پۆڵۆنیا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی تەنانەت کە ئەوان لەوکات و حاڵەتەدا پشتیوانیان نەکرد لەسەربەخۆیی پۆڵۆنیا لە ناوەڕۆک و چوارچێوەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، لنین لەخاڵی ئێڕوانینی بەرژەوەندی جیهانی چینی کرێکارو دیموکراسی

بەگشتی نیشانی دا کە رزگارکردنی لەهێستان بە شێوازێکی ناپاساوی پێویستی بەشەڕی زۆرترەو ئەوەش بەبێ هاوبەشی و دەست تێدابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەدەست نایەت، و خۆشی بەشێوازێکی بکوژەر وتێکرووخێن دەبێتە کەرەسەی دەستی یەکێک لەدوو هێزە ئێمپریالیستیەکان. لنین راسپاردەیەکی هاوشێوەی کردبە سوسیالیستەکان لە پۆلۆنیا وەکو گەلێکی ژێرچەپوو کەوچەوساوە کە، ئەوان داخـوازی سەربەخۆیی پۆلۆنیا لەو هەلومەرج و سەردەمەدا نەهێننە گۆڕێ.

بەڕوون کردنەوەی ئەم خاڵە کە ئەو بەگەڕانەوە بۆ «ئەم دەور یان بڕگەیەگ» ئەم هەڵوێستەی وەرگرتووە. بەهەرحاڵ لنین دووبارە بڕوای خۆی قورس و قایم دووبارەکردەوە: لە هەلومەرج و بارودۆخێکی دیکەدا هیچ شتێک «ناتوانێت لەمپەری کرێکارانی پۆلۆنیا بێت بۆ پۆسەندکردنی دروشمی کۆمارێکی ئازادو سەربەخۆی لە هێستان. «تەنانەت سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە پێش ئەوەی سوسیالیزم بوونی خۆی راگەیەنێ ئەم پێک بێت، جێگای هەڵسەنگاندن نیە.»(34)

بەڕوونی بۆ سوسیال دیموکراتەکانی پۆلۆنیا پێویست بوو کە لە ئێستادا بەرگری بکەن لەمافی پۆلۆنیا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی تاهێزیان هەبێت کەلە داهاتوودا هـەردووی ئەو لێکدانەوانە لەبەرچاو بگرن. یان بۆئەوەی پۆلۆنیا بەسەربەخۆیی بگات، یان لێکدانەوەی ئەوەی کە بەدڵخوازانە لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا تێکەڵ بێت. لنین لە سەراسەری باسەکانی دا سەبارەت بە پۆلۆنیا لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، پەیتاپەیتا داخوازی دەکرد کە، تەنانەت کاتێک دروشمی سەربەخۆیی بەهۆی کەوتنە هاوریزی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی جێی باسمان لەگەڵ یەک ئێمپریالیستەوە ناتوانێت بەرزبێتەوە، شۆڕشگێڕانی سوسیالیست، هەم لە

وڵاتانی چەوساوەو، هەم لەوڵاتانی چەوسێنەردا دەبێت ڕێگایەک بدۆزنەوە کە بەشێوەی بڕاوەیی مافی گەلانی ژێر دەستەو چەوساوە بپارێزرێ لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا.

دەرئەنجام مافی یەکسانی بۆ تەواوی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا، یەکگرتوویی کرێکارانی تەواوی گەلان، ئەمەیە پرۆگرامی نەتەوەیی مارکسیزم، ئەزموونەکانی هەموو جیهان، و ئەزموونی رووسیافێری کرێکاران دەکات.» مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.» و.ا.لنین تێئۆری لنین لەبارەی مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان یان پێش ئەوەی ئێستالین بگاتە دەسەڵات و هێزی هەبێت، بناغەو بنەچەی بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکانی نێونەتەوەیی پێک دەهێنا. لەپێش دەهێنا. لەپێش کەش کردنی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆن دا لەدووهەمین کۆنگرەی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی لە ئاگوستی 1920، لنین بە بانگەوازی مارکس و ئێنگڵس بەیەکگرتوویی کرێکارانی هەموو وڵاتانی زیاد کرد. لنین بانگەوازێکی نوێی دەرکرد: «هەموو سیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی لەسەر کێشەی نەتەوەییو داگیرکاری و ئێستیعاری دەبێت لەسەر بناغەی یەکگرتوویی کرێکاران و جەماوەری ڕەنجدەری هەموو گەلان و وڵاتان لە خەباتی هاوبەش بۆ لەنێوبردنی خاوەنان و سەرمایەداری بێت.»(35)

ئەم سیاسەتە بەکردەوە دەرهاتنی مافی گەلانی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە چاخی ئێمپریالیست دا نوێنەرایەتی دەکرد. ئەم سیاسەتە لەنێوان ناسیۆنالیزمی گەلی چەوسێنەر و ناسیۆنالیزمی گەلی چەوساوەدا قۆفیری دانا و بوو بەرێنیشاندەر بۆ کردەوە. لێرەدا ئەڵبەت لەوانەیە جێی پرسیار نەبێت کە ڕەنگ و ڕووی شۆڕشی سوسیالیستی دەدرایە بزووتنەو گەلی رزگاری خوازی نەتەوەیی بەڕێبەرایەتی ناسۆنالیزم.

بەشێوەیەکی یەکسان هیچ شک و گومانێک نەبوو کە کرێکاران و جەماوەری فەلاو جوتیار لەوڵاتانی داگیرکراودا دوورتربوون لەوەی کە ببنە قوربانیانی بێ دەنگ و فەنگی ئیمپریالیزم. ئەوان هەروەها نوێنەرانی رزگارکەری خۆیان بوون. پیشەییەکانی مێژوویی کە ریزی ئەوان لەداهاتوودا تێکەڵاوی پارتە کرێکاریەکان پێک دێنێت.

لنین لێبڕاوانە بڕوای وابوو کە «ئەگەر لە سیستەمێکی سوسیالیستی دا مافی دیاریکردنی چارەنووس بە کردەوە دەرنەیەت، خەیانەت و ناپاکیە بەسوسیالیزم.»(36) هەر بەم بۆنەوە لەنێوان شۆڕشی فێبریە و شۆڕشی ئوکتۆبەردا لنین پشتیوانی کرد لەو داخوازیەی گەلانی نێو رووسیا کە لە حکومەتی کاتی بوویان، و لە دووی نەڤەمبەری ساڵی 1917دا، حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوی بلشویک،وەکوو ژێر چەپووکەی رووسیای پەسەند کرد. ئەومافە لەبەرگری ماف دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بوو تائەوپەڕی جیایی و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ.

لنین لەساڵەکانی نێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەر و گیان بەختکردنیدا لەژانوویەی 1924، ناچاربوو کە لە چەندین بابەت دا بۆ بەرگری لە تێئوری مافی دیاریکردنی چارەنووس کە مامۆستایانە پێش شۆڕش رێکی خستبوو شەڕ بکات. روانگەی گەلی جۆراوجۆر لەنێو بلشویکەکان دا (زۆرینەکان) پەرەی ئەستاند. هەندێک لەوان دەیانگوت کە ئیدی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سوسیالیزم دا پێویست نیە، لەکاتێک دا ئەوانی دیگە پێیان دادەگرت کە بەس تەنیا کرێکارانی گەلێکی چەوساوە، نەک تەواوی حەشیمەتی ئەو گەلە لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ مافی دەنگ دانیان هەیە. «بەوتەی مێژووناس "e. h. car" لنین بەلانی زۆرەوە دەست تەنیا بەرگری لە هەڵوێستی کۆنی حیزبەوە دەکرد. «(37) باس و لێدوان لەسەر مەسەلەی

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ژێرسەیتەرەی سوسیالیزم دا، زۆربەی کاتێ لنین ترۆتسکی لەلایەن و بۆخارین و ئێستالین (کە بە کومیسێری گەلان بۆ کاروباری نەتەوەکان دیاری کرابوو) لەلایەنی بەرانبەر دەکەوێتە رووبەڕووی یەکدییەوە. لەنێو راستی دژبەرایەتی توند لەسەر سەربەخۆیی هەرێمگەلێک وەکو گورجستان و ئۆکراین، روانگەکانی لنین بۆ روناکایەتی و راستگۆیایەتی دیاربوونێکی بەرچاو و تایبەتیان هەبوو. ئێمە خوازیاری یەکگرتوویەکی خوازیارانەین لەنێو گەلاندا (یەکگرتوو‌ییەک کە لەهەرجۆرە زۆرو گوشارێکی گەلێک لەسەر گەلێکی دیکەدا پێشگیری بکات.)یەکگرتوو‌ییەک کە بەدڵنیاییەکی تەواو دابمەزرێت، بەڕوونی یەکگرتوویی برایانە بەفەرمی بناسێت و بە تەواوەتی و رەها لەسەر بناغەی رەزایەتی داخوازانە بێت.

ئەوەها یەکگرتوو‌ییەک ناتوانرێ بەهێرشێک بهەژێنرێ ولێک جیابکرێتەوە، ئێمە دەبێت بەوشیاری فەراوان و زۆرو بەتاقی زۆرچاک و باشەوە بەرەو ئەوەها یەکگرتوو‌ییەکەوە بچین، تاوەکوو کێشەکان خراپتر و نادڵنیایی پەرەپێ نەدەین، تاوەکو ئەم نادلنیاییە کە بەرهەمی سەدەها چەوساندنەوەی سەرمایەداری و لەخاوەنەکانەوە بەمیرات گەیشتووە، بەختێ و شانسێکی هەبێت و بفەوتێت و بنەبڕبکرێت. هەربەم هۆیەوە ئێمە دەبێت لێبڕاوانە بۆیەکگرتووی گەلان تێبکۆشین و بێ بەزەییانە پێش بگرین بەهەر شتێک کە دەبێتە هۆی جیاوازی و جیاکاری لە نێوان ئەواندا، و بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەوەش ئێمە دەبێت زۆر پارێزکارانە و بەتاقەت وە لەسەرەخۆوە بجوولێینەوە. لەبەرانبەر پاشماوەکانی نادلنیایی نەتەوەیی دا ئیمتیاز بدەین و لێبووردە بین....» بۆ ئەم مەسەلەیە ئێمە دەتوانین چاوەڕوان بین و دەبێت چاوڕوان بین، بەهۆی ئەوەی کە نادڵنیایی نەتەوەیی لەنێو جەماوەری جوتیاران و خاوەنانی بچووک دا لە ڕادەبەدەر بەهێزە، پەلەکردن لەوانەیە

تەنیا خراپتری بکات، بەواتایەکی دیکە ئامانجی پێکهێنانی یەکگرتوویی تەواو و دوایی دەخاتە مەترسیەوە.»(38)

ئەمرۆژە رەخنەگرانی لنین تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە بەڕوانگەکانی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس پشتیوانی لەجیاوازیەکی توندڕەوانە دەکرد:

«لنین بەرگری کرد لە «ماف» جیایی بەبێ ئەوەی کە لەراستی دا لایەنگری جیاتی بێت. «ئەو بەڵگەی دەهێناوە کە ئەو روانگەیە لەشێوەی یاسای تەلاقە کە ئیزن بەجیابوونەوە دەدات، بەڵام برەوی پێنادات.»(39)

بەڵام لنین وەڵامگەلێکی شیاوی دەدایەوە بەرەخنەگرانی زەمەنی خۆی.

کەسانێک کە بەتەواوی لە قوولایی مەسەلەکە رۆنەچوون، بیردەکەنەوە کە ئەوە «دژبەربوونە» کە بەسوسیال دیموکراتەکانی گەلانی ژێر چەپوو کە وچەوساوە پێداگری دەکەن لەسەر «ئازادی پێکەوە بوون.» بەهەرحاڵ تۆزقاڵێک تێڕامان و ئەندیشە نیشاندەدات، کە هیچ رێگایەکی دیکە بوونی نیەو ناتوانێت بوونی هەبێت کە ئێوە رێنوێنی بکات بەرەو لایەنی ئەنترناسیۆنالیزم و تێکەلاوکردنی گەلان لەیەکدی دا. هەر رێگایەکی دیکە لەو بارودۆخە دیارەدا و بۆ ئەو ئامانجە.»(40)

تێئۆری لنین لەبارەی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسن یەکێک لەدیارترین دەسکەوتەکانی مارکسیزمە. ئەوە چرای رێپیشاندەری دیموکراسی کرێکارانە کە دەتوانێت سوسیالیستەکان رێنوێنی بکات لە خەباتی دژی ئێمپریالیستی لە سەدەی 21دا، بەو رادەیەی دڵنیا کە لەڕابردوودا دڵنیایی بەدەستهێناوە.

سەرچاوەکان:


1–Rosa Luxemburg, “The National Question and utonomy,” The Nationalism Reader, ed, Omar Dahbour and Micheline R. Ishay

(Atlantic Highlands, NJ: Humanities Press, 1995), p. 199.

2–Luxemburg, p. 202.

3– Luxemburg, p. 202.

4– Luxemburg, p. 202.

5– Luxemburg, p. 203.

6– Luxemburg, p. 203.

7– Luxemburg, p. 204.

8– Lenin, “Resolution on the National question,” Collaected Works (Moscow: International Publishers, 1963), Vol. 24, p. 302.

9–Lenin, “The Discussion on Self–Determination” Collected Works, Vol. 20, p. 399.

10–Linin, “The socialist Revolution and the Righat of nations to self–Determination,” Collected Works, vol. 22, pp. 51152–.

11– tony cliff, rosa Luxemburg (London: bookmarks, 1980), p. 60.

12–Lenin, “The Discussion on self–Determination summed Up,” Collected Works, vol. 22, p. 325.

13–Grigorii Zinoviev, History of the Bolshevik Party (London: New Park Publication, 1973), p. 56.

14–Lenin, “Summed UP,” P. 323.

15–Lenin “The Right of Nations,” p. 399.

16–Lenin, “the Socialist Revolution and the Right of Nations,” p. 147.

17–Lenin, “summed Up,” p. 343.

18–Lenin, “The Question of peace,” p. 293.

19– Lenin, “The Question of Pease,” p. 293.

20– Quoted in Duncan Hallas, The Comintern (London” Bookmarks, 1985), p. 14.

21–Lenin, “Socialism and War,” Collected Works, Vol. 21, p. 310.

22–Hallas, p. 16.

23–Lenin, “summed Up,” p. 333. Lenin highlighted the absurdity of the position of the Polish Social–Democrats: “this is downright annexationism,” he wrote, “There is no need to refute it because it refute itself, no socialist party would risk taking this atand: We oppose annexations in general but we sanction annexations for Europe or tolerate them once they have been made.

24–Lenin, “Pease Without Annexations and the Independence of Poland as slogans of the Day in Russia,” Collected Works, Vol. 22, p. 139.

25–Lenin, “Summed Up,” pp. 346347–.

26–Lenin, “Summed Up,” p. 350.

27–Lenin, “Summed Up,” p. 350.

28–Lenin, “The Socialist Revolution and the Right of Nations,” p. 148.

29–Lenin, “Summed Up,” p. 351.

30–Lenin, “Summed Up,” p. 351.

31–Lenin, “Summed Up,” p. 351.

32–Lenin, “Speech on the National Question, April 29 [1917],”

Collected Works, Vol. 24, p. 298.

33–Lenin, "Speech on the National Question," p. 298

34–Lenin, "The National Question in our Programme," Collected Works, Vol. 6, p. 460.

35–Lenin, "Theses on the Nartional and Colonial Question, "in Alex Callinicos, Marxism and the National Question (London: Socialist Workers Party, 1989), p. 22.

36–Lenin, "Summed Up," p. 321.

37–E. H. Carr, The Bolshevik Revolution (London: Macmillan & co. 1950), p. 267.

38–Lenin, "Letter to the Workers and Peasants of the Ukraine Apropos of the Victories over Denikin," Collected Works, Vol. 30, p. 293.

39– Ronaldo Munck, The Difficult Dialogue: Marxism and Nationalism (London: Zed Books Ltd., 1986), p. 75.

40–Lenin, "Summed Up," p. 347.

# بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندی بۆ«یەکێتی کۆمۆنیستەکان»

(سەبارەت بە بزوتنەوەی دیموکراتیک و شەڕی شۆڕشگێڕانی پرۆلیتاریا)

**وەرگێڕانی: ناسر حیسامی**

**لە: کۆمیتەی ناوەندییەوە**
**بۆ: یەکێتی کۆمۆنیستەکان(2)برایان!**

لە دوو ساڵی شۆڕشگێڕانەی 1848 -49دا، یەکێتی لە دوو بابەتەوە، لە کل هاتەدەر. یەکەم ئەوە، کە ئەندامانی لە هەموو شوێنێک هەڵسوڕاوانە لە بزوتنەوەدا بەشدارییان کرد و لە ڕۆژنامەکان و سەنکەرەکان و مەیدانەکانی شەڕدا لە ریزی پێشەوەی تاقە چینی هەتا سەر شۆڕشگێر، یانی پرۆلیتاریا، خەباتیان کرد. دووهەم، بۆچوونی «یەکێتی» سەبارەت بە بزوتنەوە، کە لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی 1847 و لە مانفێستی کۆمۆنیستدا بەیان کراوە، تاقە بۆچوونی دروست بوو، هەموو پێشبینییەکانی ئەو بەڵگە و سەنەدانە تەواو ڕاست گەڕان. ئەو بۆچوونە و ئەم تێگەیشتنە لە وەزعییەتی کۆمەڵی نوێی ئەمڕۆ، کە پێشتر تەنیا بە شێوەی نهێنی لەلایەن «یەکێتی»یەوەباسی دەکرا، ئێستا لەسەرزاری هەمووانە و لە کوچەو بازاڕدا، بە ئاشکرا تەبلیغ دەکرێ. بەڵام لەهەمانکاتدا، ڕیزەکانی «یەکێتی»، کە پێشتر زۆر بەهێز و پتەو بوو، ئێستا تاڕادەیەکی زۆر لاوازبوون. ژمارەیەکی زۆر لەو ئەندامانە، کە ڕاستەوخۆ لە بزوتنەوەدا بەشداربوون، پێیانوابوو ئیتر سەردەی ئەنجومەنە نهێنییەکان بەسەرچووە و تەنیا هەڵسوڕانی بە ئاشکرا کافییە. شانە خۆجییەکانی کۆمنەکان(3) پەیوەندییان لەگەڵ کۆمیتەی

ناوەندی کەمبووەوە، بەرە بەرە ئەم پەیوەندییە لەنێوچوو. بەم جۆرە لە خاڵێکدا حیزبی دیموکراتی یانی حیزبی وردەبۆرژوازی لە ئەڵمان زیاتر لە جاران خۆی ڕێکخست و حیزبی کرێکاران تاقە پاڵپشتی قایمی خۆی لە دەست دا و ڕکخراوەکەی ئەگەر مابێ لە هەندێک ناوچە ماوە، ئەویش سەرقاڵی کاروباری خودی ناوچەکانن. لە ئەنجامدا بزوتنەوەی گشتی بە تەواوی کەوتووەتە ژێر دەسەڵات و ڕابەرانی دیموکراتە وردەبۆرژواکان. ئەم وەزعە ناکرێ هەر ئاوا درێژەی بێ. سەربەخۆیی کرێکاران پێویستە و دەبێ وەدی بهێنرێتەوە. کۆمیتەی ناوەندی ئەم پێویستییەی لەبەرچاو بوو، هرە بەم مەبەستەش زستانی ستڵی 49–1848 ڕاسپاردەیەکی لە ناوی ژوزف مـۆڵ(JOSEPH MOLL) بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی «یەکێتی» ناردە ئەڵمان. بەڵام ئەمەش نەیتوانی تەئسیرێکی درێژخایەنی هەبێ. هۆیەکەشی بەشێکی ئەوەبوو، کە کرێکارانی ئەڵمان ئەو کات تەجرەبەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەشێکیش ئەو بوو، کە ڕاپەڕینی مانگی مەی ڕابردوو (4) ڕەوتی کارەکەی تێکدابوو. «مۆل» خۆی چەکی هەڵگرت و چووە ڕیزی سوپای بادن پالاتینات (BADEN–PALATINATE) ە ڕۆژی 29ی ژوئەی لە شەڕی چومی مورگ (MURG)دا کوژرا. بەم جۆرە «یەکێتی» یەکێک لە مێژینەترین، لێهاتووترین و باوەڕپێکراوترین ئەندامانی خۆی، کە لە هەموو کۆنگرەکان و کۆمیتە ناوەندییەکاندا بەشداربوو، پێشتر زۆر ئەرکی سەرکەوتوانەی بەجێ گەیاندبوو، لە دەستدا. دوای شکستی حیزبی شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمان و فەرەنسە لە ژوئیەی 1849دا، نزیک بە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە لەندەن کۆبوونەتەوە، هێزی شۆڕشگێر هاتونەتە نێو ڕیزەکانیا و بەتین و تەوژمێکی تازەوە دەستیان داوەتە ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی «یەکێتی».

بـۆئـەوەی ئـەم ڕێکخستنەوە سەرلەنوێیە سەربگرێ، پێویستە

ڕاسپاردەیەک بنێردرێ، وە ئێستا، کە بەسەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێ داین، کۆمیتەی ناوەندی ئەو ڕاسپاردەیە بە کارێکی گرنگ و بایەخدار دەزانێ. بۆ ئەم شۆڕشە کرێکاران دەبێ بەوەپەڕی سەربەخۆیی و ڕێکخراوی و یەکگرتوویی بێنە مەیدان، هەتا وەک ساڵی 1984نەبێتە دەستمایەی بۆرژوازی و نەکەوێتە شوێنی.

برایان! ئێمە ساڵی 1848 بە ئێوەمان وت، کە بۆرژوازیی لیبراڵی ئەڵمان بەم زووانە بە دەسەڵات دەگا و دەسبەجێ ئەو دەسەڵاتە لە دژی کرێکاران وەکار دەخا. دیتان چۆن ئەو پێشبینییەی ئێمە ڕاست گەڕا.

لە ڕاستیدا ئەوە بۆرژوازی بوو، کە دوای بزوتنەوەی مارسی 1848 دەسەڵاتی دەوڵەتیی بە دەستەوەگرت و لەو دەسەڵاتە کەڵکی وەرگرت، بۆئەوەی کرێکاران-کە لەو خەباتەدا هاوپەیمانی خۆی بوون__ بەرەوهەمان وەزعییەتی پێشوو، کە تێیدا ستەمیان لێ دەکرا هەڵگەڕێنێتەوە. ئەگەرچی بۆرژوازی تەنیا بە بیەکگرتن لەگەڵ حیزبی فیئۆداڵ، کە لە (بزوتنەوەی) مانگی مارسدا تێکشکابوو، توانی ئەم کارە بکا و ئەگەرچی سەرەنجام تەنانەت ناچلاربوو تەسلیمی دەسەڵاتی حیزبی سەروەری فیئوداڵی بێتەوە، بەڵام بە هەلومەرجی دڵخوازی خۆی گەیشت. لەبەرئەوەی دەوڵەت لە باری ماڵییەوە تووشی گیروگرفت و کەموکوڕییە، ئەم هەلومەرجە دەبێتە هۆی ئەوە، کە لە داهاتوودا دەسەڵات دیسان بکەوێتەوە دەست بۆرژوازی و بەرژەوەندییەکانی دابین بن، هەڵبەت بە مەرجێک، کە لە ئێستاوە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە ڕەوت و ڕێبازێکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە بگرێتەبەر. بۆرژوازی بۆ زەمانەتکردنی دەسەڵاتی خۆی، تەنانەت پێویستی بە زەبروزەنگنواندان لە دژی خەڵک و هەڵگیرساندنی ڕق و بێزاری خەڵک نی، چونکە هەتا ئێستا هێزی فیئودڵی دژی شۆڕش ئەم کارەی کردووە.

بەڵان ڕووداوەکان لەسەر ڕەوشنێکی ئاشتیخوازانە بەرەو پێش ناچن. بە پێچەوانەوە شۆڕشی داهاتوو، ڕەوتی ڕوداوەکان خێراتر دەکاتەوە، جا ئەم شۆڕشە چ بەڕاپەڕینی سەربەخۆی پرۆلیتاریای فەرەنسە دەست پێ بکات و چ بە هێرشی «یەکێتی پیرۆز» بۆسەر «بابل»ی شۆڕشگێڕ (5).

ئەو خیانەتەی بـۆرژوازی لیبراڵی ئەڵمان دەرهەق بە خەڵک لە ساڵی 1848دا کردی، لە شۆرشی داهاتوودا، وردەبـۆرژوازی دیموکرات، کە ئێستا لە نێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا هەمان جیگا و شوێنی هەیە، کە بۆررژوازی لیبراڵی ئەڵمان پێش 1848 بووی، دووپاتی دەکاتەوە، ئەو حیزبە دیموکراتە، کە بۆ کرێکاران زۆر لە لیبراڵەکانی پێشوو خەتەرناکترە. لە 3 بەش پێکهاتووە:

1. پێشکەوتووترین ئەندامانی بۆرژوازی گەورە، کە دەیانەوێ بە خێرایی و بە یەکجاری فیئودالیزم و سەرەڕۆیی تێکبشکێنن، نوێنەری ئەم دەستەیە فراین بارر (VEREINBARER)ەکانی پێشووی بەرلین، یان ئەو کەسانەن، کە نایانەوێ ماڵیات بدەن (6).

2. وردەبۆرژوایانی مەشروتەخواز ــ دیموکرات ، کە ئامانجی سەرەکییان لە بزوتنەوەی پێشوودا پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی کەم تا زۆر دیموکرات بوو، نوێنەرەکانیان (یانی) باڵی چەپی «مەجلیسی شورای فرانکفۆرت» و پاشان پارلمانی شتوتگارت و خۆشیان لە «خەبات بۆ قانونی ئەساسی ڕایش» دا هەر بۆ ئەمە هەڵیاندا.

3. وردەبۆرژوازیانی جمهوریخواز، کە مەبەستیان پێکهێنانی جمهوری فیدراڵی ئەڵمانە (یانی) شتێکی وەک ئەوەی ئێستا دیموکرات ناوی لێ دەبەن و خولیای ئەوەیان لەسەردایە، کە فشاری سەرمایەی گەورە لەسەر شانی سەرمایەی چکۆلە و فشاری بۆرژوازی گەورە لەسەر

شانی وردەبــۆرژوازی لابەن. نوێنەرانی ئەم دەستەیە هەمان ئەندامانی کۆنگرەکان و کۆمیتە دیموکراتیکەکان و ڕابەرانی ئەنجومەنە دیموکراتیکەکان و سەرنووسەرانی ڕۆژنامە دیموکراتیکەکانن.

ئــەم بەشانە هــەمــوویــان دوای ئــەوەی تێکشکان ئیدیعای «جمهوریخوازبوون» و «سوربوون» دەکـەن، هـەروەک چۆن ئەندامانی وردەبــۆرژوازی جموریخواز لە فەرەنسا ئێستا خۆیان بە سۆسیالیست هەڵدەخەن، ئەمانە لە جێگای وەک ورتمبرگ (wurtrmberg) و باڤاریا (Bavaria)، کە هێشتا بۆیالن دەلوێ لە چوارچێوەی قانونیدا بکەونە شوێن ئامانجەکانیان، هەمان قسەپووچەکانی پێشوویان دووپات دەکەنەوە و بەکردەوە دەیانەوێ نیشان بدەن، کە هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە، جگەلەمە، هیچ تەئسیرێک ناکانەسەر پەیوەندی لەگەڵ کرێکاران، بەڵکو تەنیا ئەوە ئیسپات دەکات، کە ناچارە بەریەک لە دژی بۆرژوازی __ کە لەگەڵ ئیستیبداد یەکیان گرتوە__ پێکبێنێ و پشتیوانی پرۆلیتاریای پێویستە.

حیزبی وردەبۆرژوازی دیموکرات لە ئەڵمان زۆر بەهێزە، ئەم حیزبە نەک هەر زۆربەی هەرەزۆری چینی شارنشین و وردەتاجرانی سەنعەتی و سەنعەتکارانی ماهیر دەگرێتەوە، بەڵکو جوتیاران و بەشێک لە پرۆلیتاریای دێنشینیش، کە هێشتا پرۆلیتاریای سەربەخۆی شارەکان پشتیوانییان لێ نەکردوون، لایەنگریی ئەو حیزبەن.

پەیوەندی حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکاران لەگەڵ دیموکراتە وردەبۆرژواکان بەم جۆرەیە. بۆ ڕوخاندنی دوژمن هاوکارییان لەگەڵ دەکات، هەرکات بییانەوێ جێگا و شوێنی خۆیان قایم بکەن بەرەنگاریان دبێتەوە.

وردەبۆرژوادیموکراتەکان نایانەوێ کۆمەڵ بە تەواوی بە قازانجی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بگۆڕن، بەڵکو تەنیا دەیانەوێ لە هەلومەرجی

کۆمەڵایەتیدا ئاڵوگۆڕێک پێکبێنن، هەتا وەزعی ئێستای کۆمەڵ وای لێ بێ، کە بتوانن تەحەمولی بکەن. بەم بۆنەیەشەوە هەموو شتێک بۆ کەمبوونەوەی خەرج و مەخارجی دەوڵـەت خوازیاری ئەوەن بوروکراسی بەرتەسکتر بکرێتەوە و بەشی هەرەزۆری باری ماڵیان بکەوێتە سەرشانی مڵکداران و بۆرژوازی گەورە. جگەلەمە وردەبرژوادیموکراتەکان خوازیاری ئەوەن بنکەی ئیعتیباری گشتی پێکبێن و هەندێک قانوون لە دژی سوودخۆران دابندرێن، هەتا فشاری سەرمایەی گەورە لەسەر شانی سەرمایەی چکۆلە لاچێ و لەم ڕێگایەوە خۆیان و جوتیاران لە جیاتی (ئەوە کە لە) سەرمایەداران (وام وەرگرن)، لە دەوڵەت بەقازانجی کەم وام وەرگرن. هەروەها خوازیاری ئەوەن کە فیئۆدالیزم بە تەواوی هەڵبوەشێنەوە و پەیوەندییەکانی مالکییەتی بۆرژوایی بەسەر زەوی وزاردا، دابمەزرێ، ئەمانە بۆئەوەی بە هەموو ئەم داخوازانە بگەن، پێوسیتییان بە حکومەتێکی دیموکراتیک هەیە، جا چ مەشروتەیی و چ جمهوری کە ئەمان و جوتیارانی هاوپەیمانیان وەک زۆربە چوڵی بکاث. هەروەها ئەمانە داوای سیستمێکی حکومەتی محەللی دیموکراتیک دەکەن. هەتا بتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ دارایی شارەدارییەکان و کۆمەڵێک لەم دامودەزگا محەللییەکان، کە ئێستا لەبەر دەستی بوروکراتەکاندان بگرنە ژێر چاودێری خۆیان.

هەروەها حکومەتی سەرمایە و کەڵەکەبوونی خێرای، دەبێ لە لایەکەوە بە بەرتەسککردنەوەی مافی «وارپێث» و لەلایەکی تریشەوە بەوە، کە دەوڵەث ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە ئەفراد بەرێتە سەرکار، پێشی پێ بگیرێ، بەڵام لە بابەث کرێکارانەوە مەسەلەیەک هەیە، کە لە ئێستاوە ڕوون و ئاشکرایە: کرێکاران لە ڕابردوودا چۆن کرێگرتەبوون، هەروا دەمێننەوە. وردەبۆژوادیموکراتەکان داواکاری کرێ و بیمەی بێکاری زیاترن بۆ کرێکاران

و هیوادارن بە زیادبوونی شوغڵە دەوڵەتییەکان و بە تەئمینبوونی ئیمکاناتی ڕیفاە و ئاسایش بۆ کرێکاران، ئەمە وەدەی بێ.بەکورتی، ئەمانە دەیانەوێ بەم خێروبێرە دەمی کرێکاران چەور بکەن و جاری نیمچە ژیانێکیان بۆ دابین بکەن، کە دەنگیان دەرنەیە، هەتا بەم جۆرە هێزی شۆڕشگێڕانەیان تێکبشکێنن، ئەم داخوازییانەی دیموکراسی و وردەبۆرژوازی ، کە لێرەدا بە کورتی باسیان کرا. لەلایەن هەموو بەشەکانی وردەبۆرژوازی دیموکراتەوە بە تێکڕاو یەکجێ داوا ناکرێن و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە بە ڕاشکاوی، وەدیهێنانی هەموو ئەم داخوازیانەیان بە ئامانجی خۆیان داناوە. هەرچی کەسان و دەستە و تاقمە وردەبۆرژواکان بەرەو پێشتر دەچن، بەشێکی زیاتری ئەم داخوازییانە بە ڕاشکاوی بەیان دەکەن.

ئەو ژمارە کەمەش، کە لایان وایە ئەو داخوازییانەی لە سەرەوە گباسیان کرا، لە بەرنامەکەیاندا هەن، ڕەنگە پێیانوابێ، داوای هەموو ئەو شتانەیان کـردوە، کە دەکـرێ لە شۆڕشدا داوا بکرێن، بەڵام ئەو داخوازییانە ئەوە نین، کە حیزبی کرێکاران ڕازی بکە. لە حاڵەتێکدا، کە وردەبۆرژوا دیموکراتەکان دەیانەوێ هەرچی زووتر کۆتایی بە شۆڕش بێنن و ۆەوپەڕەکەی بەو داخوازییانە بگەن، کە لە سەرەوە باسیان کرا، بەرژەوەندیمان لەوەدایە و ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە، کە هەتا کاتێک، کە هەموو چینە کەم تا زۆرداراکان دەسەڵاتیان لێ بستێندرێ، هەتا کاتێک، کە پرۆلیتاریا دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەستەوە بگرێ و هەتا کاتێک، کە یەکگرتوویی و هاوپشتی پرۆلیتاریا نەک تەنیا لەیەک وڵات، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بە ڕادەیەک پتەوبێ، کە کێشە و ناتەبایی لە نێوان کرێکاراندا نەمێنێ و لانی کەم هێزە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان بکەونە بەردەستی کرێکاران، ئەم شۆڕشە بێ وچان درێژە پێبدەین، ئامانجی

ئێمە ئەوە نییە، کە شکڵی مالکییەتی خسوسی بگۆرین.بەڵکو دەمانەوێ بە تەواوی ڕیشەکێشی کەین. نامانەوێ دژایەتی و ناکۆکییە چینایەتییەکان بشارینەوە و بێدەنگی لێ بکەین. دەمانەوێ هیچ چینێک نەمێنێ، نامانەوێ ئەم کۆمەڵگەیەی ئێستا بڕازێنینەوە و دڵ بە ئاڵوگۆڕی بچوک خۆش بکەین، بەڵکو دەمانەوێ کۆمەڵێکی نوێ دامەزرێنین. بێگومان لە سۆڕشی داهاتووی ئەڵماندا، لە سەرەتاوە هەتا ماوەیەک دەسەڵاتی دیموکراتە وردەبۆرژواکان زاڵ دەبێ. ئەو مەسەلەیە دێتە پێش، کە پرۆلیتاریا بە تایبەت یەکێتی، چ هەڵوێستێک بەرامبەر مانەدەگرێ:

1.ئێستا و هەتا کاتێک، کە وردەبۆرژوا دیموکراتەکانیش ستەمیان لێ دەکرێ.

2.لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی داهاتوودا، کە دەبێتە هۆی واڵبوونیان.

3.دوای وئـەوەی خەباتە یانی لە سەردەمێکدا، کە دەسەڵاتی وردەبۆرژواکان بەسەر چینە لێکەوتووەکان و بەسەر پرۆلیتاریادا زاڵ دەبێ.

1.ئێستا، کە وردەبۆرژوا دیموکرایەتەکان لە هەموو شوێنێک ستەمیان لێ دەکرێ، لە بارەی یەکێتی و ئاشتی جەماوەی مەوعیزە بۆ پرۆلیتاریا دەکەن، دەستی دۆستایەتی ڕەپیش دەخەن و بە تەمان حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزسیون پێکبێنن، کە هەموو بیروڕا دیموکراتیکەکان لە نێو خۆیدا کۆبکاتەوە، یانی دەیانەوێ کرێکاران بکێشنە نێو ڕیزەکانی حیزبێک، کە هەمان مەبەستە گشتییە سۆسیال دیموکراتیکەکان بەیان دەکات. حیزبێک، کە وردەبۆرژوا دیموکراتەکان قازانج و بەرژەوندیی خۆیانی بە شاراوەیی و بەشێوەی نهێنی تێدا بپارێزن و پرۆلیتاریا باسی داخوازەکانی خۆی نەکات، هەتا کێشە و ئاڵۆزی ساز نەبێ، ئەم جۆرە یەکگرتنە تەنیا بە قازانجی ئەوانە و سەروبەر بە زەرەری پرۆلیتاریە. بەم جۆرە بێ، پرۆلیتاریا هەموو

ئەو سەربەخۆییە، کە زۆر بە سەختی بەدەستی هێناوە، لەدەستی دەدا و جارێکی دیکە دەبێتەوە بە پاشەڕۆکخۆری دیموکراسی ڕەسمی بۆرژوازی. کەوایە، دەبێ بەرامبەر بەم یەکێتی و یەکگرتنە، لێبڕاوانە موقاوەمەت بکرێ. کرێکاران و بە تایبەت «یەکێتی» لە جیاتی ئەوەی خۆیان بکەنە جەماعەتێکی گوێ لە مست و بە هەموو شتێک ڕازی، دەبێ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی حیزبی کرێکاران، هەم بە شێوەی نهێنی و هەم بەشێوەی ئاشکرا بەپێ دیموکراتە ڕەسمییەکان هەوڵ بدەن و «یەکێتی» دەبێ هەر کام لە کۆمۆنەکانی بکاتە ناوەندێک بۆ لە دەوری یەک کۆبونەوەی کرێکاران.

هەتا کرێکاران لە کۆڕ و کۆمەڵی سەربەخۆی خۆیاندا باسی هەلوێست و بەرژەوەندی خۆیان بکەن بە بێ ئەوەی بۆرژواکان دەست لە کاروباریان وەردەن. ئـەوەی، کە دیموکراتە بۆرژواکان تا چ ڕادەیـەک تـووڕەن لە یەکگرتنێک لەگەڵ کرێکاران، کە تێیدا کرێکاران مافی یەکسان و دەسەڵاتی یەکسانیان هەبێ، دیموکراتەکانی برێسلاو (B  reslau) بە باشای نیشانیان داوە. ئەمانە لە ئۆرگانەکەیاندا بە نێوی نۆییە __ئۆدەر تزایتونگ (Neue oder– Zeitung) لە دژی کرێکاران، کە ڕێکخراوی سەربەخۆیان هەیە و ئەمانە بە «سۆسیالست» ناویان دەبەن، شەڕێکی ئاگرینیان بەرپاکردووە. بۆ خەبات لە دژی دوژمنی هاوبەش بەکگرتنێکی تایبەت پێویست نییە، هەر کاتێکیش پێویست بوو، ڕاستەوخۆ و دەستەویەخە لەگەڵ ئەو دوژمنە شەڕ بکرێ، بەرژەوەندیی هەردووک لایەنەکە لەو کاتەدا بۆ ماوەیەک یەک دەگرێتەوە و لە داهاتووشدا هەروەک ڕابردو، لە پێناو مەسڵەحتێکی کاتی و کورتخایەندا، هاودەستییەک خۆی لە خۆیەوە پێکدێ. ئەوەش ئاشکرایە، کە لە شەڕە خوێناوییەکانیدا هاتووە، وەک هەموو مەیدانێکی تر، ئەوە کرێکارانن، کە بە ئازایەتی و کۆڵنەدەری و قوربانیدان، هۆی سەرەکی و

گەورەن بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن. ڕێک هەروەک ڕابردو، وردەبۆرژوازی لە خەباتی داهاتووشدا هەر هەمووی هەتا دوایین کەس، ترسنۆک و دوودڵ و دەستەوەستانە، بەڵام کاتێک لە سەرکەوتن دڵنیابوو، بە هی خۆی دەزانێ و داوا لە کرێکاران دەکات، ئارام و هێمن ببنەوە، بگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان و زیادەڕەوی نەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە پرۆلیتاریا لە سەمەرەی سەرکەوتن بێبەری بکات. کرێکاران ناتوانن پێش بەم کارەی دیموکراتە وردەبۆرژواکان بگرن.

بەڵام توانای ئەوەیان هەیە تا ئەیو جێگایە کە دەوکرێ و ئیمکانی هەیە، پێش بەوە بگرن، کە وردەبـۆرژوازی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە دژی پرۆلیتاریای چەکدار وەکاربخا و دەبێ تووشی وەزعێنێکی بکەن، کە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی دیموکراتەبۆرژواکان هەر لەسەرتاوە گەرای ڕووخان و تێکشکانی تێدا ببەسترێ و بەڕادەیەکی زۆر ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بێ، کە لە داهاتوودا دەسەڵات بکەوێتە دەست پرۆلیتاریا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە کرێکاران لە جەرگەی خەباتدا و دەسبەجێ دوای سەرکەوتنی خەباتەکەش، دەبێ تا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەیە، لە دژی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی بۆرژواکان کە دەیانەوێ وەزعەکە هێمن و ئارام بکەنەوە، ڕاوەستن و دیموکراتەکان ناچار بکەن، خۆ لەو شەڕە خوێناوییە نەدزنەوە، کە ئیدیعای دەکـەن. کرێکاران دەبێ هەوڵ بدەن ئەو تین و تەوژم و هەڵچونە شۆڕشگێڕانەیە، کە دوای سەرکەوتن هەیە، دانەمرکێنەوە و پاشەکشەی پێ نەکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەرم و بڵێسەدار و زیندوو بپارێزرێ. حیزبی کرێکاران نەک هەر نابێ پێش بەو فەعالییەتانە بگرێ، کە گویا «زیادەڕەوی»یە وەک تۆڵەسەندنەوەی جەماوەر لە کەسانی نەفرەت لێکراو، یان تێکدانی ئەو شوێنانە، کە بسیرەوەری تاڵ و ناخۆش بۆ خەڵک

زیندوو دەکەنەوە، بەڵکو دەبێ ڕێگەی پێ نیشان بدا. کرێکاران لە جەرگەی خەباتدا و دوای سەرکەوتنی خەبات، دەبێ لە هەموو مەجال و دەرفەتێکدا داخوازێکانی خۆیان بەرنبەر بە داخوازەکانی دیموکراتە بۆرژواکان بیننەگۆر. هەر کە بۆرژوازی دیموکرات گەیشتە سەروبەندی ئەوەی، کە حکومەت بەدەستەوە بگرێ، دەبێ کرێکاران داوای زەمانەتی لێ بکەن بۆ خۆیان، وە ئەگەر پێویست بێ، تەنانەت بۆ ئەستاندنی ئەو زەمانەتە زەبروزەنگ بەکاربەرن و بە تەواوی لەوە دڵنیابن، کە فەرمانڕەوایانی تازە ملیان بەوە داوە، کە هەموو بەڵێنەکانی خۆیان و هەموو داخوازییەکانی کرێکاران وەدی بێنن. ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆئەوەی نەتوانن دواتر لە بەڵێنەکانیان پاشگەز ببنەوە.

کرێکاران دەبێ بە بەرچاوڕوونی و بێ ئەوەی هەلومەرجی تازە سەریان لێ بشێوێنێ، بە ئاشکرا و بەبێ ئەوەی هیچ ئێرادیوی و متمانەیەکیان بە حکومەتی تازە هەبێ، دەبێ هەرچۆنێک، کە بۆیان دەکرێ کارێک بکەن، کە نەهێڵن ئەو خۆشی و شادییە، کە دوای سەرکەوتن هەیە بەۆچاویان بگرێ و خاترجەم بن و دڵ بەو هەلومەرجە خۆش بکەن، کە دوای هەموو خەباتێکی سەرکەوتووانەی شەقامەکان پێکدێ. پێ بە پێ و هاوکات لەگەڵ حکومەتی ڕەسمی تازە، کرێکاران دەبێ بە پێکهێنانی کۆمیتە ئیجراییە محەللییەکان و شووراکان یانی بە پێمهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و کۆمیتە کرێکارییەکان دەسەڵاتی شۆڕگێڕانەی خۆیان دامەزرێنن، هەتا لەم ڕێگایەوە حکومەتی دیموکرات _ بۆرژواکان نەک هەر دەسبەجێ لە پشتیوانی کرێکاران مەحرووم بێ، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە خۆیان لەژێر چاودێری هێزێکدا ببینن و هەڕەشەی هێزێکیان بەسەرەوە بێ، کە هەموو کرێکارانی لە پشتە. بە کورتی، هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنەوە کرێکاران

لەجیاتی ئەوەی لە حیزبی کۆنەپەرستی شکست خواردوو بەدگومان بن، دەبێ لە هاوپەیمانانی پێشووی خۆیان، یانی لەو حیزبە بەدگومان بن، کە دەیەوەێ سەمەری سەرکەوتنی هاوبەش بۆ خۆی بڕفینی.

2.کرێکاران بۆ زەبوزەنگنواندن و هەڕەشەکردن لەو حیزبە، کە خەیانەتی بە چینی کرێکار هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنەوە دەست پێ دەکات، دەبێ چەکدار بن و خۆ ڕێکبخەن. تەواوی کرێکاران دەبێ دەسبەجێ بە تۆپ و تفەنگ و تەقەمەنی خۆ چەکدار بکەن و نەهێڵن «میلیشیای هاوڵاتیان «، کە پێشتر لە دژی کرێکاران دەهێنرایە مەیدان، سازبکرێتەوە، لەو جێگایەش، کە کرێکاران نەتوانن بە پێکهاتنەوەی ئەو «میلیشیا»یە بگرن، دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ڕێکخستنی گاردی پرۆلیتاری و ڕابەر و سەرکردەکانی خۆیانیش هەڵبژێرن. کرێکاران نابێ دەستور و بڕیاری دەسەلاتی دەوڵەتی بەرێوەبەرن، بەڵکو دەبێ دەستور و بریاری شورا شۆڕشگێرە محەللییەکان، کە خودی کرێکاران پێکیان هێناوەن_ بەرێوبەرن. لەو جێگایە، کە کرێکاران کاری دەوڵەتی دەکەن، دەبێ دەستەی تایبەت پێکبێنن و خۆیان سەرکردەی بۆ هەڵبژێرن، وەیا وەک بەشێک لە گاردی پرۆلیتاری خۆی ڕێکبخەن. چەک و تەقەمەنی بە هیچ بیانویەکەوە نابێ تەسلیم کرێتەوە. هەر پەلەقاژەیەک بۆ چەککردنی کرێکاران دەبێ پووچەڵ کرێتەوە و ئەگەر پێویست بوو چەکدارانە، ئەو مەسەلە هەرە گرینکە، کە پرۆلیناریا، هەروەها «یەکێتی» لە جەنگەی ئەو ڕاپەڕینەدا، کە خەریکە نزیک دەبێتەوە و هەروەها دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە دەبێ لەبەرچاوی بگرن، ئەوەیە: نەهێشتنی دەسەڵاتی بۆرژوا دیموکراتەکان بەسەر کرێکاراندا و داسەپاندنی هەلومەرجێک، کە حکومەتی دیموکراسی بۆرژوازی، کە چاری ناکرێ، پێش بە هاتنەسەرکاری بگرین تووشی مەترسی بکات و دەسەڵاتدارەتی لێ دژوار یکاتەوە.

3. دەوڵەتە تازەکان هەر کە خۆیان قایمکرد و سەقامگیربوون، خێرا لە دژی کرێکاران وەخۆ دەکـەون. کرێکاران بۆئەوەی بتوانن بەهێز و تواناوە بەرەنگاری هێرشی وردەبۆرژوا دیموکراتەکان ببنەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ لە کۆڕ و کۆمەڵی سەربەخۆدا کۆببنەوە و خۆڕێک بخەن، پاش ڕووخانی ئەم حکومەتانەی ئێستا، کۆمیتەی ناوەندی بە زووترین کات دێتە ئەڵمان و کۆنگرەیەک پێکدێنێ، هەتا ڕێگایەک نیشان بدات، بۆئەوەی کۆڕ و کۆمەڵی کرێکاران یەکجێ بهێنرێنە ژێر چاودیری بەرێوەبەرایەتییەک، کە لە مەرکەزی سەرکردایەتی بزوتنەوە پێکهێنراوە. ڕێکخستنی خێرای پەیوەندی نێوان کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکان مەرجێکی زۆر گرینگ و پێویستە بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی حیزبی کرێکاران.

داوی ڕوخانی ئەم حکومەتانەی ئێستا، خێرا هەڵبژاردنێک بۆ مەجلیسی نوێنەران لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوەدەچێ. لەم بابەتەوە پرۆلیتاریا دەبێ وریای بکە:

1. کاربەدەستانی محەللی و مەئمورەکانی دەوڵەت بە فێڵ و تەڵەکە، بە هیچ بیانویەکەوە هیچ بەشێک لە کرێکاران لە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا مەحروم نەکەن.

2. کاندیداکانی کرێکاران لە هەموو شوێنێک بەرانبەر بە کاندیدا بۆرژوادیموکراتەکان دیاری بکرێن، ئەم کاندیدایانە، ئەوەندەی ئیمکانی هەیە، دەبێ لە ئەندامانی «یەکێتی»بن و دەڵێ بە هەموو شێوەیەک هەوڵبدرێ بۆئەوەی هەڵبژێردرێن. تەنانەت لەو جێگایانەش، کە هیچ ڕێی تێ ناچێ، هەڵبژێردرێن، دیسانیش کرێکاران دەبێ کاندیداکانی خۆیان دیاری بکەن، هەتا بەم جۆرە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، میزانی هێزی خۆیان بەراورد بکەن، هەڵوێستی خۆیان و بۆچوونەکانی حیزب بخەنە بەرچاوی

هەموان. کرێکاران نابێ گوێ بدەنە ئەو قسە پووچەی دیموکراتەکان، کە دەڵێن، ئەگەر کرێکاران کاندیدای سەربەخۆیان هەبێ، بەرەی دیموکراتێک پارچەپارچە دەبێ و کۆنەپەرستان مەجالی ئەویان دەستدەکەوێ، کە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. هەموو ئەم قسانە لە بنج و بناوانی خۆیدا هەر بۆ فریودانی کرێکارانە. ئەو سەرکەوتنە، کە حیزبی کرێکاران بەم جۆرە بە هەنگاوی سەربەخۆ پێی دەگات، زۆر گرنگتر و گەورەترە لەو زیانانە، کە بە هۆی هەڵبژاردنی چەند نوێنەری کۆنەپەرست دێتە پێش. ئەگەر هێزەکانی دیموکراسی هەر لەسەرەتاوە لێبڕاوانە لە دژی کۆنەپەرستی بجوڵێنەوە و سەرکوتی بکەن، ئیتر کۆنەپەرستی لە هەڵبژردن هیچ مەجالێکی بۆ نامێنێ. یەکەمین مەسەلە، کە دەبێتە مایەی کێشەی نێوان دیموکراتە بۆرژواکان و کرێکاران، هەڵوەشانەوەی فیئودالیزمە. وردەبۆرژوازی، هەر وەک شۆڕشی یەکەمی فەرەنسا، داوای ئەوە دەکات زەوەی و زاری فیئودالەکان وەک ملکی خۆڕایی بدرێ بە جوتیارەکان. بە وتەیەکی تر، ئەمانە هەوڵ دەدەن بۆئەوەی پرۆلیتاریای دێ، هەر لەو وەزعەی پێشوویدا بمێنێتەوە و چینێکی وردەبۆرژوای جوتیار پێکبێنن، کە گرفتاری هەمان ئالقەی هەژاری و قەرزاری بێ، بەو جۆرە، کە جوتیارانی فەرەنسا تووشی بوون. کرێکاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندی پرۆلیتاریای دێ و بەرژەوەندی خۆیان، دەبێ بەرامبەر بەم تەرحە ڕاوەستن. کرێکاران دەبێ داوای ئەوە بکەن، کە موڵکی فیئودالەکان موسادەرە بکرێ و وەک ملکی دەوڵتی بمێنێتەوە و بۆ بەرهەمهێنانی کرێکاریی کەڵکیان لێ وەربگیرێ و پرۆلیتاریای دێ بە بەهرەمەندبوون لە هەموو ئیمکاناتی کشتوکاڵی بەرین، بەشێوەی هاوبەش کشتوکاڵی لەسەر بکەن. بەم جۆرە ئەسڵی مالکییەتی هاوبەش لە جەرگەی پەیوەندییەکانی مالکییەتی لەرزۆکی بۆرژواییدا ڕیشەی خۆی دادەکوتێ.هەروەک یموکراتەکان لەگەڵ

جوتیاران یەک دەگرن، کرێکارانیش دەبێ لەگەڵ پرۆلیتاریای دێ یەک بگرن.

دیموکراتەکان یان ڕاستەوخۆ بۆ جمهورییەکی فیدراڵ هەوڵدەدەن، یان لانیکەم ئەگەر نەیانتوانی پێش بە دامەزراندنی جمهورییەکی یەکپارچە بگرن، هەوڵ دەدەن هەموو ناوچە و مەڵبەندێک، تا ئەو جێگایەی دەکرێ، خودموختاری و سەربەخۆیی پێ بدرێ، هەتا لەم ڕێگایەوە دەست و پێی دەوڵەتی مەرکەزی ببەسترێتەوە، کرێکاران بەرامبەر بەم ڕێبازە، نەک هەر دەبێ بۆ جمهورییەکی واحید و یەکپارچە هەوڵبدەن، بەڵکو دەبێ هەوڵبدەن هێز و دەسەڵات یەکجێ لە دەستی دەوڵەتدا کۆبێتەوە. کرێکاران نابێ گوێ بدەنە ئەو قسە پوچەی دیموکراتەکان، کە دەڵێن هەموو شار و ناوچەیەک خودموختاری پێ بدرێت. لە وڵاتێکی وەک ئەڵمان، لە جێگایەک، کە هێشتا زۆر میرات و شوێنەواری سەدەکانی ناوەڕاست ماون، کە دەبێ بفەوتێنرێن، لە جێگایەک، کە زۆر سەربزێوی و سەرەڕۆیی لە ناوچەکان و مەڵبەندەکان هەن، کە دەبێ تێکبشکێندرێن، بەهیچ شێوەیەک ئەوە قەبووڵ ناکرێ کە هەردێیەک و هەر شارێک و هەر ناوچەیەک کۆسپێکی تازە بخاتە سەر ڕێگای هەڵسوڕانی شۆڕشگێرانە. ئەم هەڵسوڕانە شۆڕشگێڕانەیە، پێویستە و دەبێ دەسەڵاتی تەواوەوە لە یەک مەرکەزەوە ڕابەریی بکرێ. ئەو هەلومەرجەی ئێستاش، کە تێیدا ئەڵمانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش دەبێ لە هەر شار و مەڵبەندێک بە جیاواز خەبات بکەن، نابێ بمێنێتەوە. بەهیچ شێوەیەک ناکرێ نیزامی حکومەتی محەللی بەناوی «ئـازاد» ڕێگای پێ بدرێ شکڵێک لە مالکییەت درێژە پێبدا، کە لەچاوماڵکییەتی خسوسی مۆدێرن دواکەوتووترە و لە هەموو شوێنێک و بە ناچار دەبێتە ماڵکییەتی خوسووسی، یانی «ماڵکییەتی کومایی» . کەتێیدا ململانێ یەکی هەمیشەیی لە نێوان دارا و نەداردا هەیە. هەروەها نیزامی بەناو

«ئازاد» حکومەتە محەللییەکان نابێ ڕێگەی پێ بدرێ لە پاڵ قانونە مەدەنییە دەوڵەتییەکان لە دژی کرێکاران قانوون و یاسای مەدەنی محەللی درێژە پێبدا. وەک فەرانسەی 1793 ئەوە ئەرکی حیزبی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی ئەڵمانە، کە پتەوترین سانترالیزم دامەزرێنێ. دەبێ ماڵیاتێک بکەن، کە نرخی ڕۆژ زلەگەڵ ڕۆژ بچێتە سەر و سەرمایەی گەورە وەرشکست بکات. ئەگەر دیموکرتەکان دەیانەوێ دەوڵەت قەرزەکانی تەنزیم بکات، کرێکاران دەبێ وەرشکستبوونی دەوڵەت بکەن. کەوایە، داخوازەکانی کرێکاران دەبێ بەپێی ئەوە، کە دیموکراتەکان چ دەکەن چەندە دێنە پێش دیاری بکرێن.

ئەگەرچی کرێکارانی ئەڵمان ناتوانن بەبێ تێپەڕبوون لە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن بە دەسەلات بگەن و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان وەدی بێنن، ئەمجار لانیکەم دەتوانن دڵنیا بن، کە پەردەی یەکەمی درامی شۆڕشگێڕانەی داهاتوو هاوکات دەبێ لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاستەوخۆی چینەکەیان لە فەرەنسا و بەم جۆرە ڕەوتێکی خێراتر دەگرێتە خۆی.

بەڵام کرێکاران دەبێ خۆیان بە ناسینی بەرژەوەندە چینایەتییەکانیان، بە هەرچی خێراتر ڕەچاوکردنی هەڵوێستی سەربەخۆی خۆیان. بەوە، کە گوێ نەدەنە قسەپوچەکانی وردەبۆرژوازی دیموکرات و تاقەساتێک گومان لە پێویستبوونی حیزبی سەربەخۆی پرۆلیتاریا نەکەن، لە هەموو کەس زیاتر لە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی یەکجاریدا دەوری چارەنوسسازیان هەبێ. بانگەوازی دەنگ دلێرانەی شەڕی کرێکاران دەبێ: شۆڕشی بێوچان!

لەندەن ــ مارسی 1850

## لەجیاتی پەراوێز

1. ئەم بانگەوازە لە لەندەن چاپکرا و بە ەنهێنی لەناو ڕیزەکانی «یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا» لە لەندەن بڵاوکرایەوە و لە ساڵی 1851 پاش ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەدی «یەکێتی کۆمۆنسینەکان» لە «کۆڵن» گیران، لەرۆژنامەکانی ئەڵماندا چاپکرا.

2. «یەکێتی کۆمۆنیستەکان» یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی پرۆلیتاریایە، کە هاوینی ساڵی 1847 لە لەندەن لە کۆنگرەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی پرۆلیتاریادا پێکهات. ڕێکخەر و ڕابەری «یەکێتی کۆمۆنیستەکان» ماکرس و ئەنگلس بوون و هەر ئەم ڕێکخراوە پێی سپاردن «مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست» بنوسن، یەکێتی کۆمۆنیستەکان تا ساڵی 1852 مایەوە.

3. گراهی بناغەیی «یەکێتی کۆمۆنیستەکان»، «کۆمەن» (Commune)بوو. کۆمۆن لە 3–20 ئەندام پێکهاتبوو. هەر «شانەیەک» (District) لە 2–10 «کۆمۆن» پێکهاتبوو، کە لە ناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیایی بوون. کۆمیتەی ناوەندی هەندێک لە شانەکانی وەک «شانەی مەرکەزی» هەڵبژاردبوو، کە کۆمیتەکەیان کاروباری هاوبەرشی چەند شانەی بەڕێوە دەبرد.

4. مەبەست «خەبات بۆ قانونی ئەساسی ڕایش»ە.

5. مەبەست وڵاتی فەرەنسایە.

6. «ڤراین باررەکان» ئەندامانی مەجلیسی شورای میللی پڕوس بوون، کە مارکس ناوی لێ نابوو «مەجلیسی ناوبژیگەری». پاش کودەتای سەڵتەنەتی 1848 باڵی جەپی مەجلیسی داخراوی پڕوس، داوای لە هاوڵاتیان کرد، ماڵیان نەدەن. تەنیا بەشێک لە ڤراین باررەکان حازر بوون ماڵیات نەدەن.

تێبینی: ئەم نوسراوەیە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمەڵەیە، لە ڕەشەمەی 1366 (1987ز)دا. پیاچوونەوەکەی ئێمە. لە چوارچێوەی دەقە کوردییەکەدایە.

# دەربارەی خۆماڵیکردنی زەوی و زار

کارڵ مارکس
وەرگێڕانی: سەلام عەبدوڵڵا

موڵکایەتی زەوی و زار، کە یەکەمین سەرچاوەیە بۆ هەموو سامانێک، بووە بەکێشەیەکی زۆر گەورە و ئایندەی چینی کرێکار، بە چارەسەرکردنییەوە پایەندە. بەبێ ئەوەی من بمەوێ گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو بەڵگانە بکەم، کە بەرگریکەرانی موڵکایەتی تایبەتی زەوی و زار - یاساناسان، فەیلسوف و ئابووری سیاسی ناسان- دەیهێننەوە، دەتوانین تەنها ئەوە بسەلمێنین کە ئەوانە سەرچاوەی حەقیقەتی داگیرکردن، لە ژێر پەردەی (مافی سروشتی)دا، شاردووەتەوە، ئەگەر داگیرکردن، مافی سروشتی بۆ کەمایەتی ئەفراندووە، ئەوا زۆرینەش تەنها پێویستیان بە کۆکردنەوەی هێز هەیە بۆ وەدەستخستنی مافی سروشتی گەڕاندنەوەی ئەوەی لێیان زەوتکراوە.

بەدرێژایی مێژوو، داگیرکەران هەوڵیانداوە، بە رێگای ئەو یاسایانە بە خۆیان دایدەڕێژن، ڕەگی زەبروزەنگ کە لە مافی موڵکایەتیدا سەرچاوەی وەرگرتووە، بەجۆرێک، لە ناو کۆمەڵدا جێگیربکەن، لەدوایشدا فەیلسوفێک دێ و ڕایدەگەیەنێ، کە کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر ئەو یاسایانە رێککەوتوون. ئەگەر موڵکایەتی تایبەتی زەوی و زار بەکردەوە لەسەر رێککەوتنێکی ئاوا گشتی دامەزرابێ، ئەوا دەبێ لەو چرکەیەدا لەناوببرێ، کاتێ زۆربەی کۆمەڵگەیەک چیتر لەگەڵ مانەوەیدا نابن.

با ئێمە ئەوەی پێدەڵێن «مافەکان»ی موڵکایەتی لەولاوە دابنێین، بەو شێوە دووپاتی دەکەمەوە، کە پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگە، گەشەکردن و

چڕبوونی دانیشتوان، پێداویستەکانی کاری هەرەوەرزی و کاری ڕێکخراو، هەروا ئامێرەکان و دۆزراوەکانی تری بواری کشتوکاڵی، خۆماڵیکردنی زەوی و زار دەکەن بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و لەئاستیدا هەموو قسەلۆکێک لەبارەی مافەکانی موڵکایەتی، ئیفلیج دەکات.

ئەو گۆڕانکارییانە کە لە پێداویسییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڕیاریان لەسەر دەردێت، زوو تا درەنگ، بەخۆیان ڕێگای خۆیان دەگرنەبەر، کاتێ دین بە پێداویستسەکی بەپەلەی کۆمەڵگە، دەبێ ئاسوودە بکرێن و یاساکان هەمیشە ناچاردەکرێن، خۆیان لەگەڵ ئەو پێداویستییانە بگونجێنن.

ئەوەی ئێمە پێویستمان پێ هەیە، زیادکردنی ڕۆژانەی بەرهەمێنانە، و ناتوانین پێداویستسەکان بەئێروتەسەلی ئەنجام بدەین، ئەگەر چەند کەسێک بۆیان هەبێ، بەگوێرەی حەز و بەرژەوەندی خۆیاندا، بەرهەمهێنان ڕێکبخەن یان بەنەزانی، هێزی زەمین بێکەڵک بکەن. هەموو شێوازە هاوچەرخەکان، وەک ئاودێری، ئاوڕواندن، کێڵاندنی هەڵمی و بەرهەمهێنانی شیمی... هتد، دەبێ بە بەرفراوانی لە کشتوکاڵیدا بەکاربهێنرێت، بەڵام ئێمە ناتوانین سەرکەوتوانە سوود وەربگرین لە مەعریفە زانستییەکانمان و، ئەو کەرەستە تەکنیکیانەی لەبەردەستمانن و دەسەڵاتمان بەسەرسیانەوە دەشکێ وەک مەکینەکان.. هتد بۆ کاری کشتوکاڵی، ئەگەر بەشێک لە زەمین بە ئەندازەیەکی بەرفرەوان بەکارنەهێنین.

کاری کشتوکاڵی زەمین بە ئەندازەیەکی گەورە- تەنانەت بە فۆڕمە سەرمایەدارییەکەی ئێستاشییەوە، کە خودی بەرهەمهێنەرەکان بۆ ئاستی ئاژەڵێکی ئاسایی کارکردن، نزمدەکاتەوە- بە تێڕوانینی ئابورییدا، تا ئەو ڕادەیە سوودبەخشترێ لە کشتوکاڵی پارچە زەمینی بچووک و لەتلەتکراو، ئایا لە توانایدا نییە لەسەر ئاستی نیشتمانیدا، پاڵێکی گەورەتر

به گەشەسەندنی بەرهەمێنانەوەی بنێ؟ لەلایەکەوە، بە بەردەم زیادبوونی پێداویستییەکانی دانیشتوان، و لـەولاوە وەزیادبوونی نزخی بەرهە کشتوکاڵییەکان، بەبێ چەندوچۆن دەیسەلمێنن، کە خۆبماڵیکردنی زەوی و زار بووە بە پێویستیەکی کۆمەلایەتی. کەمبوونی بەرهەمێنانی کشتوکاڵی بەهۆی سوودوەرگرتنی ناشایستەی هەندێ کەس، مەحاڵ دەبێ ئەگەر کشتوکاڵ بکەوێتە ژێر چاودێری نەتوە و خێری خۆی.

هەموو ئەو هاووڵاتیانە کە لەکاتی مشاومڕکردن لە بارەی ئەم کێشەیە، گوێم لێ دەگرتن، بەرگریان لە خۆماڵیکردی زەوی و زاریان دەکـرد، بەڵام لەبارەیەوە، بۆچوونی زۆر جیاجیایان هەبوو. زۆرجار نموونەی فەرەنسایان دەهێنایەوە، بەڵام بەحوکمی پەیوەندی موڵکایەتی زەوی و زاری گەورە باڵادەستن. ڕاستە لە فەرەنسادا ئەوەی توانای کڕینی هەبێ، دەتوانێ ببێ بەخاوەن زەوی و زار، بەڵام ڕێک خودی ئەمە، بووە بەهۆی لەتلەتکردنی زەوی و زار بۆ لەتگەلی بچووک و لەلایەن ئاکگەلێ کشتوکاڵ دەکرێن، کە کەم دەرامەتن و زۆرجار پشت بە کاری کەسی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیانەوە دەبەستن. ئەم جۆرە موڵکایەتییە لەگەڵ مەرجەکانیدا لە کێڵینی لەتگەلی زەمینی بچووک، نەک تەنها نەرێی (نەفی) هەر جۆرە چاکسازییەکی هاوچەرخی کشتوکاڵی دەکا، بەڵکو لەهەمانکاتدا خودی جووتیارەکەش دەکات بە دوژمنێکی ڕکو بۆ هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و لە پێشەوەشیانەوە، دووژمنی خۆماڵیکردنی زەوی و زار جوتیار، کە بە زرەویەکەیەوە کۆتکراوە، پێیوایە ئیتر دەبێ هەموو هێزەکەی لە پێناو دەستخستنی دەرامەتێکی پووچ بەکاردەهێنێ و ناچارە بەشی زۆری بەرهەمەکەی پێشکەشی دەوڵەتی بکات بەشێوەی- باجدان، وەک نرخی ئەرکەکانی دادوەری، دەبێ پوول بە دەستەی دادوەری بدات،

بە جامباز، وەک سوود -هیچیش لەبارەی بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکانی دەرەوەی بواری چالاکییە سنوردارەکەی نازانێ، لەگەڵ چینی کرێکاری پیشەسازی، ڕاکێشراوە، لەبەرئەوەی موڵکایەتی جووتیارانە گەورەترین کۆسپە لەبەردەم خۆماڵیکردنی زەوی و زار، بیگومان فەرەنسا لەم بارودۆخەی ئێستایدا، ئەو شوێنە نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە.

بە خۆماڵیکردنی زەوی و زار و بەکرێدانی پارچە زەوییە بچووکەکان بە تاکەکان، یان بە هەروەزییە کرێکاریەکان، لەسایەی حکومەتێکی بۆرژوازیدا، تەنها دەبن بە مایەی کێبڕکێیەکی بێ ڕەحمانە و سەرەنجامەکەی، گەشەسەندنی خێرایی سووە و لەوانەیە ئەمەش سوودی نوێتر بۆ خاوەن موڵکی زەوییەکان، کە لە سەرشانی بەرهەمهێنەرەکان دەژین.

لە کۆنگرەی ئینتەرناسیونال کە ساڵی 1868دا لە برۆکسل دامەزرا، هاوڕێ سیزار دی باب وتی: (زانست بڕیاری نەعلەنکردنی لە ناوچوون لەسەر موڵکایەتی زەوی و زاری بچووک دەرکردووە و، دادپەروەریش، موڵکایەتی گەورەی زەمین مەحکوم دەکات، کەواتە تەنها یەک ئەڵتەرناتیف دەمێنێتەوە. دەبێ زەوی و زاریان ببێ بە موڵکی هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان، یان موڵکی هەموو نەتەوە. دوارۆژ بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە دەدا).

من لە بەپێچەوانەی ئەوە، دەڵێم: بزوتنەوەی کۆمەڵاتی بڕیار لەسەر ئەوەدەدا، زەوی و زار تەنها ببێ بە موڵکایەتی هەموو نەتەوە. بە پێدانی زەوی و زار بە کرێکارانی کشتوکاڵی، واتە کۆمەڵە دەخرێنە ژێردەستی یەک چینی دیاریکراو، ئەوەش چینی بەرهەمهێنەرانە.

خۆماڵیکردنی زەوی و زار گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر پەیوەندی نێوان کارو سەرمایە دەهێنێ و لە دواییدا هەموو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پیشەسازی و کشتوکاڵی لە ناودەبات. ئەوکاتە جیاوازی و

ئیمتیازاته چینایەتییەکان لەگەڵ ئەو بنەما ئابوریەی لەسەری دامەزراوە، لە ناودەچێ و کۆمەڵگە بۆ هەرەوەزییەکی ئازادی «بەرهەمهێنەران»دەگۆڕێت. ژیان لەسەر حیسابی کاری کەسانیتر، دەبێ بە باسی ڕبـردوو! ئەوجا نەحکومەت و نە دەوڵەتێک لە ناکۆکیدا لەگەڵ خودی کۆمەڵگەدا دەمینێ! کشتوکاڵی، کاری کانگەکان و بە زشەیەک بڵێم، هەموو لقەکانی بەرهەمێنان، پلە پلە بە سودمەنترین شێوە ڕێکدخرێت. بەسێنترالکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ناتسیونال دەبێ بە سروشترین بنەما کۆمەڵگەیەک لەسەر یەکگرتنەوەی ئازاد و هوشیاری بەرهەمهێنەرانی هوشیار دامەزرابێ، کە چلاکانە هەڵدەستن بەکارکردن بە پێی بەرنامەیەکی هاوبەش و عەقڵانی. ئەمە ئەو ئامانجە مرۆڤایەتیانەیە کە بزوتنەوەی ئابووری مەزنی سەدەی نۆزدەهەم هەوڵی بۆ دەدا.

---

لە مارس و ئەپریل 1872 بەزمانی ئینگلیزی نوسیویەتی و لە ڕۆژنامەی The International Herald لە 2004/6/25 بۆ یەکەم جار بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا.

Karl marx/ Friedrich Engls– Werke. (Karl) Detz Verlag, Berlin, Band 185– Auflage 1973

# ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا

## تێبینییەکان لەمەڕ بەرنامەی پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا
(بەشی یەکەم)

**لە ئەڵمانییەوە: سەڵام عەبدوڵڵا ئیبراهیم**

1- ((کار سەرچاوەی گشت سەروەت و رۆشنبیرییەکەو، لەبەر ئەوەی کاری سوودبەخش، تەنها لە ناوو بە ڕێگا کۆمەڵگەوە دەگونجێ، ئەوا هەموو مایەی کار، بەبێ داشکاندن و بە مافی یەکسانەوە، موڵکی هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگەیە))

بەشی یەکەمی پەرەگرافەکە: «کار سەرچاوەی سەروەت و رۆشنبیرییەکە».

کار سەرچاوەی هەموو سەروەت نییە. سروشت سەرچاوەی بەهای بەکاربردنە (رێک لەمەوە، سەروەتی ماددی پێکدێت!) وەک کار، کە بە خودی خۆی، هیچیتر نییە، جگە لە ڕوخساری هێزێکی سرووشتی، واتە هێزی کاری مرۆیی. ئەو دێڕەی سەرەوە، لە هەموو کتێبەکانی ئەلفوبێدا دەیبیننەوەو درووست نییە، تەنها بەقەد ئەو واتایە کە کار لەگەڵ هەبوونی ئامرازو کرەستەی گونجاودا، بەرێوەوە دەچێ. بەلام نابێ لە بەرنامەیەکی سۆسیالیستیدا ئەو جۆرە دەربڕین و ڕستە بۆرژوازییانەی تێدا

هەبێ کە بێدەنگی دەکەن لەمەڕ ئەو مەرجانە وا تەنها بەخۆیان دەتوانن واتایەکی پێ ببەخشن.

کاری مرۆڤ نابێ بە سەرچاوەی بەها بەکاربردەکان و لەپاشانیشدا بە سەرچاوەی سەروەت، تەنها بەمەرجێک، هەر لە سەرەتاوەوە، لە

ئاستی سروشتدا، وەک خاوەن موڵک ڕەفتار بکا، لە ئاستێ ئەم یەکەم سەرچاوەیەی هەموو ئامرازو کەرەستەکانی کار، بە مەرجێک، وا مامەڵەی لەگەڵدا بکا، وەک بڵێی موڵکی خۆیەتی.

بـۆرژواکـان هـۆی زۆر باشیان بەدەستەوەیە، هێزی خوڵقێنەری بانسرووشتی بە کار بـدەن. سەرئەنجامی ئـەوەی کە سرووشت مەرجی کارکردنە: هەر مرۆڤ، کە هیچ موڵکایەتییەکی نەبێ جگە لە هێزی بازووی، لە هەموو بارودۆخە کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکاندا، دەبێ ببێ بە کۆیلەی ئەوانەی دەستیان بەسەر مەرجە مادییەکانی کار ڕاگرتووە و تەنها بە مۆڵەتی ئەواندا دەتوانێ کار بکات، کەواتە تەنها بە مۆڵەتی ئەواندا، دەتوانێ بژێ.

با ئێستا لەو ڕستەیە گەڕێین، کە ئاماژەمان پێکرد، هەروا هەڵەکەی، هەرچییەکیش بێ، ئایا مرۆڤ چاوەڕوانی چ ئەنجامێگیرییەکی لێدەکات؟ پێدەچێت ئەمەی خوارەوە: (( کاتێ کار سەرچاوەی گشت سەروەتێکە، ئەوا هیچ مرۆڤێک لە گۆمەڵگە، ئەگەر خاوەن بەرهەمی کارکردن نەبێ، ناتوانێ ببێ بەخاوەن سەروەت و سامان. کەواتە ئەگەر ئەو مرۆڤە بەخۆی کار نەکات، ئەوا لەسەر حیسابی کاری غەیرە دەژی و رۆشنبیرییەکەیشی لەسەر حیسابی کاری غەیرە وەردەگرێ )).

لە بری ئەم ئەنجامگیرییەدا، ڕستەیەکی تر بەڕێگای دەربڕینی (کاتێ))، بۆ ڕستەی یەکەم زیادەکەن، تا لە ڕستەی دووهەمدا، نەک لە یەکەمەکە، سەرئەنجامێک وەربگرن.

بەشی دووهەمی پەرەگرافەکە: ((کاری سوودبەخش، تەنها لەناوو بەڕێگای کۆمەڵگەوە دەگونجێ))

بەگوێرەی یەکەم ڕستەکە، کار سەرچاوەی گشت سەروەت و ڕۆشنبیرییە، بە پاشانیشدا، ناکرێ هیچ کۆمەڵگەیەکیش بە بێ کارکردن هەبێ. بەڵام ئەوەتا

پێچەوانەکەیمان پێدەڵێن، کاری ((سوودبەخش)) بەبێ کۆمەڵگە نەگونجاوە.

بەم شێوەیە، دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە تەنها لەناو کۆمەڵگەدا، کاری زیانبەخش و تەنانەت کاری زیانبەخش و ئەوەی بۆ کۆمەڵگەش زیانبەخشە، ببێ بە لقێک لە لقەکانی پیشەسازی، و تەنها لەناو کۆمەڵگەدا مرۆڤ دەتوانێ بەبێ کارکردن بژێ ... هتد، واتە بەکورتییەکەی هەموو نووسنەکانی ڕۆسۆ کۆپی بکرێت.

ئەدی کاری (سوودبەخش) چییە؟ ئەوە هیچی تر نییە تەنها ئەو کارە نەبێ کە سەرئەنجامی سوودبەخشی خواستراو دەدا. دڕندەیەک- مرۆڤ دڕندە بوو پاش ئەوەی لە مەیموونی گەڕا- ئاژەڵێک بە بەرد دەکوژێ یا بەروبوومێک کۆدەکاتەوە...هتد، کاری سوودبەخش) دەکا.

سێهەم: ئەنجامگیرییەکە: ((و، کاتێ کاری سوودبەخش، تەنها لە ناو وبە ڕێگای کۆمەڵگەوە دەگونجێ، ئەوا هەموو مایەی کار، بەبێ داشکاندن و بە مافی یەکسانەوە، موڵکی هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگەیە)).

ئای لەو سەرئەنجامە زەریفە! کاتێ کاری سوودبەخش، تەنها لەناوو بەڕێگای کۆمەڵگەوە دەگونجێ، مایەی کار دەبێ بۆ موڵکی کۆمەڵگە- و تاکی کرێکار تەنها ئەوەندەی بەردەکەوێت، کە پێویست پێ نابێت تا «مەرجەکانی» کار و کۆمەڵگەی پێرابگیرێ.

لەڕاستیدا، ئەم ڕستەیە لە هەموو سەردەمێکیشدا لەلایەن هەموو ئەوانەی بەرگری لەهەر سیستێمێکی کۆمەڵایەتی باویان کردووە، بەرەوا زانیوە. یەکەمجار، بەرپەرچی ئیدعایەکانی حکومەت و هەموو ئەوانەی پێوەوە بەستراون، دەداتـەوە، چونکە وەک دەڵێن، حکومەت ئامێری کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی سیستێمی کۆمەڵایەتی، لە پاشانیشدا، داواکارییەکانی هەموو جۆرەکانی موڵکایەتی تایبەت دەداتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین جۆری

موڵکایەتی تایبەت، هەر هەموویان وەک دەڵێن، بنەمای کۆمەڵگەیە...هتد و بەم شێوەیە، دەکرێ هەموو ئەو ڕستە بەتاڵانە، سەروخۆار بکرێ و هەر کەسێک بە ئارەزووی خۆی شێنەڵیان بکات.

لەنێوان بەشی یەکەم و بەشی دووهەمی ئەو دوو پەرەگرافە، هیچ پەیوەندییەکی لۆژێکی نییە، تەنها ئەگەر بەم شێوەیە دایڕێژین: ((سەرچاوەی سەروەت و ڕۆشنبیری تەنها کارە وەک کارێکی کۆمەڵایەتی، یا، بە دەربڕینێکی تر کە هەمان واتا دەدات ((لەناو و بەڕێگای کۆمەڵگاوە)).

ئەم ڕستەیە بەبێ هیچ مشتومڕێک درووستە، چونکە ئەگەر کاری تاکەکان (ئەگەر گریمانەی بوونی مەرجە ماددییەکانی بکەین)، بەهای بەکاربردنیش درووست بکا، ناتوانێ نە سەروەت و نە ڕۆشنبیری درووست بکات.

بەڵام ڕستەکەی تریش بەهەمان شێوە دووستە: (چەندە کار پەرەپسێنێ و بەڕێگایەوە ببێ بە سەرچاوەی سەورەت و کلتوور، ئەوەندە هەژاری و لانەوازی کرێکار و سەروەت کلتووریش بۆ ئەوانەی کارناکەن، پەرەدەستێنێ))

ئـەوە یاسای هەموو مێژووە تاکو ئێستا. لەبری ئـەوەی ڕستەو دەربڕنی گشتی لەبارەی ((کار)) و ((کۆمەڵگە)) بکەن، دەبوو لێرەدا بەوردی بیسەلمێنن، چۆن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، ئەو مەرجە مادییانە و مەرجەکانی تر درووستبوون کە وا لە کرێکاران دەکەن قودرەتمەند و ناچاردەکەن، هەموو نەفرەتە مێژووییەکان، سەرکوت و وردوخاش بکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا، هەموو شێواز و ناوەڕۆکی هەڵەی ئەو پەرەگرافەی لەوێدا هاتووە، بۆ ئەوەیە، داڕشتنی لاساڵی ((مایەی کار بەبێ داشکاندن)) وەک درووشمێک لەسەر ئاڵای حیزب بنووسرێ. من لە پاشاندا دەگەڕێمەوە بۆ باسکردنی ((مایەی کار)) و ((مافی یەکسان))...هتد، چونکە هەمان شت

تا ڕادەیەک بەشێوەیەکیتر دووبارە دەبێتەوە.

2- (( لە کۆمەڵگەی ئیمڕۆماندا، ئامرازەکانی کار، مۆنۆپۆلی چینی سەرمایەدارانە و هەر ئەمەش مەرجی پاشکۆیەتی چینی کرێکارە و هۆکاری هەموو شێوەکانی کوڵەواری و ملهوڕییەکانە)).

ئەم پەرەگرافە کە لە دەستووری ئینتەرناسیونالیزمەوە وەرگیراوە، بەم بڵاوکردنە ((چاککراوە))یە هەڵەیە.

لە کۆمەڵگای ئێستاماندا، ئامرازەکانی کار مۆنۆپۆلی موڵکدارە عەقارییەکانە (تەنانەت مۆنۆپۆلی موڵکایەتی عەقاریی، بنچینەی مۆنۆپۆلی سەرمایە) و سەرمایەدارەکانەز دەستووری ئینتەرناسیونال لە ڕستەی ئاماژەپێکراویدا نە هێما بۆ چینی مۆنۆپۆڵیستی یەکەم و نە دووهەمیشدا کردووە، بەڵکو هێمای کردووە بۆ ((مۆنۆپۆڵکردنی ئامرازەکانی کار، واتە سەرچاوەکانی ژیان)). خستنەپاڵی دوو ووشەی ((سەرچاوەکانی ژیان)) بەتێروتەسەلی پیشانیدەدا کە زەمین لە ڕیزی ئامرازەکانی کارکردندا داناوە.

ئەو چاککارییە لەبەر ئەوە کراوە، چونکە لاسال لەبەر چەند هۆیەک کە ئێستا لەلای هەمووانەوە ئاشکرایە، تەنها هێرشی بردووە بۆ چینی سەرمایەدار، نەک موڵکدارە عەقارییەکان. لە ئەنگلستاندا، سەرمایەدار تەنانەت نابێ بە خاوەنی ئەو زەمینەش کە کارگەکەیی لەسەر دامەزراندووە.

3- (( رزگارکردنی کار پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئامرازەکانی کارە بۆ ئاستی موڵکایەتی هەموو کۆمەڵگە و ڕێکخستنی هەموو کار، بەشێوەیەکی هەرەوەزی لەگەڵ دابەشکردنێکی یەکسانی مایەی کار))

((بەرزکردنەوەی ئامرازەکانی کار بۆ ئاستی موڵکایەتی هەموو کۆمەڵگە)) (!) پێدەچێ واتاکەی ئەمە بێ ((گۆڕینی بۆ مەڵکایەتی هەموو کۆمەڵگە)).

مەبەستیان لە ((مایەی کار)) چییە؟ ئایا مەبەستیان بەرهەمی کارە یا بەهاکەی؟ئەگەر مەبەستیان بەهاکەی بێ، ئایا مەبەستیان بەهای گشتی بەرهەمەکەیە یان تەنها ئەو بەشە لە بەها کە کار خستویەتییە پاڵی بەهای ئامرازە بەکاربردەکانی بەرهەمهێنان؟ ((مایەی کار)) دابڕینێکە لە هزرێکی ناڕەوشن کە لاسال لەبری چمکگەلی ئابووریستی ڕووندا، بەکاریهێناوە.

ئەدی ((دابەشکردنی)) یەکسان مانای چییە؟

ئایا بـۆرژواکـان ئیدعاناکەن کـەوا دابەشکردنی ئێستاکە ((یەکسانە))؟ و هـەر وایشە، ئایا دابەشکردنی ئێستا، تاقە دابەشکردنی ((یەکسان))نییە لەسەر بیناغەی ئێستای شێوازی بەرهەمهێنان؟ ئایا پەیوەندییە ئابوورییەکان چەمکە یاساییەکان ڕێکیدەخەن یان مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە، پەیوەندییە یاساییەکان لە پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە سەرهەڵدەدەن؟ ئەوە نییە هەڵگرانی ڕێبازە سۆسیالیستە جیاوازەکان، زۆرترین بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی دابەشکردنی یەکسان))؟

بۆ ئەوەی لێرەدا مەبەست لەم دوو وشەیە ((دابەشکردنی یەکسان)) تێبگەین، دەبێ پەرەگرافی یەکەم، لەگەڵ پەرەگرافی سێهەم، بەراورد بکەین. پەرەگرافی سێهەم گریمانەی کۆمەڵگایەک دەکا ((تێدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، موڵکی هەموو کۆمەڵگایە و سەرجەمی کاریش بەشێوەی هەرەوەزی ڕێکدەخرێت)).

((هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە))؟ بەوانەیشەوە کە کار ناکەن؟ ئەدی ئەوسا ((مایەی کار بە بێ داشکاندن)) چی لێ هات؟ تەنها ئەندامە کارگەرەکانی کۆمەڵگە؟ ئەدی ((مافی یەکسان؟))ی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە چی لێ هات؟

ئەرێ ((هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە)) و ((مافی یەکسان)) تەنها دوو ووشەی پەتین. بەڵام کاکڵەکەی پێکهاتووە لەوەی کە لەم کۆمەڵگە کۆمۆنیستییەدا، دەبێ هەر کرێکارێک ((مایەی کار بەبێ داشکاندن))ی لاسالی وەربگرێ.

ئەوجا ووشەی ((مایەی کار)) وەردەگرین بە مانای بەرهەمی کار، ئەوا مایەی کاری هەرەوەزی، بەرهەمی سەرجەم بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییە.

ئەمێستا، دەبێ ئەمانەی خوارەوەیان لێ داشکێنین:

یەکەم: خەرج بۆ چاکردکردنی ئامرازە بەکاربراوەکانی بەرهەمهێنان.

دووهەم: بەشێکی سەربار بۆ بەرفراوانکردنی بەهەمهێنان.

سێهەم: ماڵگەلێبۆ یەدەک یا دابینکردنی کاروباری فریاگوزاری و کارەساتە سرووشتییەکان، ...هتد

ئەم داشکاندنانە لە ((مایەی کار بەبێ داشکاندن))، پێداویستگەلێکی ئابوورین و، بڕەکەی بە گوێرەی ئامرازو هێزە لەبەردەستەکاندا، دیاریدەکرێن و هەندێ جاریش، بەڕێگەی گریمانەی ژمێریارییانەوە دیاریدەکرێن، بەلام بەهیچ شێوەیەک، دادوەرانەوە هەڵناسنگێ.

بەشێکی تر لەو بەرهەمە گشتییە، دەمێنێتەوە کە خزمەت بە ئامرازەکانی بەکاربردن دەکات. پێش ئەوەی دەستبکرێ بە دابەشکردنی بەسەر تاکەکان، ئەمانەی خوارەوەیشی لێ داداشکێندرێ:

یەکەم- خەرجی بەرێوەبەردنی گشتی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بەهەمهێناندا نییە.

ئەم بەشە، لە براوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێستادا، دەستبەجێ بۆ بوارە زۆر بایەخدارەکان تەرخان دەکرێ و بەهەمان ئەندازە بەقەد گەشەسەندنی کۆمەڵگەی نوێدا کەمدەبێتەوە.

دووهەم- ئەوەی بۆ پڕکردنی پێداویستیە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە ئامادەکراوە وەک قوتابخانە و دەزگای تەندەرووستی...هتد.

ئەم بەشە دەستبەجێ زۆر زیاد دەکات لە بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێستاو بە قەت گەشەسەندنی کۆمەڵگای نوێدا، گەشە دەکات.

سێهەم- ماڵی پێویست بۆ هاریکاری ئەوانەی ناتوانن کار بکەن... هتد، بەکورتییەکەی، ئەوەی ئەمڕۆ بەڕەسمی ناوی فریاکەوتنی هەژارایە.

ئەوجا ئێستا دەگەین بە ((دابەشکردن))کە بەرنامەکە لەژێر کارتێکردنی (لاسال)دا، مەبەستییەتی، و بەشێوەیەکی بەرتەسک، واتە بۆ ئەم بەشە، لە شتی بەکاربردن کە بەشێوەیەکی تاکانە لەنێو بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە، دابەشدەکرێن.

((مایەی کار بەبێ داشکاندن)) بەشێوەیەکی نا هەستیارانە، گۆڕا بۆ ((مایەی داشکاو))، وسەرباری ئـەوەی لە بەرهەمهێنەر وەک تاک وەردەگیرێت، سەرلەنوێ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخر، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە، بە سوودبەخش بۆی دەگەڕێتەوە.

وەک چۆن دەربڕینی ((مایەی کار بەبێ داشکاندن))وون بوو، ئێستا دەربڕینی ((مایەی کار))یش بەگشتی وون دەبێ.

لەناو کۆمەڵگەیەکدا لەسەر هـەرەوەزی و موڵکایەتی گشتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، دامەزرابێ، بەرهەمهێنەران، بەرهەمەکانیان ناگۆڕنەوە: بەهەمان شێوەشدا، رەنجی کـاری بەکارهێنراو، لەسەر بەرهەمەکان وەک بەهای ئەو بەرهەمانە دەرناکەون، وەک ئاکارێکی ماددیانەی ئەم بەرهەمانە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری، تاکەکان چیتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار ناکەن، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەک بەشێک لە سەرجەمی کاردا، بوونیان هەیە. هەرئەوها، ووشەی ((مایەی کار))

بەهۆی دووگانەگی واتاکەی، تەنانەت لە ڕۆژگاری ئیمڕۆژماندا، ناتوانێ خۆی لەبەردەم ڕەخنە ڕابگرێ و هەموو مانایەک، لەدەستدەدا.

ئەوەی لێرەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە، بەلام نەک وەک ئەوەی لەسەر بنەما تایبەتییەکەی خۆی گەشەی کردبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، وەک کۆمەڵگەیەک بە تازەگی لە هەناوی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەرچووە، واتە کۆمەڵگەیەک کە هێشتا لە هەموو لایەنە ئابووری، ڕەوشت و هـزردا، مۆرکی ئە کۆمەڵگە کۆنەیە هەڵگرتووە. بەهەمهێنەر بە شێوەیەکی تاکانە-پاش هەموو داشکاندنەکان-کە تەریبەبەوەی بە کۆمەڵگەپێشکەشکردووە، وەردەگـرێـتـەوە. ئـەوەی بۆ کۆمەڵگەی پێشکەشکردووە، بەشی تاکی خۆیەتی لە کارکردن. بۆ نموونە، ڕۆژی کاری کۆمەڵایەتی، هەموو کاتژمێرەکانی کاری تاکانەکان پێکدەهێنی و کاتی کاری تاکەکان کە هەر بەرهەمهێنەرێک خەرجیکردووە، ئەو بەشەیە کە لە ڕۆژی کاری کۆمەڵایەتی پێشکەشیکردووە، بەشێکە کە لەم کارە بەشدرای تێداکردووە. کارگەر لە کۆمەڵگەوە پشتگرییەک وەردەگرێ کە دەیسەلمێنێت هەندێکی دیاریکراو لە کارکردن ( پاش داشکاندنی کاری خەرجکراو لەپێناو سەندووقی کۆمەڵایەتی)بەم بەڵگەیەوە، لە داکراوی کۆمەڵایەتی بڕێک لە شتی بەکاربردن وەردەگرێ، کە بە قەت کارەکەی، شیاوییەتی. بەم شێوەیە، هەمان ئەو بەشی کارکردنە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو بە کۆمەڵگەی پێشکەشکردووە، بەشێوەیەکی تر لە کۆمەڵگە وەردەگرێتەوە.

ئەوها، هێشتا لێرەشدا مافی یەکسانی وەک پرەنسیپ، مافێکی بۆرژوازییانەیە، سەرەڕای ئەوەی پرەنسیپ و جێبەجێکردن عەمەلی ململانی ناکەن، لە کاتێکدا گۆڕینی بەها هاوسەنگەکان لە سێبەری گۆڕینی کاڵاکاندا تەنها بە وێنەیەکی ناوەندییانە ئەنجامدەدرێ، بەڵام نەک لەهەر بارودۆخێکدا.

سەرباری ئەم پێشکەوتنە، مافی یەکسان هێشتا هەر لەچوارچێوەی سنووری بۆرژوازیدا بە بەرتەسکی دەمێنێتەوە. مافی بەهەمهێنەر لەگەڵ ڕەنجی کارکردنکەیدا، تەریبە، لێرەش یەکسانی بەوە ڕووندەبێتەوە کە کارکردن، یەکانییەکی هاوبەش بۆ پێواندن وەردەگرێ.

بەڵام ڕەنگە تاکیک لە ئاستی لەش یان هزردا لە تاکیکی تر بەتواناتر بێ، کەواتە لەهەمان کاتدا، بڕێک یا کاتیکی زیاتر پێشکەش دەکا، بەڵام بۆ ئەوەی کار بکرێ بە پێوەر، دەبێ بە ماوە یا سەختییەکەی دیلری بکرێت، دەنا ناتوانێ ببێ بە یەکەیەک بۆ پێواندن. ئەو مافی یەکسانییە، نایەکسانییە لە بەرامبەر کارێکی نایەکسان و، داننانێ بە هیچ جیاوازییەکی چینایەتیدا، چونکە هەر کەسێک، وەک ئەوانیتر تەنها کارگەرە، بەڵام بە ئاشکرا دان دەنێ بە نایەکسانی داهێنانی تاکەکان و لەپاشاندا بە لێوەشاوەیی بەرهەمهێنەرانە وەک ئەمتیازگەلێکی سرووشتی. کەواتە وەک ناوەڕۆک، مافێکە، وەک هەر مافێکیتر، لەسەر نایەکسانی ڕاوەستاوە. ماف، بە حوکمی سروشتەکەی تەنها لە بەکارهێنانی هەمان یەکەی پێواندن دەردەکەوێ؟ بەڵام تاکە نایەکسانەکان (هەرگیز نابن بە تاکی تایبەتمەند ئەگەر نایەکسان نەبن) ناکرێ بە گوێرەی یەکەی هاوبەش، بپێورێن، تەنها بەقەت ئەوەی کە هەمان تێڕوانین دەبینرێن، تەنها بەقەت تێڕوانینیان لە یەک سوچی دیاریکراودا. بۆ نموونە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا کە تەنها وەک کرێکارێک دەبینرێن، نەک زیاتر و وێنەیەکی سەربەخۆ لە هەموو شتەکانیتر. و پاشان: ڕەنگە کرێکارێک ئەزدواجی کردبێ، ئەویتر سەڵتە، ڕەنگە پیاوێک زارۆکی زیاتر هەبێ لەپیاوێکیتر....هتد و هەروا، لەبەرامبەر کارکردنی یەکسان و لە پاشاندا لەگەڵ سوودبەخشی یەکسان لە سەندووقی کۆمەڵایەتی بۆ بەکاربردن، بە کردەوە یەکێکیان لەویتر زیار وەردەگرێ و یەکێکیان دەوڵەمەندتر دەردەکەوێ...هتد، بۆ ئەوەی خۆمان لەو

بارودۆخە خراپە لابدەین، نابێ ماف یەکسان بێ بەڵکو دەبێ نایەکسان بێ.

بـەلام ئـەو بـارودۆخـە خراپانە، لە یەکەم قۆناغی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستێمەیە.

لە بارودۆخی باڵای کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، پاش ئەوەی ژێردەستی سەرشۆڕنەی تاکەکان لە دابەشکردن کارو لەتەکیدا ناکۆکی لەنێ ,ان کاری هزری و جەستەیی لەناودەچن و پاش ئەوەی کارکردن، نەک تەنها بە وەسیلەیەک بۆ بژێوی، بەڵکو دەبێ بە خودی یەکەمین پێداویستی ژیان، کاتێ هێزی بەهەمهێنان لەگەڵ گەشەکردنی تاکەکان گەشەونما دەکاو هەموو سەرچاوەکانی سەروەتی گشتی بەزۆروزەبەنی هەڵدەقووڵێن، تەنها ئەو کاتە لەتوانا دەبێ سەتاپای ئاسۆی تەسکی مافی بۆرژوازی ببرزێنرێ و کۆمەڵگەیش دەتوانێ لەسەر ئاڵاکەی بنووسێ: هەر کەسێک بە گوێرەی لێوەشاوەیی، هەر کەسێک بە گوێرەی پێویستی!

من لەلایەکەوە، بەشێوەیەکی تایبەت بە بەرفراوانی باسی ((مایەی کاری بێ داشکاندن))م کردو لەولاوەوە باسی ((مافی یەکسان)) و ((دابەشکردی یەکسان )) بۆ ئەوەی، لەلایەکەوە پیشانیبدەم، چ تاوانێکی گەورە دەکرێ، لەلایەکیترەوە کاتێ دەیانەوێ لەسەرلەنوێ تێگەیشتنگەلێ بەسەر حزبمان بسەپێنن، کە بڕواگەلێکی وەشککەوتنون، لە قۆناغێکدا هەندێ مانایان هەبوو، بەڵام ئیمڕۆ، جگە لە دێڕگەلێکی سواوو ناهەق نەبێ، هیچیان لێ نەماوە، لە لایەکی ترەوە، دەیانەوێ ئەو تێڕوانینە واقیعییە بشێوێنن کە ڕەنجێکی زۆر درا بۆ بلاوکردنی لەناو حیزب و بە قووڵی لە ڕیزەکانیدا ڕەگی داکوتاوە، بەڵام ئەوان سەرلەنوێ دەیانەوێ بە ڕێگای ئایدۆلۆژیای یاسایی شڕۆڵە و درۆودەڵەسە بڵاوبووەکانی نێو دیموکرات و سۆسیالیستە فەرەنسییەکاندا، حیزب بەهەڵەدا ببەن.

بەچاوپۆشی لەوەی تا ئێستا پەڕەیانپێداوەو زۆر هەڵەیە لەبارەی ئەوەی ناویان لێناوە دابەشکردن، دەیانەوێ بیکەن بە چمکی سەرەکی و بەزەقی پیشانی بدەن.

دابەشکردنی شتی بەکاربردن لە هەموو سەردەمێکدا، تەنها ئەنجامی دابەشکردنی خودی مەرجەکانی بەهەمهێنانە، بەڵام دابەشکردنی ئەمەی دواییان، ڕێک، مۆرکی خودی شێوازی بەرهەمهێنان دەردەبڕێ. بۆ نموونە، شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر ئەوەی کە مەرجەکانی بەرهەمهێنانی ماددی بەشێوەی موڵکایەتی سەرمایە و زەمین ڕاگیربووە، بەدەستی کارگەرانەوە نییە، کەچی زۆربەی خەڵک هیچیان نییە جگە لە مەرجی شەخسی بۆ بەرهەمهێنان-هێزی کار. ئەگەرتوخمەکانی بەرهەمهێنان کە بەو شێوەیە دابەشکراوە، ئەوا دابەشکردنی هەنووکەیی شتەکانی بەرهەمهێنان لەخۆیەوە هەڵدەقوولێ. ئەگەر مەرجەکانی بەرهەمهێنانی ماددی بوو بە موڵکایەتی گشتی خودی کرێکارەکان، دابەشکردنی شتەکانی بەکاربردن وەک ئێستا دەگۆڕێ. سۆسیالیزمی عەوام (ولێوەوە بەشێک لە دیموکراتەکان) لە ئابووریستە بۆرژواکانەوە خووی ڕەچاوکردنی دابەشکردن و کۆڵینەوەی، وەک مەسەلەیەکی سەربەخۆ لە شێوازی بەرهەمهێنان وەرگرتووەو لە پاشاندا خووی وێناکردنی سۆسیایزم، وەک بڵێی سۆسیالیزم، لەبنەمادا، بەدەوری کێشەکانی دابەشکردن دەسوڕێ. پاش ئەوەی پەیوەندییە ڕاستەکان دەمێکە ڕشوونکرانەوە، ئیتر گەڕانەوە بۆ دواوەوە، سوودی چییە؟

4-(( دەبێ رزگاری کار، بەرهەمی چینی کرێکار بێ کە لەهەمبەریدا هەموو چینەکانیتر تەنها بارستەیەکی کۆنەپەرەستن))

دێڕی یەکەم لە پێشەکی دەستووری ئینەرناسیوناڵ وەرگیراوە، بەڵام بە داڕشتنیکی ((چاککراوەوە)) هاتووە. لە پێشەکی دەستووردا بەم

جۆره نووسراوه: ((دەبێ رزگاری چینی کرێکار کردەوه خودی کرێکران بێ))، بەڵام ئایا لێرەدا ((چینی کرێکار)) دەبینێ چ ئەرکێکی لەئەستۆیه بۆ رزگاری؟- ((کار))؟ ئەگەر دەتوانی، فەرموو لێی تێ بگە.

لەبەرامبەردا، ڕستەی خستنەپاڵی لێکدەرمان پێ دەڵێن کە لە قووڵایی سەرچاوەکانی لاسال وەرگیراون: (( (چینی کرێکار) کە هەموو چینەکانیتر لە ئاستیدا هیچ پێکناهێنن، تەنها بارستەیەکی کۆنە پەرەست نەبێ)).

لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا هاتووە: (لە ناو هەموو ئەو چینانەدا کە ئێستا ڕاستەوخۆ بەرنگاری بـۆرژوا بوونەتەوە، تەنها یەک چینیان بەڕاستی شۆڕشگێڕە کە ئەویش چینی پرۆلیتارە، هەموو چینەکانیتر لەگەڵ پەرەسەندنی صیشەسازیی گەورەدا دەڕووخێن و لەناودەچن، بەلام بە پێچەوانەی ئەمەوە، پرۆلیتیاریا بروبووی تایبەتی پیشەسازییە)

بەو شێوەیە لەو پەرەگرافەدا تەماشای بۆرژوازی دەکرێ-وەک هۆی پیشەسازی گەورە-وەک چینێکی شۆڕشگێر بە نیسبەت دەرەبەگ وتوێژە ناوەندییەکان کە دەیانەوێ هەموو ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە کە لە شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن ماوەتەوە، بۆ خۆیان بپارێزن.

کەواتە دەرەبەگەکان و وتوێژە ناوەندەکان لەگەڵ بـۆرژوازی، بارستەیەکی کۆنە پەرەستن نین.

لەلایەکی تـرەوە، دەبینین پرۆلیتاریا بەنیسبەت بۆرژوازییەوە، شۆڕشگێڕە، چونکە لەسەر بنەمای پیشەسازی گەورە پەروەردە، گەشەو گەورە بوو، مەبەستی ئەوەیە، مۆرکی سەرمایەداری لەسەر ئەو بەرهەمهێنانە کە بۆرژوازی دەیەوێ نەمری بکا، داماڵێ. بەڵام ((مانیفێستی کۆمۆنیستی)) ئەمەیش دەخاتە پاڵی و دەڵێ: ((توێژە ناوەندەکان)) لە چەشنێکی شۆڕشگێر دەجووڵێنەوە ((چونکە دەزانن بەو نزیکانەدا دەچنە ڕیزی پرۆلیتاریاوە)).

لەلایەکی ترەوە، تێکەڵوپێکەڵکردنە، لەبارەی توێژە ناوەندەکان بگوترێ، ئەوانە لەگەڵ بۆرژوازی و دەرەبەگەکاندا یەک (بارستەی کۆنە پەرست) پێکدەهێنن بەنیسبەت پرۆلیتاریاوە.

لەکاتی دوا هەڵبژاردنەکاندا، ئایا بە پیشەیی و پیشەسازییە بچووکەکان...هتدو جوتیاران گوترا: (ئێوە لەگەڵ بۆرژواو دەرەبەگەکاندا تەنها بارستاییەکی کۆنەپەرستن بەنیسبەت ئێمەوە، پێکدەهێنن))؟

لاسال، ((مانیفیستی کۆمونیستی)) لەبەربوو، وەک چۆن لایەنگرە متمانەدارەکانی، نووسراوە پیرۆزەکانی لەبەربوو. ئەگەر ((مانیفێستی کۆمونیستی)) بەو شێوە شڕۆڵەیە دەستکاری کردووە، ئەوا تەنها لەبەر ئەوە بوو، بیانوو بۆ هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ درەبەگ و ماهورەکاندا لەدژی بۆرژوازی، بهێنێتەوە.

سەرباری ئەو پەرەگرافەی سەرەوە، ئێستا ئەو ژیری لاسیالییەش کە تێدا هاتووە، پێدەچێ بە چەسپاندن، پێوەوەیان چەسپاندووەو بە هیچ شێوەیک بەو ئاماژەکردنە (نایابە) کە بەشێوەیەکی ناشرین لە دەستووری ئینتەرناسیونالەوە وەریانگرتووە، پەیوەندی نییە.

بەو شێوەیە ئێمە خۆمان لەبەردەم پڕۆییدا دەبینینەوە، لە ڕاستیدا، پڕۆییەکە قەت بەڕێز بسمارک ناڕەحەت ناکا، لەبەرامبەر توندییەک لەو توندییە هەرزانانە کە مارا بەرلین پێوەی ناسراو بوو.

-5(( وچینی کرێکار، یەکەم کار بۆ رزگاری خۆی دەکا لە چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکەی ئێستایدا، و باش ئاگادارە بەوەی، بەرئەنجامی پێویست بۆ ڕەنجەکانی کەوا کرێکارانی هەموو وەڵاتە شارستانییەکان تێدا بەشداری دەکەن، دەبن بە مایەی برایەتی گەلانی جیهان)).

بە پێچەوانەی ((مانیفێستی کۆمونیستی)) و هەموو سۆسیالیزمی

ڕابردوو، لاسال لە تەسکبینترین بۆچوونی نەتەوایەتییەوە، بزووتنەوەی کرێکاری دەبینی. ئەوەتە، لەم بوارەدا، شوێن پێی هەڵدەگرن، پاش ئەوەی ئینتەرناسیونال کاری لەبەرچنوی ئەنجامدا! جگە لە منیفێست، بۆ ئەوەی چینی کرێکار بتوانێ بەگشتی خەبات بکا، دەبێ خۆی وەک چینێک ڕێکبخاو ڕێک، وەلاتەکەی گۆڕەپانی ڕاستەوخۆی خەباتەکەیە. هەر بۆیە، خەباتە چینایەتییەکەی، نەتەوەیی بوو، بەلام نەک وەک ناوەڕۆک ، بەڵکو وەک لە ((منفێستی کۆمونیستی)) هاتووە ((وەک شێوە)). بەڵام ((چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستایدا))، بۆ نموونە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیایە، کە بەهەمان شێوە لە ئاستی ئابووریدا، دەچێتە ناو ((چوارچێوەی)) بازاڕی جیهانییەوەو، لە ئاستی سیاسییدا دەچێتە ناو ((چوارچێوەی)) سیستێمی دەرەکییەوە وەڵاتانەوە. ئەگەر بەڕێکەوت یەکەم بازرگان ببینی، دەزانێ بازرگانی ئەڵمانی لەهەمان کاتدا، بازرگانییەکی دەرەکییە، و گەورەیی بەڕێز بسمارک لەوەدایە، جۆرێکی دیاریکراو لە سیاسەتی جیهانی پەیڕەوکردووە.

جا پارتی کرێکارانی ئەڵمانی، ئینترناسیۆنایستییەکەی بۆ چ ئاستیک کورتدەکاتەوە؟ لەسەر تێگەیشتنی ئەوەی کە بەرئەنجامی ڕەنجەکانی، دەبێتە مایە ((برایەتی گەلانی جیهان)). ئەم ڕستەیە لە کۆمەڵەی ئاشتی و ئازادی بۆرژوازی وەرگیراوەو مەبەستیشی، ئەوەیە، واتایەک بدا، یەکسان بێ لەگەڵ برایەتی جیهانی چینی کرێکار لە خەباتی هاوبەش دژی چینی دەسەڵاتدارەکان و حکومەتەکانی، بەڵام ئێمە یەک ووشەمان بەرچاوناکەوێ لەبارەی ئەرکە ئینتەرناسیونالیستییەکانی چینی کرێکاری ئەڵمانی! ئەمە هەموو پێشنیارەکانیانە بۆ چینی کرێکار تا لە دژ بۆرژوازییەکەی خۆیدا ڕاوەستێ کە برایەتییان لەگەڵدا سەزداوە لە دژی بـۆرژوازی هەموو وەڵاتەکانیتر و بۆ بەرهەلستیکردنی سیاسەتی بەڕێز بیسمارک کە لەسەر پیلانگێڕی نێودەوڵەتی ڕاوەستاوە!

هەروایشە، خولیایی بەنامەکە بۆ ئینترناسیونالیزم زۆر لە خوارەوەترە لە خولیایی ئینترناسیۆنالیستی حیزبی بازرگانی ئازاد. ئەم حیزبەش دەڵێ، کە سەرئەنجامی کارەکانی دەبێ بە ((برایەتی گەلانی جیهان))، بەڵام لەلانی کەمەوە شتێک دەکا بۆ بەجێهانیکردنی بازرگانی و هەرگیز بەوەش بەس ناکا کە هەموو گەلان بازرگانی لەگەڵ وەڵاتەکەی دەکەن.

لە هیچ بارودۆخێکدا چالاکی جیهانی چینی کرێکاری وەلاتە جیاجیاکان، لەسەر بوونی ((کۆمەڵەی کارگەرانی جیهانی)) ڕانەوەستاوە. ئەم ڕێکخستنە تەنها یەکەم هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی ئامێرێکی ناوەندی بەم کارە بدا، هەوڵدانێک بوو، سەرئەنجامێکی وای بەدەستەوەدا کە هەرگیز ناسڕێتەوە، ئەوەش بە هۆی ئەو ئاکاندانەی بڵاویکردەوە، بەلام لە پاش ڕوخاندنی کۆمۆنەی پاریسدا، چیتر نەدەکرا بەشێوە مێژوویە سەرتاییەکەیدا، بەو کارە هەستێ.

ڕۆژنامەکەی بیسمارک (نۆرددۆیتشە) زۆر لەسەر هەق بوو کاتێ بۆ ڕەزامەندی خاوەنەکەی ڕایگەیاند کە پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا لە بەرنامە نوێیەکەیدا، خولیایی ئینتەرناسونالیستی بە جێهێشتووە.

2

(( بە دەستپێکردن لەم بیروباوەڕانە، پارتی کرێکارانی ئەڵمانی بە هەموو کەرەستەیەکی یاساییدا هەوڵدەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد- و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی، لابردنی سیستێمی کرێ بە یاسای کرێی پۆڵایین-و- لەناوبردنی هەموو شێوەکانی چەوسانەوەو لەناوبردنی هەموو نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی)).

من لە پاشاندا دەگەڕێمەوە بۆ باسکردن لەبارەی دەوڵەتی ((ئازاد)).

کەواتە، لە دوارۆژدا دەبێ پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا بڕوا بە

((یاسای)) لاساڵی ((پۆڵایین)) بکەن! و بۆ ئەوەی وون نەبێ، قسەی حەلەق و مەلەق دەکەن لەبارەی (( لابردنی سیستێمی کرێ (دەبوایە بیانگوتایە: سیستێمی کاری کرێگرتە) بە یاسای کرێی پۆلایین)). هەڵبەت، ئەگەر من کاری کرێگرتە لاببەم، سروشتییە کە یاساکانیشی لادەبەم، جا ئەو یاسانە لە ((پۆڵا))بن یا لە ئیسفەنج. بەلام خەباتی لاسال لە دژی کار کرێگرتە خەریکە تەنها لەدەوری ئەم بەناو یاسایە دەسووڕێتەوە. هەر بۆیە، لە پێناو سەلماندنی ئەوەی کە زێکتەکەی لاسال سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دەبێ ((سیستێمی کرێ لەگەڵ یاسای کرێ ئاسنینەکەی)) لاببرێ، نەک بەبێ وی.

لەم ((یاسای کرێی پۆڵایینە))، هیچی بە لاسالەوە پەیوەندی نییە، تەنها ووشە ((پۆلایین)) نەبێ کە لە ((یاسا نەمرە پۆڵایینە گەورەکان)) کە غۆتە لە شیعری ((ئیلاهییاتْ))دا باسی دەکا. ووشەی ((پۆڵایین)) وەک ئیمزایەکە، ئیمانداره ڕاستەقینەکان یەکتر پێ دەناسنەوە. ئەگەر یاساکە بە ئیمزاکەی لاسالەوە قبووڵکرد، واتە بەو مانایە خۆی مەبەستییەتی، ئەو کاتە دەبێ بە بەڵگەکانییەوە قبووڵ بکەم. ئینجا بەڵگەکانی چین؟ وەک لانغە لەپاش مەرگی لاسال بە ماوەیەکی کورتْ، پیشانیدا: تیئۆی دانیشتوانی مالتۆسە (خودی لانغەش بڕوای پێدەکاتْ). بەلام ئەگەر ئەم تیئۆرییە درووستْ بێ، هەرگیز ناتوانم یاساکە هەڵەوەشێنمەوە، گەر سەدجاریش کریکرێگرتەش هەڵبوەشێنمەوە، چونکە ئەو کاتە یاساکە تەنها سیتێمی کاریکرێگرتە ناگرێتەوە و بەس، بەڵکو دەسەلاتدارێتی بەسەر هەموو سیسێمی کۆمەڵایەتی دەکا. ئەوە پتر لە پەنجا ساڵە ئابووریستەکان هەوڵدەدەن، ڕێکوڕەوان بە پشتبەستن بەو تیئۆرییە، بیسەلمێنن کە سۆسیالیزم، بەحکومی سرۆشتْ، پێناکرێتْ هەژاری هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو دەتوانی تەنها گشتی و بە یەکسانی کۆمەڵگە دابەشی بکا!

بەڵام هەموو ئەوانە، کێشەی سەرەکی نییە. بە گشت چاوپۆشینێک بۆ هەڵەی لاسال لە تێگەیشتنی یاساکە، پاشگەزبوونە بەڕاستی تورەکەڕەکە لەمەدایە:

لەو کاتەوە لاسال مردووە، ئەو تێگەیشتنە زانستییە لەناو حزبەکەمان بڵاوبووەوە کە دەڵێ، کرێی کار ئەوە نییە وەک دەردەکەوێت، واتە، بەها- یان نرخی- کار، بەڵکو تەنها فۆرمێکی دەمامەکدارە بۆ بەها -یا نرخ-ی هێزی کار. ئا بەم شێوەیە بەجارێک تێگەیشتنی بۆرژوازی لەبارەی کرێی کار فڕێدرا و لەمان کاتیشدا هەموو ئەو ڕەخنانە کە لە ڕابردوودا ئاراستەی ڕوون و ئاشکرابوو کە کرێکاری کرێگرتە تەنها ئەو مۆڵەتەی هەیە بۆ بژێوی خۆی کاربکات، واتە بژی، تا ئەو ڕادەیە بەخۆڕایی هەندێ کات بۆ سەرمایەداران کاربکات (هەر وا بۆ شەریکەکانی لە دەستکەوتنی زێدەبایی)، کە هەموو سیستێمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەنها بەدەوری ئەوەدا دەسووڕێتەوە، ماوەی ئەو کارە بەخۆڕاییەلە ڕۆژی کاردا درێژبکاتەوە یان بەرهەمهێنای کار زیادبکات، واتە ڕەنجدانێکی زیاتر لەلایەن هێزی کارەوە...هتد، و لەدواییدا سیستێمی کاری کرێگرتە، سیستێمی کۆیلایەتییە، کۆیلایەتییەکە کە چەندی هێزی بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی گەشەبکا، ئەویش یەقەت وی سەخت و دژوار دەبێ، کرێکارەکانیش چ کرێیەکی باش یا خراپ وەرگرن. پاش ئەوەی ئەم تێگەیشتنە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەناو حزبەکەمان زیاتر بڵاودەبووەوە، مرۆڤ بۆ دۆگماکەی لاسال دەگەڕایەوە، لەکاتێکدا دەبوایە بزانن کە لاسال نەیدەزانی کرێی کار چییە وەک ئابووریستە بۆرژواکان پێی وابوو کە ڕەواڵەتی شت، دەقاودەق خودی شتەکەیە.

چما کۆیلەکان ئەو کاتە شۆرش دەکەن، کاتێ نهێنی کۆیلەبوونیان ئێدەگەن و کۆیلەیەک کە لەناو ئێڕوانینە ڕزۆکەکاندا دەبینێتەوە لە لەسەر

بەرنامەی شۆڕش دەنووسێ: دەبێ کۆیلایەتی هەڵوەشێنەوە، چونکە بەخێوکردنی کۆیلە لە چوارچێوەی سیستێمی کۆیلایەتی ناتوانێ سنووری دیاریکراوی بەرزاییەکی نەوی تێپەڕێنێت!

تەنها ئەو ڕاستییە کە نوێنەرانی حزبەکەمان توانایان هەبوو، تاوانێکی ئەوەندە ترسناک لەسەر ئەو تێگەیشتنە بەرفراوانەی نێو جەماوەری حزبمان بکەن، دەیسەلمێنێ لە چ خەتاباریيەکی تاوانبار و بێ ویژدانییەکەوە هەستاون بە داڕشتنی ئەم بەرنامە سازشکارییە!

لەبری ئەو داڕشتنە تەماوەییە کە بەم پەرەگرافە تـەواو دەبێ: ((لەناوبردنی هەموو نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی))، دەبوایە بیانگوتبا لەگەل هەڵوەشاندنی جیاوازییە چینایەتییەکاندا، هەموو ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە لە خودی خۆیانەوە لەناودەچن.

3

(( لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ چارەسەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا داوادەکا، هەرەوەزی بەرهەمهێنەرانە بۆ کۆمەکی دەوڵەت و لەژێر چاودێری دیموکراسییانەی گەلی کارگەردا، دابمەزرێ. دەبێ دامەزراندنی هەرەوەزی بەرهەمهێنەرەکان لەبواری پیشەسازی و گشتوکاڵی بەو بەرفراوانییەدا بێ کە لێوەوەی ڕێکخستنی سۆسیالیستی بۆ کارکردنی گشتی درووست ببێ)).

پاش ((یاسای کرێی پۆڵایین)ی لاسال، کە تریاقی پێغەمبەرانە! بە خۆشیان هەڵدەستن بۆ شێوەیەکی شایستە بە ((ڕێگاخۆشکردن)) بۆ ئەم تریاقە.

لە جیاتی خەباتی چینایەتی باڵادەست، دێڕگەلێک کە شایەنی ڕۆژنامەوانێکی خراپە وەک ((زەمینەخۆشکردن)) بۆ ((چارەسەرکردنی))

((کێشە کۆمەڵایەتییەکان))مان بۆ بڵاودەکەنەوە. لەبری ئەوەی ((ڕێکخستنی سۆسیالیستی کاری گشتی)) لە دەرئەنجامی کۆڕینی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵگەوە بێنەکایەوە، بە ((کۆمەکی دەوڵـەت))ەوە دێنەکایەوە، لەم کۆمەکە کە دەوڵەت بە کۆمەڵە بەرهەمهێنەراکان دەیداو ڕێک بەخۆی ((دروستیان)) دەکا، نەک کرێکاران. تەنها لاسال بە بوغرایی و خەیاڵی خۆی دەتوانێ بڕوا بەوە بکا کە دەکرێ، بەڕێگای کۆمەکی دەوڵەتەوە، بەهەمان ئەو سانابییەی هێڵی شەمەندەفەری نوێ درووستدەکرێ، کۆمەڵگەی نوێ دادەمەزرێنێ!

لەبەر (پاشماوەی) هەستی حەیادا، ((کۆمەکی دەوڵەت)) لە ژێر چاودێری دیموکراسیانەی ((گەلی کارگەر))دا دادەنێن.

یەکەم، زۆربەی ((گەلی کارگەر)) لە ئەڵمانیا لە جووتیاران پێکهاتوون نەک لە پرۆلیتارییەکان.

دووهـەم، ووشەی ((دیموکراسی)) بە ئەڵمانی واتە ((دەسەڵاتی گەل)). لەم حاڵەتەدا واتای ((چاودێری گەلی کارگەر بەڕێگای دەسەلاتی گەل)) مانای چییە؟ و بەتایبەتی بۆ گەلێکی کارگەر کە ئەم داواکارییە پێشکەش بە دەوڵەت دەکا و لە دواییدا دانداەنێ بەوەی کە دەسەڵات ناگرێتەوە دەست و هێشتا بەوەش نەگەیشتووە، دەسەلاتدارییەتی بکا!

لێرەدا، هیچ پێویست ناکا باسی ئەو ڕەخنەیە بکەین بکەین لەو وەسبە کە بوغس لە سەردەمی (لویس فیلیب)دا، بە پێچەوانەو لە دژی سۆسیالیستە فەرەنسییەکان بوو و لەلایەن کرێکارە کۆنە پەرەستەکانی (لاتیلیە) پشتیوانی لێ کرا. کارەساتە گەورەکە لەوەدا نییە کە ئەم چارەسەرە سەرسووڕهێنەرە دەگمەنە، لە بەرنامەکە هاتووە، بەڵکو ئەو پاشگەزبوونەوە گشتییەیە لە تێگەیشتنی بزووتنەوەی چینایەتییەوە بۆ تێگەیشتنی بزووتنەوەیەکی دوورە پەرێزایەتی.

کاتێ کارگەران هەوڵدەدەن بۆ ئامادەکردنی مەرجەکانی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگە و لەسەرەتادا لەسەر ئاستی نیشتمانی لە وەڵاتەکەیان، بڕەخسێنن، ئەوە تەنها مانای ئەوەیە، لەپێناوبەپاکردنی وەرچەرخان لە مەرجەکانی بەرهەمێهێنانی ئێستایاندا خەباتدەکەن. ئەمەش هیچ پەیوەندی بە دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی بە کۆمەکی دەوڵوتەوە نییە! بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی ئێستاوە هەیە، ئەوا بەهاکەیان تەنها بەقەد سەربەخۆییەکەیانە لە دەوڵەت و بەرهەمی خودی کرێکاران بێ و لە لایەن حکومەت و بۆرژوازییەوە نەپارێزرێ.

4

ئێستا ئیتر باسی بەشە دیموکراسییەکەی دەکەم:

ا-((بنەمای ئازادی دەوڵەت))

A-یەکەم: بەپێی ئـەوەی لە کەرتی دووهەمدا هاتووە، پارتی کرێکارانی ئەڵمانی هەوڵدەدا بۆ جێبەجێکردنی ((دەوڵەتی ئازاد)).

دەوڵەتی ئازاد- ئەمە مانای چییە؟

هەرگیز ئامانجی ئەو کرێکارانە کە لە بیرتەسکی ژێردەستەیی و کەساسی رزگارییان بووە ئەوە نییە، دەوڵەت ئازاد بکەن. ((دەوڵەت)) لە ڕایخی ئەڵمانیدا، خەریکە ((ئـازاد)) ییەکەی وەک ڕووسیای لێ بێ. ئازادی ئەوەیە، دەوڵەت لە ئامێرێکەوە لە سەرەوەی کۆمەڵگەوە بگۆڕدرێ بۆ ئامێرێک بە تەواوەتی لە ژێر ڕکێفی ئەو کۆمەڵگەیەوە بێ و هەر لەمڕۆشماندا شێوەکانی ئازادی دەوڵەت زیاد یا کەم ئەوەندەیە، چەندی سنوور بۆ ((ئازادی دەوڵەت)) دادەنرێ.

پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا-لەلانی کەمەوە، ئەگەر ئەم بەرنامەیە هەڵبگرێ-، ئاستی نوقسانی تێگەیشتنی لە سۆسیالیزمان بۆ دەردەخا،

لەبری ئەوەی کۆمەڵگەی ئێستا-ئەم بۆچوونە بۆ کەمەڵگەکانی داهاتوویشدا درووستە-بە ((بنچینەی)) دەوڵەتی ئێستا دابنێ، (یان کۆمەڵگەی داهاتوو بە بنچینەی دەوڵەتی داهاتوو) دابنێ، بە پێچەوانەوە، دەوڵەت بە واقعێکی سەربەخۆ دادەنێ کە (( بنچینەی ڕۆحی و ئەخلاقی و ئازادی))ی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەوجا بەرنامەکە بە شێویەکی شڕ ووشەی ((دەوڵەتی ئیمڕۆ)) و (( کۆمەڵگەی ئیمڕۆ)) بەکاردەهێنێ و هەروا بە هەڵە و زبریش لەو دەوڵەتە تێگەیشتووە کە داخوازییەکانی بۆ پێشکەشدەکا!

((کۆمەڵگەی ئیمڕۆ))، کۆمەڵگە سەرمایەدارییە کە لە هەموو وەڵاتە شارستانییەکاندا بوونی هەیە و تا ئەم یا ئەو ڕادەیە لە توخمەکانی سەددە ناوەڕاستەکاندا پاکژ بووە و تا ئەم یا ئەو ڕادەیە تایبەتمەندییەکانی پەرەسەندنی مێژوویی لە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانە ڕاستیکردووەتەوەو تا ئەم یا ئەو ڕادەیە گەشەیکردووە. ئەمما ((دەوڵەتی ئیمرۆ))، بە پێچەوانەوە لەگەڵ سنوورەکاندا دەگۆڕێ. لە ئیمپراتۆرییەتی بڕووسی-ئەڵمانیا شێوەیەکی ترە لەوەی سویسرا، لە ئینگلستانیشدا جیاوازە لەوەی لە ئایالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. کەواتە ((دەوڵەتی ئیمرۆ)) تەنها خەیاڵێکە لە خەیاڵەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتە جیاجیاکانی وەڵاتە شارستانییەکان، سەرەڕای فۆرمە جیاوازەکانیان، هەموویان مۆرکێکی هاوبەشیان هەیە، ئەوەش ئەوەیە لەسەر زەمینی کۆمەڵگەی بۆرژوازی هاوچەرخدا دامەزراون کە تا ئەم یا ئەو ڕادەیە گەشەی سەرمایەداریان کردووە. لەبەر ئەوەیە لەهەندێ خەسڵەتی کاکڵەیدا هاوبەشن. ئێمە بەم مانایە، دەتوانین لەبارەی ((دەوڵەتی ئیمڕۆ)) بدوێیین، بە پێچەوانەی دەوڵەتی دواڕۆژ کە ڕەنگەکەی ئێستایدا کۆمەڵگەی بۆرژوازییە و لەنێودەچێ.

پاشان ئەم پرسیارە دادەنرێ: چ گۆڕانکارییەک بەدیدێ لەسەر دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی؟ بە ووشەیەکی تر: چ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی ئەرکی ئێستای لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دەمێنێتەوە؟ تەنها زانست دەتوانێ وەڵام بە پرسیارە بداتەوەو کێشەکە بە قەت بازدانی کێچ بۆ پێشەوە نابەین ئەگەر بە هەزار شێوە ووشەی ((گەل)) لەگەڵ ووشەی ((دەوڵەت)) گۆبکەینەوە.

لەنێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، قۆناغی گۆڕینی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی هەیە. ئەم قۆناغە، قۆناغی گواستنەوەیەکی سیاسی بۆدەگونجێ کە دەوڵەتەکەی ناکرێ شتێکی تر بێ جگە لە دکتاتۆرییەتی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریا.

بەڵام بەرنامەکە نە باس لە مەسەلەی ئەم دکتاتۆرییەتە دەکا و نە لە سرووشتی دەوڵەتی داهاتووی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی.

داخوازییە سیاسییەکانی بەرنامەکە هەر دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو داخوازییە دیموکراسییەیانەیە کە هەموو کەس دەیزانێ: دەنگدانی گشتی، یاسادانانی ڕاستەوخۆ، مافەکانی گەل، چەکدارکردنی گەڵ...هتد ئەم داخوزییانەش تەنها دەنگدانەوەی حیزبی گەلی بۆرژوازیە بەناوی کۆمەڵەی ئاشتی و ئازادی؟ هەموو ئەو داخوازییانەش بە قەت ئەوەی سنووری فەنتازیا تێنەپەڕێنن، جێبەجێکراون. بەڵام ئەو دەوڵەتەی کە جێبەجێیانی کردووە لە ناو سنووری دەوڵەتی ئەڵمانیادا نییە، بەڵکو لە سویسرا ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا...هتد ئەم جۆرە ((دەوڵەتی دواڕۆژ))، سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی ((چوارچێوەی)) ئەڵمانیایە، هەر دەوڵەتی ئێستایە.

بەڵام ئەوانە یەک شتیان لەبیرچووە. لەبەر ئەوەی حیزبی کرێکارانی ئەڵمانیا بە ڕوونی و ڕاستگۆییەوە ڕایدەگەیەنێ کە لە ناو ((دەوڵەتی نەتەوەیی ئیمڕۆدا)) و دەوڵەتە تایبەتییەکەیدا کاردەکا، واتە ئیمپراتۆرییەتی بڕووسی - ئەڵمانیا، دەنا زۆربەی داخوازییەکانی، شرۆڵەبوون، چونکە مرۆڤ ئەو کاتە داواکاری پێشکەش دەکا، کاتێ ئەو شتانەی نییە،- کەواتە دەبوایە ئەم خاڵە سەرەکییە قەت لەبیر نەکردبا، مەبەستم هەموو ئەو شتە جوانانە کە پێویستی بە داننانە بەوەی ناوی دەسەڵاتدارییەتی گەلە و تەنها لە کۆمارێکی دیموکراسی شوێنی دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەوانە بە گوێرەی پێویست ئازادییەتیان ەبوو- دەستیان خۆشبێت، چونکە بارودۆخەکە پێویستی بە وریایی هەیە - داوای کۆماری دیموکراسی بکەن، وەک چۆن کرێکارە فەرەنسییەکان لە سەردەمی لویس فیلیب و لوبس بۆنابەرتدا، بە بەرنامەوە ئەنجامیاندا، بۆیە لەو کاتەشدا نەدەبوو پەنا بۆ فێڵە ببەن کە نە فێڵێکی ((شەریفە)) و نە لێوەشاوەیە، واتە داواکاری شتگەلی کە هیچ مانایان نییە تەنها لە کۆمارێکی دیموکراسی نەبێ و ئەو داخوازییانەش لە دەوڵەتێک دەکەن کە تەنها ملهۆڕییەکی سەربازییە کە بە شێوەیەکی بیرۆکراتی درووستکراوە و بە ڕێگای پۆلیسیانە پارێزراوە و بە شکڵی پەرلەمانی سوورووسپیکراوە و تێکەڵە بە توخمگەلی دەرەبەگایەتییەوە، و لە هەمان کاتیشدا لە ژێر کارتێکردنی بۆرژوازییە. هەروا سەرباری ئەوانە، نەدەبوو بەو شێوە بەڕێز و حورمەتییەوە، قەناعەت بەم شێوە دەوڵەت بکەن، کە دەیانەوێ بە ((ئامرازگەلی شەرعییانە))وە شتگەلێکی هاوچەشنیان لێ دەستبکەوێ!

تەنانەت خودی دیموکراسی شڕۆڵە کە بەهەشتەی سەرزەمینی لە کۆمارێکی دیموکراسی دەبینێ و پێیان وانیە، خەباتی چینایەتی دەبێ

چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە بە هێزی چەک لە سێبەری ئەم شێوە دەوڵەتە کە باسمان کرد لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی، تەنانەت خودی ئەم دیموکراسییەش زۆر لەم دیموکراسییە بەرتەسکراوە بەرزترە کە لە چوارچێوەی ئەوەی پۆلیس ڕێگەی پێدەدا و ئەوەی لۆژێک یاساغی دەکا.

جا ئەگەر مرۆڤ بە کردەوە لە وشە ((دەوڵـەت))، دەمودەزگای حکومەتی تێبکات یا دەوڵەت وەک پێکهاتەیەک کە بە هۆی دابەشکردنی کار، ئامێرێکی تایبەتمەندو وجودا لە کۆمەڵگەیە، ئەوا لەم خوارەوە ڕووندەبێتەوە: (حیزبی کرێکارانی ئەڵمانی داوای ئەوە دەکات: بنچینەی ئابووری دەوڵەت بریتی بێ لە باجوەرگرتنی یەکگرتووی ڕووەو هەڵکشان لەسەر داهات))..هتد... باجوەرگرتن هیچی تر نییە، غەیری بنچینەی ئابووری بۆ ئامێری حکومەت. ئەم داخوازییە تا ڕادەیەک لە دەوڵەتی دواڕۆژ کە لە سویسرا هەیە، جێبەجێکراوە، پێشمەرجی باجوەرگرتن لەسەر داهات پێویستی بە سەرچاوەی داهاتە کە بە قەت جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان، جیاوازن، واتە پێویستی بە کۆمەڵگەی بۆرژوازی هەیە. کەواتە پێویستی بە سەرسوورهێنان ناکا ئەگەر بانگەوازکەرانی ڕیفۆمکاری دارایی لە لیڤرپول- کۆمەڵی بۆرژوازین و لە سەری سەریانەوە براکەی گلادستون- هەمان ئەو داخوازییانە دارشتووە کە لە بەرنامەکەدا هەیە.

ب- (( پارتی کرێکرانی ئەڵمانیا داوادەکا، بنچینەی ڕوحی و ڕەوشتی دەوڵەت بریتی بێ لە :1- پەروەردەی گەلێنی گشتی و یەکسان بۆ هەموو بە ڕێگای دەوڵەتەوە. سەپاندنی چوونە قوتابخانە و فێربوون بە خۆڕایی.))

پەروەردەی گەلێنی (شەعبی) یەکسان بۆ هەموو؟ مەبەستمان چییە لەو ووشانە؟ ئایا پێیان وایە پەروەردە لە کۆمەڵگەی ئێستادا (مەبەستێکی تریان نییە، جگە لەم کۆمەڵگەیە) دەکرێ بۆ هەموو چینەکان یەکسان

بێ؟ یان دەیانەوێ چینەکانی باڵا بە زەبر، ئەم جۆرە پـەروەردە بێلافە وەربگرن، واتە قوتابخانەی گەلێتی کە تەنها نەک لە گەل بارودۆخی ئابووری کرێکارە کرێگرتەکان دەگونجێ، بەڵکو هەروا لەگەڵ بارودۆخی ئابووری جووتیارەکانیشدا دەگونجێ؟

((بەناچارکردنی چوونە قوتابخانە. پـەروەردەی بە خۆڕایی)). داخوازی یەکەم تەنانەت لە ئەڵمانیاشدا هەیە، و دووهەمەکەیشی، ئەوەی پەیوەستی بە قوتابخانەی گەلێتییەوە هەیە، لە سویسرا و ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. ئەگەر فێرکاری لە دەزگاکانی فێرکردن لە دەزگاکانی فێریاری دواناوەندی لە هەندێ ئەیالاتەکانی ئەیالاتە یەکگرتووەکاندا بە ((بەخۆڕایی))ە، ئەوا بە کردەوە مانای ئەوەی، چینە باڵاکان، خەرجی پەروەردەکردنەکەی لەو باجوەرگرتنە کە لە هەموو وەردەگیرێ، خەرجدەکا. بە لابەلایی دەڵێین مەسەلەکە هەمان شتە لەبارەی ((بە خۆڕاییکردنی دادوەری)) کە لە بەندی پێنجەم، بەشی ا، داواکراوە، لە هەموو شوێنێکدا. دادوەری سزادان، بەخۆڕاییە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەری تسیڤیل، بەگشتی تا ڕادەیەک، هەموو ململانییەکان لەبارەی موڵکدارییەتی دەگرێتەوە، بۆیە بەتەواوی تا ڕادەیەی پەیوەستی بە چینە موڵکدارەکانەوە هەیە. ئایا پیشنیاری لەسەر دەکەی، بەدوای کێشەکانی لەسەر حیسابی ماڵوموڵکی گەل بکەوێ؟

لەو پەرەگرافەدا لەبارەی قوتابخانەوە، دەبوایە لەلانی کەمەوە، داوای دامەزراندنی قوتابخانەی تەکنیکی ((تیئۆی و عەمەلی)) لە پەیوەند بە قوتابخانەی گەلی، بکەن.

ئـەوەی زۆر ناپەسەند بێ، داواکـاری (( پـەروەردەی گەلی بە ڕێگای دەوڵەتەوە)).

داڕشتنی یاسایەکی گشتی بۆ دیاریکردنی حەرجی قوتابخانە گەلییەکان و مامۆستای لێهاتوو، کەرەستەی فێرکاری ...هتد و چاودێری جێبەجێکردنی

ئەم بڕیارە یاساییانە بە ڕێگای چاودێرانی دەوڵەتەوە وەک لە ئەیالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەنجامدەدرێ، زۆر جیاوازە لەوەی دەوڵەت بکرێ بە پەروەردەکەری گەڵ! بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێ قوتابخانە لە هەر کارتێکردنی میری و ئاینیدا دووربخرێنەوە. بێگومان، لە ئیمبراتۆرییەتی بڕوسی - ئەڵمانیا (هیچ کەس پەنا بۆ ئەم دەربازە پوچە نابا کاتێ باس لە ((دەوڵەتی دواڕۆژ)) دەکرێ: بینیمان مانای ئەوە چییە) دەبێ دەوڵەت بەخۆی زۆر بەتوندی لەلایەن گەلەوە پەروەردە بکرێ.

ئـەرێ، سـەرتـاپـای بـەرنـامـەکـە، ســەرەڕای هـەمـوو تەقەتەقە دیموکراسیانەکەی، پڕە لە بڕوای کەساسیانەی دەستەی لاسال بۆ دەوڵەت، یا لەوەی کە باشتر نییە، بڕوایا بە ئاجبایەتییەکانی دیموکراسی و، بگەرە لەوەش زیاتر، بەرنامەیەکە بۆ سازشکاری لە نێوان ئەو دوو ڕەوتە و هەردووکیشیان لە سۆسیالیزمەوە دوورن.

((ئازادی زانست))- لەیەکێک لە پەرەگرافەکانی دەستووری بڕووسیا نووسراوە. بۆچی لێرەشدا دەیبینین؟

((ئـازادی ویـژدان))! ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێ، لەم ڕۆژنـەدا درووشمە کۆنەکانی خەباتی کلتووری لیبڕالیستەکان وەبیریان بهێنێتەوە، ئەوا تەنها بەم شێوەیە دەکرێ: دەبێ هەر کەسێک بۆی هەبێ پێداویستە ئاینی و جەستەییەکانی پڕبکاتەوە، بەبێ ئەوەی پۆلیس خۆی لەو بابەتانە تێگەڵ بکا. بەڵام دەبوو پارتی کرێکاران ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوەو هۆشیارییەکەی لەبارەی ((ئـازادی ویـژدان)) بـۆرژوازی دەرببڕێ کەوا هیچیتر نییە جگە لە مۆڵەتدان بە هەموو شێوەیەکی ئازادی ویژدانی بیروڕای ئاینی و، بە پێچەوانەوە، دەبوایە زیاتر هەوڵ بدەن بۆ ڕزگارییوون لە خەباتی ئاینی. بەڵام ئەوانە حەزناکەن ئاستی ((بۆرژوازی)) ببەزێنن.

من ئێستا وا دەگەمە کۆتاییەکەی، چونکە پاشکۆی بەرنامەکە بەشێک لە جەوهەرەکەی پێناهێنێ، بۆیە لێرەدا تێبینییەکانم تەنهابە کورتی دەردەبڕم:

2- ((ڕۆژی کاری سرووشتی)).

هیچ حزبێکی کرێکاری لە دنیا، داخوازییەکی ئاوا ناڕۆشن، داواەکردووە، بەڵکو بە وردی ماوەی کاتی کارکردنی دیاریکردووە کە لە بارودۆخی دیاریکراودا بە ئاسایی زانیوە.

3- (سنووردانان بۆ کاری ژنان و قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان))

دەبێ دیاریکردنی ڕۆژی کارکردن، سنوردانان بۆ کاری ژنانیش بگرێتەوە، چونکە پەیوەندی بە ماوەی کارکردن و پشووادنەوە هەیە... هتد، دەنا ئەم دیاریکردنە مانای ئەوە دەدا، کارکردنی ژنان، لەو کەرتە پیشەسازییانە کە زیانی بۆ تەندەرووستی یا بدەڕەوشتیان دەکا لەبەر ئەوەی ژنن، قەدەغە بکرێت. ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە، ئەوا دەبوایە واشیان بگوتابا.

((قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان))! لێرەدا زۆر پێویست بوو، تەمەن دیاری بکەن.

قەدەغەکردنی گشتی کاری منداڵان، لەگەڵا بوونب پیشەسازی گەورە ڕێک ناکەوێ، بۆیە تەنها هیوایەکی بەتاڵ و دوورە.

جێبەجێکردنی ئەم داخوازییە-ئەگەر بکرێ-، کارێکی کۆنەپەرەستانەیە، چونکە ئەگەر دیاریکردنێکی وورد بۆ ماوەی کار بە گوێرەی تەمەن و چارەسەرکارییەکانی تر بۆ پاراستنی نداڵان، دابین بکرێ، ئەوا پەیوەندی پیشوەختانەی کاری بەرهەمهێنەرانە لەگەڵ وانەکاندا، یەکێکە لە ئامرازەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵگەی ئێستایە.

4-((چاودێر فابریک، وەرشو پیشەسازی نێوماڵ لەلایەن دەوڵەتەوە))
لەبەرامبەر دەوڵـەتـی بڕوسی -ئەڵمانیادا، دەبوایە داوابکەن، چاودێران، تەنها بەڕێگای دادگار لەسەرکار لاببرێن، هەر کرێکارێک دەتوانێ چاودێران لەبەر ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان، ئاگاداری دادگا بکا، چاودێران دەبێ خاوەن بڕوانامەی پزیشکی بن.
5- ((ڕێکخستنی کاری ناو زیندانەکان)).
ئەمە داخوازییەکی زۆر بچوکە لە بەرنامەی گشتی پارتێکی کرێکاری. بەهەر حاڵ، دەبوایە بە روونی بگوتبا کە کرێکاران لە ترسی کێبڕکێدا، نایەنەوێ تاوانبارانی مافی گشتی وەک ئاژەڵ مامەڵە بکرێن و لە تاقە ئامرازی چاکبوونەوەیان، بێ بەش نەکرێن، واتە لە کاری بەرهەمهێنەر. بە دڵنیاییەوە، ئەمە بچووکترین شتە کە لە سۆسیالیستەکان چاوەڕوان دەکرێ.
6- ((یاساکایەکی بەکار لەبارەی بەرپرسیارییەتی))
دەبـوایـە مەبەستیان لـەبـارەی یاسایەکی ((بـەکـار)) لەبارەی بەرپرسیارییەتی، ڕوون بکەنەوە.
هەروا تێبینییەکی سەرپێی: لە پەرەگرافی ڕۆژی کاری ئاسایی، بەشی یاسای فابریکەکان کە بەندە بە چارەسەری تەندەرووستی و خۆپاراستن لە کارەساتەکان...هتد، لەبیرکراوە. یاسای بەپرسیارییەتی لە کاتی پێشێلکردنییدا، کارییێدەکرێ. ( بە کورتی، ئەو پاشکۆیەش بەشێوەیەکی زۆر خراپ دارێژراوە).
Dixi et salvavi animam meam*

لە مانگی چوار- تا سەرەتای ئایار ساڵی 1875 نووسیویەتی و بەگوێرەی دەستنووسە ئەڵمانییەکەی بڵاوکراوەتەوە

*واتە: گوتم و خۆمم ڕزگارکرد.

dwaroj@yahoo. de

Marx/engels, ausgewaehlte werke, s382402– band iv, dietz verlag berlin1978

**تێبینی:**

دەبوایە پێشەکییەکەی ئەنگلس و نامەکەی مارکس بۆ (ڤیلهێلم براکە) کە لە پەیوەست بە بۆچوونی هەردووکیان لەبارەی بەرنامەکە، وەبگێڕایە، بەڵام، بە باشم زانی، ئەم کاتە بۆ وەرگێڕانی نووسینەکەی ئەنگلس(ڕۆڵی زەبروزەنگ لە مێژوو) تەرخان بکەم. لەم کاتە، ناتوانم تووڕەیی و بێزاریم لەو پرۆفیسۆر، دکتۆر و کادرە کۆمۆنیستانە دەرنەبڕم کە زاڵبوون بەسەر زمانی کوردی، ڕووسی ئەڵمانی و زمانەکانی تر، بەڵام لەلایەنی کەمەوە، هیمەتێکیان نەکرد، بەشێک لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس بۆ کوردی وەربگێڕن.

ئێوە هەر کییەک بن و هەر چییەکم پێدەڵێن، درێغی مەکەن، لەناخی دڵمەوە، نەفرەتان لێ بێ، زەحمەتیشە مێژوو لە ئێوە خۆشبێت!

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون به ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون به قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون به بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون به کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون به سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون به سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون به ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون به یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون به درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |